حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەشی کۆمەڵناسی

# ئاستەنگە کۆمەڵایەتییەکانی پێش ژنانی خاوەن کار

## ( توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری سلێمانی )

**نامەیەکە خوێندکار**

**ئاڤان فواد فقێ صالح**

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە ، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە کۆمەڵناسیدا.

**بە سەرپەرشتی**

**پ.ی.د ژیا عباس قادر**

٢٧٢٢ک　　　١٤٤٣ هـ　　　٢٠٢٢ز

# ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیەی خوێندکار(ئاڤان فواد فقێ صالح )بە ناونیشانی ( ئاستەنگە کۆمەڵایەتیەکانی بەردەم ژنانی خاوەن کار ) بە چاودێری ئێمە لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان / زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە ، بەشێکە لە پێویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەرلە کۆمەڵناسیدا ، پێشنیار دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت .

واژۆ:
سەرپەرشتیار: پ.ی.د .ژیا عباس قادر
پلەی زانستی : پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ڕێکەوت : / / 2022

بەپێی ئەم پێشنیازە ، ئەم تێزە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:
سەرۆکی بەش: د.ئەمیر خودا کرم محمد
پلەی زانستی :پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ڕێکەوت : / / 2022

# ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ ، ئەم نامەیەی خوێندکار (ئاڤان فواد فقی صالح ) بە ناونیشانی (ئاستەنگە کۆمەڵایەتیەکانی بەردەم ژنانی خاوەن کار ) خوێندۆتەوەو گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کردووە، بڕیارماندا بە پلەی (              ) بڕوانامەی ماستەر لە کۆمەڵناسیدا پێ ببەخشرێت .

واژۆ :
ناو :
پلەی زانستی:
سەرۆکی لیژنە :
ڕێکەوت:          /     / ٢٠٢٢

واژۆ:
ناو :
پلەی زانستی:
ئەندام :
ڕێکەوت :     /     /٢٠٢٢

واژۆ :
ناو :
پلەی زانستی:
ئەندام:
ڕێکەوت:          /     / ٢٠٢٢

واژۆ:
ناو :
پلەی زانستی:
ئەندام :
ڕێکەوت :     /     /٢٠٢٢

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان/زانکۆی سلێمانی – پەسەند کرا

واژۆ:

ناو: پ.ی.د. ابتسام اسماعیل قادر

ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان

ڕێکەوت:   /     /٢٠٢٢

## پێشکەشە بە

دایک و باوکی خۆشەویستم

هاوڕێی تەمەنم "هێمن"

جگەر گۆشەکانم " هەنێ و شەنێ"

# سوپاس و پێزانین

- سوپاس بۆ خوای گەورە کە تواناو تەندروستی پێبەخشیم بۆ تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە .
- سوپاس و پێزانین بۆ سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم (پ.ی.د. ژیا عباس قادر) بۆ پێدانی سەرنج و تێبینیە بەسودەکانی و ماندووبونی لەگەڵم هەر لە سەرەتای توێژینەوەکە هەتاوەکو کۆتایی و گەشتن بە ئەنجامەکان.
- سوپاس بۆ هەموو ئەو هاوڕێ و بەڕێزانەی لە هەر بوارێکی توێژینەوەکەدا هاوکارم بوون .

# (پێڕستی بابەتەکان)


| بابەت | پەرە |
|---|---|
| پێشکەش | ا |
| سوپاس و پێزانین | ب |
| پێڕستەکان | ج-د |
| پێشەکی | ١-٢ |
| **دەروازەی یەکەم : لایەنی تیۆری توێژینەوەکە** | **٣-٤٢** |
| **بەشی یەکەم : ڕەگەزە سەرەکیەکانی توێژینەوەکەو پێناسەی چەمکەکان** | **٥-١٦** |
| باسی یەکەم :ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە | ٥ |
| یەکەم : کێشەی توێژینەوەکە | ٥ |
| دووەم : گرنگی توێژینەوەکە | ٥-٦ |
| سێیەم :ئامانجەکانی توێژینەوەکە | ٦ |
| باسی دووەم : پێناسەی چەمک و زاراوەکان | ٧-٩ |
| یەکەم : ئاستەنگی کۆمەڵایەتی | ٧-٨ |
| دووەم : ژنی خاوەن کار | ٨ |
| سێیەم : ئیدارەدانی کار | ٨-٩ |
| باسی سێیەم : توێژینەوە هاوشێوەکان | ٩-١٦ |
| یەکەم : خستنە ڕووی توێژینەوە هاوشێوەکان | ١٠-١٥ |
| دووەم : گفتوگۆکردنی توێژینەوە هاوشێوەکان | ١٥-١٦ |
| **بەشی دووەم : ژنانی خاوەن کار (پاڵنەرو ئاستەنگەکانی)** | **١٨-٤٢** |
| مێژووی دەرکەوتنی ژنانی خاوەن کار | ١٨-٢٢ |
| باسی یەکەم : پاڵنەرەکانی کارکردنی ژنان و بوون بە ژنی خاوەن کار | ٢٢-٢٨ |
| یەکەم : پاڵنەری خودی | ٢٢-٢٤ |
| دووەم : پاڵنەری کۆمەڵایەتی | ٢٥-٢٦ |
| سێیەم : پاڵنەری ئابووری | ٢٧-٢٨ |
| باسی دووەم : شوێنەوارەکانی بوون بە ژنی خاوەن کار لەسەر خودی ژنان وخێزان و کۆمەڵگە | ٢٨-٣٦ |
| ١ .شوێنەوارە ئەرێنیەکانی کارکردنی ژنان | ٢٩-٣٢ |
| ٢ .شوێنەوارە نەرێنیەکانی کارکردنی ژنان | ٣٢-٣٦ |
| باسی سێیەم : ئاستەنگە کۆمەڵایەتیەکانی پێش ژنانی خاوەن کار | ٣٦-٤٢ |
| یەکەم : ئاستەنگی خێزانی | ٣٦-٣٨ |
| دووەم : ئاستەنگی کلتوری | ٣٨-٤٠ |
| سێیەم : ئاستەنگی کارگێڕی کار | ٤٠-٤٢ |

| **دەروازەی دووەم : لایەنی مەیدانی توێژینەوکە** | **١١٣-٤٥** |
| --- | --- |
| **بەشی سێهەم : چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە و ڕێو شوێنە مەیدانیەکان** | ١١٣-٤٥ |
| باسی یەکەم : چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە | ٩٦-٤٥ |
| یەکەم : میتۆدی توێژینەوەکە | ٤٥ |
| دووەم : کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | ٤٥ |
| سێیەم : نموونەی توێژینەوە | ٤٦ |
| چوارەم : بوارەکانی توێژینەوە | ٤٧-٤٦ |
| پێنجەم : ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری | ٤٧ |
| شەشەم: دەرهێنانی ڕاستێتی فۆرم | ٤٨-٤٧ |
| باسی دووەم : خستنەڕووی کەیسەکان | ٩١-٤٩ |
| باسی سێهەم : ئەنجامەکانی توێژینەوەکە | ٩٦-٩١ |
| باسی چوارەم: دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | ٩٦ |
| ڕاسپاردەو پێشنیازەکانی توێژینەوەکە | ٩٧ |
| سەرچاوەکان | ١٠٥-٩٩ |
| پاشکۆکان | ١١٣-١٠٧ |


## پێرستی پاشکۆکان


| ناونیشانی پاشکۆکان | لاپەرە |
| --- | --- |
| پاشکۆی (1) فۆرمی چاوپێکەوتنی ژنانی خاوەن کار | ١١١-١٠٧ |
| پاشکۆی (2) نوسراوی فەرمی ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی | ١١٢ |
| پاشکۆی (4) نوسراوی فەرمی هاوکاری زانستی بۆ یەکێتی ژنانی خاوەن کار | ١١٣ |

# پێشەکی

لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆرشی پیشەسازی کە کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر سیستەمی ئابوری کۆمەڵگە ئەوا شێوازی کارکردن لە کشتوکاڵیەوە گۆڕا بۆ پیشەسازی و چیتر کارەکان و ڕەوتی بەرەو پێشبردنیان  پێویستی بە هێزی بازوو نەبوو، بەڵکو گۆڕانی بەسەردا هات و زیاتر پێویستی بە دەست و پەنجەی وورد هەبوو ئەمە وایکرد کە خاوەن کارگەکان داخوازیەکانیان  لەسەر ژنان زیادی کرد بۆ ئەوەی بەکاریان بهێنن بۆ گەلێ کاری نوێ، ئەمەش سەرتایەک بوو بۆ هاتنە دەرەوەی ژنان بە لێشاو بۆ بازاڕی کارکردن و لە هەمان کاتدا چونە بەر خوێندن و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانیان، بەڵام ژنانی ئەمڕۆ توانیویانە خودی خۆیان بسەلمێنن و تواناکانیان بخەنە گەڕ لە ڕێگەی ئیدارەدانی کارو ئەو ستافەی لە ژێر دەستیان کاردەکەن ولەم ڕووەوە سەرکەوتنی بەرچاویان بەدەست هێنا، ئەم توێژینەوەیەش هەوڵێکە بۆ ناساندنی ژنانی خاوەن کار لە کۆمەڵگەی کوردی و ئەو ئاستەنگانەی کە خێزان و کلتور بۆیان دروست دەکات، بەو پێیەی توانیویانە لە ڕێگەی ئەم کارەیان لە وێنە تەقلیدیە باوەکەی کۆمەڵگە دەربچن لە کۆمەڵگە بۆیان وێنا کراوە، لە ماوەی چەندین ساڵی ڕابردوودا ئەوەی دەبینرێت تەنها ڕۆڵی ژنان بووە لە بەخێوکردنی منداڵ وبەڕێوەبردنی ماڵ و یان ئەگەر کارێکی کردبێت لە چوارچێوەی بازنەیەکی دیاریکراو بەرامبەر داهاتێکی مانگانە لەلایەن فەرمانگەیەکی حکومی بووە نەیتوانیوە سنور ببەزێنێت، بەڵکو بۆی هەبووە بەو ئاراستەیەدا کاربکات کە بۆی دیاریکراوە، تەنانەت ئەگەر کارێکی بکردایە  ئەوا کلتوری کۆمەڵگە هانیداوە هەندێک کاری دیاریکراو بکات وەک (پەرستاری – مامۆستا- بەرگدروو- چێشت لێنان )، واتەتەنها کارە خزمەتگوزاری و پەروەردەیەکان کاری ژنانەبون و پرۆژە گەورەکانیش لەلایەن پیاوانەوە قۆرخ کراوەو ژن بێبەشبووە لێی، هەر بۆیە ئەم توێژینەوەیە باس لەو ئاستەنگانە دەکات  پەیوەندی بە بارودۆخی ژنانی خاوەن کارەوە هەیە لە بەشداریکردنیان لە بازاڕی کارکردن و بوونیان بە خاونی کۆمپانیاو کارگە و داهاتەکەی تەنها بۆ خۆیان بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاستەنگ و بەربەستی کۆمەڵایەتی بۆتەوە،  بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانێکە بۆتێگەشتن لەو ژنانەی خاوەن کاری خۆیانن و چ ڕەنگدانەوەیەکی لە سەر ژیانیان دروست کردووە و ئەو ئاستەنگانە چیە ڕووبەڕویان دەبێتەوە ؟

بەشێوەیەکی گشتی تەواوی توێژینەوەکە دابەشکراوە بە سەر دوو دەروازەی سەرەکیدا (تیۆری و پراکتیکی ) دەروازەی تیۆری توێژینەوەکە دابەش دەبێت بەسەر سێ بەشی سەرەکیدا : بەشی یەکەم لەچەند باسێک پێک دێت، باسی یەکەم،  کێشەو گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە و لە باسی دووەم پێناسەی چەمکی بەکارهاتوو لە توێژینەوەکە دەگرێتەوە، لە باسی سێهەم و چوارەم توێژینەوەکانی پێشوو تیۆرەکان خراوەتەڕوو. لەبەشی دووەم بەهەمان شێوە چەند باسێک لەخۆدەگرێت، سەرەتا خستنەڕووی قۆناغە مێژوویەکانی سەرهەڵدانی ژنانی خاوەن کارو پاشان لە باسی یەکەم، پاڵنەرەکانی کارکردنی ژنان و بوون بە ژنی خاوەن کار،

لەباسی دووەم شوێنەوارەکانی بوون بە خاوەن کار لەسەر خودی ژن خۆی و خێزان و کۆمەڵگە ، لە باسی سێهەم ئاستەنگەکانی پێش ژنی خاوەن کار لە کۆمەڵگەی کوردی باسکراوە، دەروازەی دووەم کە لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکەیەو بەشی سێهەم لەخۆ دەگرێت، لەچەندباسێک پێک دێت، باسی یەکەم تایبەتە بە میتۆدۆلۆجی توێژینەوەکە و لەباسی دووەم خستنەڕووی کەیسەکان، پاشان لەباسی سێهەم دەرئەنجامی توێژینەوەکە دواتر ڕاسپاردەو پێشنیازەکان دەگرێتە خۆی، لە کۆتایشدا لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆکان دێت.

# دەروازەی یەکەم

# لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

# بەشی یەکەم

# ڕەگەزەسەرەکیەکانی توێژینەوەکەو پێناسەی چەمکەکان

## باسی یەکەم : ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە

یەکەم : کێشەی توێژینەوەکە

دووەم : گرنگی توێژینەوەکە

سێیەم : ئامانجی توێژینەوەکە

## باسی دووەم : پێناسەی چەمکەکان

یەکەم : ئاسەنگی کۆمەڵایەتی

دووەم: ژنی خاوەن کار

سێیەم : ئیدارەدانی کار

## باسی سێیەم : توێژینەوەکانی پێشوو

یەکەم : خستە ڕووی توێژینەوەکانی پێشوو

دووەم : گفتوگۆکردنی توێژینەوەکانی پێشوو

# بەشی یەکەم

# ڕەگەزەکانی توێژینەوەکەو پێناسەکردنی چەمکەکان

## باسی یەکەم : ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە

### یەکەم : کێشەی توێژینەوەکە

هەر دیاردەیەک یان بابەتێک یان ڕوداوێکی کۆمەڵایەتی توێژینەوەی لەبارەوە دەکرێت تایبەتمەندێتی خۆی هەیەو بریتییە لە بوونی کێشەیەک، ئەم جۆرە کێشەیە بە دەرکەوتنی پرسیار دەست پێدەکات کە وا دەخوازێت توێژەر بە دوای هۆکارەکانیدا بگەڕێت و شارەزا بێت بەڕادەی بڵاوبونەوەی ئەو کێشانە هەوڵبدات بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی بگاتە وەڵامی ئەو پرسیارانە (نورەیی ، ٢٠٢١ : ٢٥) .

بەپێی ئەو گۆڕانکاریە تەکنەلۆژی و ئایدۆلۆژیایەی بەسەر جیهاندا هات بێگومان ژنان وەک ڕەگەزێکی سەرەکی کۆمەڵگە بەدەرنەبوون لە شوێنەوارەکانی ئەم گۆڕانکاریەو بە تایبەت لە ڕووی دەرچونی لەو وێنە باوەی بۆی دەست نیشانکرابوو بەپێی کلتوری کۆمەڵگەکەی کە خۆی دەبینێتەوە لە چوارچێوەی چەند ڕۆڵێکی دیاریکراوی لەماڵدا ئەوانیش (دایک – هاوسەر – کەیبانوی ماڵ )، ئەگەر چی هەتا ئێستاش بۆچونەکان بۆ ژنان هەر لەو نێو خۆی خول دەخوات بەڵام ژنان بە هەوڵ و ماندووبونی خۆیان توانیان ئەو سنوور و کۆت و بەندە بشکێنن و بە ناوی ئەوەی کارێکی پیاوانەیەو ژن ناتوانێت ئەنجامی بدات، ئەگەر چی ئاسان نەبوو بۆ ژنان سەرەڕای هەموو ئەو گۆڕانکاریانەش لە دۆزی ژناندا ڕوویدا، چونکە کارکردن لەسەر خواست و ئارەزووی خۆیان نەبوو لە ڕێگەی کلتورێکی نێر سالاریە کە هەموو سیستەمەکانی کۆمەڵگە لە دژیەتی ئەمە بێگومان قورس بوو بە بەراورد بە هاوپیشە پیاوەکانی بۆ هەمان کارو پیشە، هەر لەبەر ئەمەشە ئەم بابەتە بۆتە جێگەی پرسیار لای توێژەر هەوڵدەدات لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیە وەڵامێکی وورد و زانستی بۆ ئەم پرسیارە بدۆزێتەوە ئایا ژنانی خاوەن کار ڕووبەڕوی چ جۆرە ئاستەنگێکی کۆمەڵایەتی دەبنەوە؟

### دووەم : گرنگی توێژینەوەکە

هەر توێژینەوەیەکی زانستی کاتێک کە دەکرێ بەگوێرەی ئەو بابەتەی توێژینەوەی لەسەر دەکرێت لە ڕێگەی خستنەڕووی زانیاریەکانی ناو توێژینەوەکە کۆمەڵێک بابەتی تایبەتی لەخۆ دەگرێت کە چەندین گرنگی هەیە ، لەو گرنگییانەش  : –

١. لايەنی تیۆری: توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر بابەتێکی تازە بە کۆمەڵگەی کوردی بەو پێیەی پێشتر ژن تەنها لە نێو ماڵ یان هەندێ بواری خزمەتگوزاری کاریکردووە ئەگەر لە دەرەوەی ماڵیش کاریکردبێت لە دامەزراوەیەکی حکومی یان ئەهلی کاری کردووەو بەرامبەر بڕە داهاتێک بووە ئەمە لە لایەک، بەڵام وەک ژنێک خۆی خاوەن کاری سەربەخۆی خۆی بێت تازەیەو توێژینەوەی لەبارەوە نەکراوە، لەلایەکی دیکە ژنانی خاوەن کار کاتێک دەست دەکەن بە پرۆژەو کارو چالاکیەکانیان ورووبەڕووی کۆمەڵێک گیروگرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەبنەوە و کاریگەری دەخرێتە سەرلایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونیان چ لە لایەن خێزانەوە بێت یان کۆمەڵگەوە ئەمەش گیروگرفتی کارنەکردن و بەردەوامی لەسەر کارەکانیان بۆ دروست دەکات، بۆیە گرنگە توێژینەوەی زانستی لەسەربکرێت تەنها لایەنی نەرێنی باس نەکرێت و بەڵکو گرنگە جەخت بکرێتە سەر تواناو لێهاتویی و بیروبۆچونە ئەرێنیەکانیان، چونکە دەبێتە ڕێنماییەک بۆ هاندانی ژنانی تر کە خواستیان هەبێت و کاری سەربەخۆ بکەن .

٢. لایەنی مەیدانی : ئەم توێژینەوەیە دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی لە ڕێگەی خستنەڕووی کەیسەکان و کۆمەڵێک دەرئەنجام و ڕاسپاردەو پێشنیاری خستۆتە ڕوو وەک بەرچاو ڕوونیەک بۆ توێژەران و کەس و لایەنی پەیوەندیدار تا وەکو کاری جدی بۆ بکرێت بۆ کەمکردنەوەی ئاستەنگەکانی پێش ژنی خاوەن کارو هاندان و بە تواناکردنی ژنان تا ببنە خاوەن کاری سەربەخۆی خۆیان .

## **سێیەم : ئامانجی توێژینەوەکە**

هەر توێژینەوەیەکی زانستی لە دەستپێکی هەنگاوەکانی کارکردنیدا ئامانجی تایبەت بە خۆی هەیەو ئەو ئامانجانەش لەلایەن توێژەرەوە دیاری دەکرێت ، دەبنە بەرچاو ڕوونیەک بۆ توێژەر کە چوارچێوەی توێژینەوەکەی بۆ دیاری دەکات ، ئەم توێژینەوەیەش وەک هەر توێژینەوەیەکی دیکە چەند ئامانجێکی تایبەتی خۆی هەیە کە ئەمانەن :

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە دەستنیشانکردنی ئەو ئاستەنگە کۆمەڵایەتیانەیە کە دێتە پێش ژنانی خاوەن کار ئەمەش لە ڕێگەی چەند ئامانجێکی لاوەکی جێبەجێ دەبێت بریتین لە :

1. دەرخستنی ڕۆڵی خێزان لەسەر بون بە ژنی خاوەن کار .
2. دەستنیشانکردنی ڕۆڵی ژن خۆی لەسەر بونی بە ژنی خاوەن کار.
3. دەرخستنی ڕۆڵی خوێندن لەسەر بون بە ژنی خاوەن کار .
4. دەرخستنی ڕۆڵی کرانەوەی کۆمەڵگە لەسەر بونی بە ژنی خاوەن کار .

## باسی دووەم :  پێناسەکردنی چەمکەکان

دەستنیشانکردنی چەمکە زانستیەکان بە بنەمایەکی سەرەکی دادەنرێت لە توێژینەوە زانستیەکان و هاوکار دەبێت بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئامانجی توێژینەوەکە و ماناو مەبەستی لای توێژەر و خوێنەرانی، چەمکەکانی ئەم توێژینەوەیەش بریتین لە ( ئاستەنگی کۆمەڵایەتی، ژنی ئیشکەر، ژنی خاوەنکار، کارگێڕی کار ) .

### یەکەم : ئاستەنگی کۆمەڵایەتی

–  روبرت میرتون (١٨٨٢–١٩٢٧) ( Robert Merrton ) ئاستەنگ پێناسە دەکات بەوەی بریتییە لە کەم و کورتی لەزۆرێک لە سیستەمی کۆمەڵایەتیەکان دێت لە ئەنجامدانی کارەکانیان لە پێناو  تێرکردنی پێداویستیە کۆمەڵایەتیەکان (السید ، ١٩٨٣: ٥٣).

– هەموو ئەو کارانەیە کە ڕێگری دەکات لە خۆگونجاندنی تاک لەگەڵ سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان و سەرئەنجام نارێکی و ئاستەنگ دروست دەکات لە بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەو ڕێگر دەبێت لەبەرەو پێش چوون و هێنانەدی ئامانجەکانی (بدوی ، ١٩٩٣ : ١٢٠).

_مەبەست لێی  ئەو کۆسپ و تەگەرانەیە کە  کۆمەڵگە دەیسەپێنێت بەسەر دەستەو ئەندامەکانی  (الرشدان ، ١٩٩٩: ٣٣١).

–یان هەموو ئەو ئاستەنگە دارایی و کارگێڕی و هونەری و کۆمەڵایەتی وکەسێتیانەیە دەبێتە ڕێگر لەپێش بەدیهێنانی ئامانجێکی بەرنامە بۆ دارێژراو کە یارمەتیدەر بێت بۆ باشتر کردنی کایەکانی ژیان (عبداله، ٢٠٠٤ : ١٨٧).

– بە واتای  نەبوونی سەقامگیری و ناجێگیری  کۆمەڵگە و نەبونی توانای تاکە بۆ خۆگونجاندن لە ناو سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان و مرۆڤەکان  یان بە مانایەکی تر نەبونی هاوسەنگیە لای تاک کە ئامانجی سەرەکیە (عاطف ، ٢٠٠٥ :٤٢) .

. بەڵام (طلعت ابراهیم لطفی ) دەڵێت واتە پابەند نەبونی تاکەکان بە ئەنجام دانی  ڕۆڵەکانیان کە دەبێتە هۆی  شکستهێنانی لە سیستەمەکانی کۆمەڵگەو سەرئەنجام  مەترسی بۆسەر کارو ڕێکخستنی کارەکە دروست دەبێت و دواتر دەبێتە لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی سیستەمەکان و دارمانی  (لطفی، ٢٠٠٩: ٥٨) .

کەواتە بەپێی پێناسەکانی هەریەکەی لە(لطفی و بدوی) ئاستەنگی کۆمەڵایەتی بارودۆخێکی نەرێنیە دەبێتە دواکەوتن یان وەستاندنی پێشکەوتنی هەر تاکێک کە بگاتە لوتکەی سەرکەوتن .

**پێناسەی تیۆری بۆ چەمکی ئاستەنگ** : کۆی ئەو ڕێگریانەیە دێتە پێش ژنانی خاوەن کار لە کاتی ئەنجامدانی کارێک وا دەکات کەسەکە نەتوانێت بە ئاسانی ئامانجەکانی بهێنێتە دی .

**پێناسەی ڕێککاری** : لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لەو ئاستەنگ و کێشانەی کە ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە کاتێک ئامادەن بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکی بازرگانی .

## سێیەم : ژنی خاوەن کار

- فەرهەنگی ئۆکسفۆرد پێناسەی کردووە بەوەی ژنی خاوەن کار ئەو ژنەیە لە دەرەوەو لە پێگەی باڵادا کار دەکات. ( oxford dictionary,55) .

- ژنی خاوەن کار ئەو ژنانەن کارێکی ئازاد و سەربەخۆ بە خۆیان ئەنجام دەدەن نەک لەبەرامبەر وەرگرتنی کرێیەک بەڵکو خاوەن ئابوری سەربەخۆی خۆیانن خاوەن داهات و سەرمایەن و هەر خودی خۆیان بەرپرسیارێتی کارەکە دەگرنە ئەستۆ ( Gemechis، 2007 : 21) .

- (منظمە العمل الدولیة ، ٢٠٠٩ : ٢٠) پێناسەی ژنی خاوەن کار دەکات بەوەی ئەو ژنانەن خاوەنی چالاکیەکی ئابووری سەربەخۆن و لەسەر هەژماری تایبەتی خۆیان کاردەکەن و لەو کارەدا کەسێک یان زیاتر دەخەنە گەڕ .

بە پێی ئەم پێناسەیەش ژنی خاوەن کار ئەو ژنەیە بەرپرسی یەکەمە لە کارە بازرگانیەکان واتە خۆی خاوەن کارو بڕیاردەری یەکەم و بەڕێوەبەرە یان هاوبەشی هەیە .

- دەوترێت ژنی خاوەن کار مەبەست لێی ئەو ژنانەیە کە چالاکن لە ڕووی ئابوریەوە و خاوەنی کاری تایبەت بە خۆیانن و بەڕێوەی دەبەن توانای ئیدارەدانی کارەکەیان هەیە بەشێوەیەکی لێهاتوو کارامە، یان توانای بەڕێوەبردنی کۆمپانیایەکیان هەیەو دەتوانن بیگەیەننە ئەو ئامانجەی بەرنامەیان بۆ داڕشتووە بە سود وەرگرتن لە پەیوەندیەکانیان لەگەڵ کەس و لایەنی دیکە لە دەرەوەی کۆمپانیاکە. (AHMED، 2016 : 10)

- **پێناسەی تیۆری بۆ چەمکی ژنی خاوەن کار** : مەبەست لێ ی ئەو ژنانەیە کارێکی تایبەت بە خۆیان هەیەو خاوەنی ئابوریەکی سەربەخۆن بەرپرسیارێتی ئەو کارو چالاکیانە هەڵدەگرن کە ئیشی تیادا دەکەن .

**پێناسەی ریککاری** : لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لێی ئەو ژنانەیە کە کارێکی سەربەخۆی خۆیان هەیە لە سنووری شاری سلێمانی .

## چوارەم : کارگێری کار

-فردریک تایلەر (1930) (Fredrick Taylor) سەر بە قوتابخانەی کلاسیکیەو ، دەڵێت کارگێڕی ئەوەیە بزانی بە تەواوی چیت دەوێت، پاشان لەوە دڵنیا بیت کەسەکان دەتوانن ئەو ئەرکە بە لێهاتویی جێ بەجێ بکەن (زهیر ، ٢٠٠٧ : ٨١) .

-هنری فایول (Henry Fayul) ی فەرەنسی لە (١٩١٦) لە کتێبەکەیدا بە ناوی( کارگێڕی گشتی و پیشەسازی) پێناسەی کردووە  بەوەی کە (بریتیە لە کردارەکانی  پلاندانان و ڕێکخستن و سەرکردایەتیکردن و هاندان و چاودێریکردنە (حرب ، ٢٠٠٠ : ٢٥) .

بەپێی بۆچونی هەریەکە لە ( تایلور و هنری) بۆ  پرۆسەی کارگێڕی کردن دەبێت کارەکان و چالاکیەکان بە شێوەیەکی سیستەماتیک بێت روونی و ئاشکرایی لە دیاریکردنی ئامانج و پلانەکاندا هەبێت، واتە هاوسەنگی لە نێوان ئەرک و چالاکی و گرنگی پێدان بەبەشە جیاجیاکانی ئیدارە بەدیبهێنرێت  .

– هەروەها پێناسە دەکرێت بەوەی کرداری پلان دانان _ بڕیاردان _ ڕێکخستن _ سەرکردایەتیکرن _ هاندان _ چاودێریکردنە، کە لە پرۆژەکان پەیڕەو دەکرێن بەمەبەستی خستنەگەڕی سەرچاوە مرۆیی و دارایی و زانیاریەکان، بەکارهێنان و ئاڕاستەکردنیان، گۆڕینیان بۆ بەرهەم و کاڵا و خزمەت، بە ئاستێکی بەرز بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی کارەکە (صادق، ٢٠١٧: ٧) .

**– پێناسەی تیۆری بۆ چەمکی ئیدارەدانی کار** : بریتیە لە کۆمەڵێک بەرپرسیارێتی بەمەبەستی گەیاندنی کارەکە بە ئامانجێک ئەویش قازانجی مادی و واتاییە .

**پێناسەی ڕێککاری** : مەبەست ئیدارەدانی کارە لە کەرتی تایبەت لەلایەن ژنانێک کە بە خاوەن کار دەناسرێن لەسنووری شاری سلێمانی.

## باسی سێیەم : توێژینەوەکانی پێشوو

مەبەست لە توێژینەوەکانی پێشوو ئەو توێژینەوانەن کە پێشتر لە لایەن توێژەرانی دیکەوە ئەنجامدراون لەسەر ئەو بابەتە یان نزیک لەو بابەتە، تیایدا توێژەر ئاماژە بە ئامانج و گرنگترین دەرەنجام و چەند لایەنێکی دیکەیان دەکات، بەمەبەستی خستنە ڕووی لایەنە هاوشێوەو جیاوازەکانی توێژینەوەکەی خۆیی و توێژینەوەکانی پێشوو (محمود ، ٢٠١٧ : ١٨) .

ئەمەش بێگومان سودی زۆری بۆ توێژەر دەبێ، چونکە بەرچاوڕوون دەبێت سەبارەت بەزۆرێک لەو سەرچاوەو توێژینەوانەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوون و دەتوانێ دواتر بەکاریان بهێنێت و سوود لە میتۆدۆلۆژی ئەم توێژینەوانە وەربگرێت، واتە بوارێکە بۆ توێژەر تا ئاشنا بێت بەوەی گونجاوترین میتۆد و ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری چییە وسود لە دەرئەنجام و پێشنیارو ڕاسپاردەکانی وەرگرێت، ئەمە جگە لەوەی سود لەو هەڵانە وەربگرێت کە لەو توێژینەوانە کراوە و خۆی لێ بەدوربگرێت و دەتوانێت لەو شوێنە دەست پێ بکات کە توێژەرانی پێشوو کۆتاییان پێهێناوە .

## یەکەم / خستنە ڕووی توێژینەوەکانی پێشوو

## یەکەم : توێژینەوە عەرەبیەکان

**١ . توێژینەوەی (عبدالله و حتاوی – ٢٠١٤) بە ناونیشانی ( <u>سیاسات تطویر مشارکة المرأة في ریادة الاعمال في دولة فلسطین</u> )**

ئەم توێژینەوەیە جەخت لەوە دەکاتەوە کە کۆمەڵگەیەکی وەک و فەلەستین بەردەوام لە دۆخێکی خراپی سیاسی و ئابوریدا بووە هەمیشە گەورەترین کۆسپ و تەگەرە لە پێش ژنانی خاوەن کار دروست بووە ، فەڵەستین یەکێکە لەو دەوڵەتانەی هێشتا لە ڕیزبەندی ٥٨ بۆ ٦٧ وڵاتانەن کە تێیدا بەشداری ژنانی خاوەن کار لە پڕۆژەو بەرنامەی بازرگانی هێشتا لە پلەی سەرەتادان، هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات ژنان لە ڕووی چالاکی ئابوری لە ئاستێکی نزمدان بەبەراورد بە پیاوان کە (١٦%) پێک دەهێنن لە کاتێکدا ژنان (٤،٣ %) پێکدێنن لە بەشداریکردنیان لە کارو پڕۆژە بازرگانیەکاندا.

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیەش، دەستنیشانکردنی ئەو چالاکیانەی ژنانی خاوەن کار ئەنجامی دەدەن لە فەلەستین بەبەراورد بە پیاوان چین، پاشان ڕۆڵی دەوڵەتی فەڵەستین و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ پاڵپشتیکردنی ژنانی خاوەن کار چییە، ئەو ئاستەنگانە چییە کە وادەکات ڕێگر بێت لەبەردەم ژنانی خاوەنکار بۆ دەستپێکردنی پرۆژە ئابووریەکان لە فەلەستین، زانینی ئەو کێشانەی ڕووبەڕوی ژنان دەبێتەوە لەکاتی دەستپێکردنی پرۆژە ئابووریەکان، ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەسەر هەندێک لە ژنانی خاوەن کار لە فەلەستین ئەنجام دراوە، توێژەر ڕێبازی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان پشتی بە فۆڕمی ڕاپرسی بەستووە، هەروەها میتۆدی بەراوردکاری بەکارهێناوە بۆ بەراوردکردنی ژنانی خاوەن کاری فەڵەستینی لەگەڵ پیاوانی خاوەن کاری هەمان کۆمەڵگە.

لە دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە، داگیرکاریەکانی ئیسرائیل بۆ سەر فەلەستین و هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە ژنان نەتوانن پەرە بە تواناکانیان بدەن، جگە لە تێڕوانینی نەرێنی پیاوانە بۆ ئەم ژنانە، یان ڕێژەی بەشداریکرنی ژنان لە چالاکیە ئابوریەکان جیاوازە بە بەراورد بە پیاوان و تەنانەت لە نێو خودی ژنان خۆشیان دەگۆڕێت بە گوێرەی شوێنی نیشتەجێبونیان شارە یان لادێ وبەپێی تەمەنیش جیاوازن لە پیاوان پێی جیاوازی دانیشتوانی لادی و شارەکان، ئەمە جگە لەوەی پاڵنەری سەرەکی ژنان بۆ بەشداریکردن لە چالاکیە ئابوریەکان زیاتر پەیوەستە بە دابینکردنی پێداویستی ئابوریە بەلام لای زۆرێک لە پیاوان تەنها حەزێکە .

**٢ . توێژینەوەی (غیات – ٢٠١٥) بە ناونیشانی (<u>المعوقات الثقافیة لسیدات الاعمال العربیات</u>) .**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە دەرخستنی ئەو ئاستەنگە کلتوریانەی ڕووبەڕوی ژنانی خاوەن کار دەبێتەوە، هەروەها چەندێتی قبوڵکردنی تواناکانی ژنانی خاوەن کارو کەسێتی

و لێهاتوییان له كارو بەڕێوەبردن و كارگێڕی كردن بۆ ئەو كارو پڕۆژانەی ئەنجامی دەدەن، ئەم توێژینەوەیە ئاماژە دەدات بەوەی ژنان لە كۆمەڵگەی عەرەبی لەم ساڵانەی دواییدا بە هۆی توانایان و هەوڵدانیان  بۆ ئەوەی ئەو ڕێچكەیە بشكێنن و وایان لێكرد ببێتە واقعێک و كۆمەڵگە ناچاربكات قبوڵی بكەن و كارو پیشەی خۆیان هەبێت و تەنانەت رۆڵیان لە ژێردەستەو جێبەجێكاری فەرمانەكان گۆڕا بۆ كاری بەڕێوەبردنی پرۆژەكە، ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەكی چەندایەتیە، پشتی بە فۆرمی ڕاپرسی بەستووە بۆكۆكردنەوەی زانیاریەكان كە پێكهاتووە لە (٦٥) ژنی خاوەنكار كە خاوەنی دامەزراوەی بچوکن لە جەزائیر .

لە گرنگترین دەرئەنجامەكانی توێژینەوەكە، زۆربەی ئەندامانی توێژینەوەكە تەمەنیان لە خوار (٣٠) ساڵ بوو و زۆربەیان خاوەن بڕوانامەی زانكۆیین و خێزانیان پێكهێناوە، هەروەها ئەندامانی توێژینەوەكە لەپرۆژە وەبەرهێنەرە جۆراوجۆرەكانی خزمەتگوزاریەكان كاردەكەن یان پیشەسازیە تەقلیدیەكانیان ئارایشتگایان هەیە یان ئیشی دەست و چنین دەكەن واتە زۆربەی ئەو پرۆژانەی كە كاری تێدا دەكەن پرۆژەی بچوكە، بەپێی دەرئەنجامەكانی توێژینەوەكە دەركەوتووە سەرەڕای ئەو گۆڕانكاریانەی بەسەر كۆمەڵگەی جەزائیریدا هاتووە بەڵام تا ئێستا زۆرینەی پیاوان قبوڵی ناكەن لە ژێر دەستی ژنێک كاربكەن تێڕوانینی نەرێنی پیاوان بەرامبەر بە ژنانی خاوەن كارو گێچەڵپێكردنی سێكسی لەلایەن پیاوانەوە یەكێكی ترە لە كێشەكان كاریگەری لەسەر كارو سەركەوتنیان دروست كردووە، سەبارەت بە ژنانی خاوەن كاری هاوسەرداریش  زۆرینەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەكە جەختیان لەسەر ئەوە كردۆتەوە كێشەكانیان زۆرترە سەرەڕای ئەوەی بونەتە خاوەن كاری سەربەخۆی خۆیان كەچی هێشتا نەیان توانیوە لە بەرپرسیاریەتیە تەقلیدیەكان ناو خێزان ڕزگاریان بێت ، دەڵێن ڕاستە زۆربەی كات مێردەكانیان هاوكاریان بووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا كێشەكانی نێوانیان ڕوو لە زیادبونە بە هۆی ئەو كارەی ژنەكانیان ئەنجامی دەدەن زۆر لەو ژنانە پێیان وایە مێردەكانیان ئیرەییان پێدەبەن .

## دووەم: توێژینەوە بیانیەكان

### ١ . توێژینەوەی (Nsengimana – 2017) بە ناونیشانی ( Challenges to woman Enterpreneurship In Kigali , Rwanda ) .

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەست نیشانكردنی ئەو ئاستەنگانەی كە ڕووبەڕووی ژنانی خاوەن كار دەبێتەوە لە كیغالی ، ئەو هۆكارانە چین بۆتە هۆی ئەوەی ژنانی خاوەن كار كەمتر بەشدار بن لە كاری بازرگانی لە كیغالی، ئەو ئاستەنگانە چییە كە ڕووبەڕووی ژنانی خاوەن كار دەبێتەوە لە كاتی ئەنجامدانی كاری بازرگانی لە كیغالی، ڕۆڵی حكومەت و دەست و پێوەندەكانی چییە بۆ زیاتر هاندانی ژنان بۆ بەشداریكردن لە كاری بازرگانی ، كاریگەریە ئەرێنی و نەرێنیكانی ژنانی خاوەن كار چین لەسەر كۆمەڵگە،واتە ناسینی بارودۆخ و رەوشی

ژنان لە بواری کارو بازرگانی لە شاری کیغالی گرنگترین ئەو ڕێگریانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە بەهۆی باڵادەستی کلتور و نەریت، ئەگەر چی ژنان لە ڕواندا نیوەی دانیشتوان پێک دەهێنن بە ڕێژەی (٥١،٨٣%) وە ڕێژەی ٤٢% خەریکی بازرگانین لە بوارە جیاجیاکاندا وە ڕێژەی (٤٣،٢ %) خەریکی بازرگانی مامناوەند و بچوکن، بەڵام ئەم توێژینەوەیە جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کە تائێستا ژنان لەلایەن پیاوانەوە بە کەم تواناو بێ هێز لە قەڵەم دەدرێن وە کەسێتی ژن وا دەبینرێت بەهۆی جەستەیەوە لە پیاو لاوازترەو بۆیە لە تەواوی ژیانی کۆمەڵایەتی لە پیاو بێدەسەڵاترەو توانای بەڕێوەبردنی نییە .

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی چەندایەتیە، توێژەر میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە و بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان لە ریگەی فۆرمی ڕاپرسیەوە بۆ ژنانی خاوەن کار ئامادەکراوە، بۆ ئەم مەبەستەش نموونەی توێژینەوەکەی پێکهاتبوو لە (٣٩٨) ژنی خاوەن کار لە سێ ناوچەی جیاواز لە کیغالی، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە هەموو ئەو ژنانە دەگرێتەوە خاوەن کارن و پرۆژەی سەربەخۆی خۆیان هەیە لە ڕواندا.

لە گرنگتری دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەش بریتیە لە : زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە جەختیان کردۆتەوە لەسەر ئەوەی گەورەترین ئاستەنگی پێشیان بریتییە لە نەبونی پالپشتی دارایی و بەڕێگریەکی گەورەی دەزانن کە بەهۆیەوە ناتوانن کارەکانیان بە باشی ئەنجام بدەن چونکە بەبێ نەبونی پارەی پێویست ناتوانن پەرە بە کارەکانیان بدەن، سەبارەت بە ریگریە کلتوریەکانیش زۆربەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە پێیان وایە هەرچەندە ژنان لە ڕواندا نموونەی جوانی و چالاکین و خاوەن کاری سەرکەوتون، بەڵام ڕەگەزی بەرامبەر ڕێگری لە ژنان دەکەن بۆ ئەوەی بەشداری لە چالاکیە ئابووریەکاندا بکەن، چونکە وا سەیری ژنان دەکەن لاوازن و ناتوانن کارە بازرگانیەکان بەڕێوەببەن لەگەڵ ئەوەی کە ژنان بەشدارن لە نیوەی کارە بازرگانیەکان و هاوشانی پیاوانن لە هەموو بوارە خزمەتگوزاریەکاندا .

### ٢ .توێژینەوەی (Guar &vijay – 2018 ) بە ناونیشانی ( Challenges and Opportunites For woman Enterpreneurs In Indea)

ئامانجی تویژینەوەکە، تێگەیشتن لە چەمکی ژنانی خاوەن کارو ئاشنابون بە مێژووی دەرکەوتنیان ، زانینی ئەو هۆکارانەی کە هاندەر بووە بۆ ئەوەی ژنان ببنە خاوەن کاری تایبەت بە خۆیان، دۆزینەوەی ئەو ئالّنگاریانەی کە ڕووبەڕووی ژنانی خاوەن کار دەبێتەوە، زانینی چارەسەری گونجاو بۆئەو کێشانەی کە کە ڕووبەڕووی ژنانی خاوەن کار دەبێتەوە لە کاتی کاردا، ئەم توێژینەوەیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە نەبونی هاوسەنگی لە نێوان کارو ژیانی کۆمەڵایەتیدا ئاستەنگی بۆژنانی خاوەن کار دروست کردوە ئەمەش بەهۆی بەرپرسیارێتی خێزان و منداڵ بەخێوکردن و هاوکاری نەکردنیان لەلایەن مێردەکانیانەوە وایلێکردون چێژێکی

کەم ببینن لە کارەکانیان بە هۆی ئەو ڕێگریانەوە، سەرەرای ئەوەش نزمی ئاستی خوێندن هۆکارێکە  وای کردووە ئەم ژنانە نەتوانن کارەکانیان بە باشی بەڕێوە ببەن ئەمەش ئاستەنگی بۆ دروست کردون لە کاری بازرگانیدا وای لێکردون شارەزایی و زانیاریان کەم بێت، خوێندن هەلێکی باش دەدات بە ژنان بۆ ئەوەی متمانەیان بە خۆیان هەبێت و تواناکانیان بخەنە گەڕ و یارمەتیدەرێکی باش دەبێ بۆ دۆزینەوەی ڕێگای تازەی کارکردن تا بتوانن بەشداری بکەن لە چالاکیە ئابوریەکاندا کە بە سەرچاوەیەکی گرنگ دادەنرێت لە گەشەپێدان و بەرەوپێشبردن و دەرخستنی تواناکانیان.

 ئەم تویژینەوەیە تویژینەویەکی وەسفی شیکاریە، نموونەی تویژینەوەکە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی چینایەتی  وەرگیراوە بۆ  کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ژنانی خاوەن کار لە هندستان وە پشت بە پەیوەنیکردن بە زانایان و تویژەران و پەرتوکی وڕاپۆرتی بڵاوکراوە بەستراوە زانیاری لە گۆڤارو کۆنفرانسە باوەڕپێکراوەکانەوە وەرگیراوە.

گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە، ئەندامانی نموونەی  تویژینەوەکە جەخت  لەسەر ئەوە دەکەن نەبوونی هاوسەنگی ڕاگرتن لە نێوان کارو ژیانی کۆمەلایەتیدا فشاری زۆر لەسەر ژنانی خاوەن کار دروست کردووە، بە هۆی ئەوەی ژنانی خاوەن کار زیاتر ئەرک و بەرپرسیارێتیان دەکەوێتە سەر شان بە تایبەت ئەو ژنانەی خێزانیان پێکهێناوە و مێردەکانیان هاوکاریان ناکەن ئەمەش کێشەیان بۆ دروست دەکات نەتوانن ئەو هاوسەنگیە ڕابگرن. هەروەها بەربەستە کۆمەلایەتی وکلتوریەکانیش ئەمەش زیاتر لە کۆمەلگەی هندی بەرچاو دەکەوێت کە کۆمەلگەیەکی پیاو سالاریەو هەر پیاو بڕیاردەرو سەرپەرشتیاری پلە یەکەو لە خێزانداو ژنان بە پلە دوو تەماشا دەکرێن و پێیان وایە لاوازن لە ڕووی جەستەو عەقلەوە بە هۆی ئەمەشەوە ژنان بە ڕێژەی لە ١٠% بەشدارن لە کاری بازرگانی، زۆربەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە پێیان وایە توانایان نەبووە بۆ بەدەستهێنانی  پاڵپشتی دارایی جا  لە ڕێگەی دامەزراوە دارایی و بانکەکانەوە بێت یان لە ڕێگەی خێزانەکانیانەوە بێت، زۆرینەی ئەو  ژنانەی خاوەن کارن ئاستی خوێندەواریان نزم بووە ئەمەش وای لێکردوون کێشەیان هەبێت لەڕووی شارەزایی و ڕێکخستنەوە، هەروەها  نەبونی بڕوا بە خۆبوون و ڕێزگرتنی خودی لای ئەو ژنە خاوەن کارانە کێشەیەکی دیکە بووە کە پێوەی دەناڵێنن .

**٣.توێژینەوەی ( Ahmad  – 2016  ) بە ناونیشانی  (Challenges Facing woman Enterpreneurship Among the Swahill community In Mvita Constituncy In Mombasa County , Kenya ) .**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، هەڵسەنگاندنی ئاستی بەشداریکردنی ژنان لە جێبەجێکردنی پرۆژەکان و چالاکیە ئابووریەکاندا ، دیاریکردنی ئەو ئاستەنگانەی کە ڕووبەڕووی ئەو ژنانە دەبێتەوە وە هەوڵدانیان بۆ  بەرەنگاربونەوەی. ئەم توێژینەوەیە جەخت لەوە دەکاتەوە

دەوڵەتێکی وەکو  کینیا یەکێک بووە لەو دەوڵەتانەی بەردەوام هەوڵیداوە برەو بە تواناو لێهاتوویی ژنان بدات یان بەشداریان پێبکات لە پرۆژەکان، پێیان وابووە ژنان سیمبولی بەرەوپێشچوون و پەرەپێدانی کۆمەڵگەن بە تایبەتی ژنانی خاوەنکار دادەنرێن بە ئامرازێکی گرنگ بۆ بە تواناکردنی ژنانی دیکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژنانی خاوەن کار دووچاری ڕێگری بونەتەوە لە هەموو بوارەکان و بە تایبەتی لە پرۆژە بەرهەمهێنراوەکان  تەنانەت  تا ئێستاش پیاو ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت و ژن بە پلە دوو تەماشا دەکرێت.

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفی شیکاریە توێژەر پشتی بە فۆرمی ڕاپرسی بەستووە هەروەها سودی لە چاوپێکەوتن و تێبینی کردنیش وەرگرتووە ، دەربارەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکەش ژمارەی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە لە (١١٤) ژنی خاوەنکار لە ناوچەی ماغیتا لە کینیا پێکهاتووە .

لە گرنگترین گریمانەکانی ئەم توێژینەوەیە ،بەشداریکردنی ژنان لە چالاکیە ئابووریەکاندا لە ئاستێکی نزمدایە، ژنان ڕووبەڕوی ئاستەنگ دەبنەوە  لە بەرەو پێشبردنی کارە بازرگانیەکاندا،

گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە ، سەبارەت بە خەسڵەتەکانی کەسێتی ژنی خاوەن کار زۆربەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە کاری تایبەت بە خۆیان هەبووە تەمەنیان لە نێوان (٢٦ – ٣٥ ) ساڵیدابووە کە دەستیان بە کارکردووە، هەروەها  گرنگترین ئاستەنگ لە پێش ئەم ژنانە نەبوونی پاڵپشتی دارایی بوو جا لە  ناوخۆی خێزاندا بێت یان لە دەرەوە لە ڕێگەی وەرگرتنی قەرز لە بانکەکان، یان جیاکاری ڕەگەزی  واتە کاریگەری کلتوری کۆمەڵگەی مفیتا بە هەموو داب و نەریت و ئاینەکانەوە کلتورێکە لەسەر بنەمای پێگەی پیاو و ژن جیاکاری دەکات دەسەڵاتی پلە یەک پیاوانە ئەوان خاوەن هێزی دەسەڵاتی ئابووری و جستەیی و ژیرین، پیاو بە کەسی بڕیاردەری نێو خێزان هەژماردەکرێت و هەژموونی خۆی بەسەر پلەو پایەو پێگەکانی بڕیارداندا دەسەپێنێ، نەبونی هۆشیاری ئابوری بەو پێیەی ژنان لەم بوارە بێ بەش بون ئەمە وای کردووە ئەزمونیان کەم بێت توانای ڕێکخستن و پلان دانانیان نەبێت ، هەربۆیە زۆر جار ئەمە ئاستەنگیان بۆ دروست دەکات بە تایبەت لە سەرەتای دەست پێکردنیان لە کاردا ، یان نزمی ئاستی خوێندن هۆکارێکی تر بووە بۆ ئەوەی نەتوانن شارەزاییان لە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کاردا هەبێت .

**٤. توێژینەوەی ( Elizabeth – 2015) بە ناونیشانی( Challenges Facing Woman Enterprenruers In tha Gauting province of South Africa ) .**

ئەم توێژینەوەیە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ژنانی خاوەن کار لە جوتنج بە ڕێژەیەکی بەرچاو دەرکەوتون و توانیویانە دامەزراوەو کارگەو سەندیکاو یەکێتی تایبەت بە خۆیان هەبێت بەشداری گەورەیان لە پرۆژە بازرگانیەکاندا کردووە و سەرکەوتووبون، بەڵام ڕووبەڕوی کۆمەڵێک ئاستەنگ بونەتەوە بەتایبەتی لە چاو ساڵانی ڕابردوو بەهۆی قەیرانی دارایی نەبونی

سیستەمێکی ڕێکخراو کە ڕووی کردۆتە باشوری ئەفەریقا ئەمەش هۆکارێک بووە بۆ ئەم ژنانە نەتوانن پەر بە کارەکانیان بدەن  کە ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکەیە. ئەم توێژینەوەیە ئاماژە بەوە دەکات کە لە (٤١ %  ) ژنانی خاوەنکار لە باشوری ئەفەریقا کە بەشێکی گەورە پێکدێنن لە چالاکی بازرگانی خزمەتگوزاریدا کاردەکەن وتەمەنیان لە نێوان ( ١٨ -٦٤  ) ساڵدایە تەنها لە کارە سەرەتاییەکاندا دەستیان پێکردووە وەک ڕستن و چنین و بەرگدروی  بە ڕێژەی ( ٨٣،٤ % ) کە ئەمەش لە ناوەندی ژمێری کەمترە کە ڕێژەکەی ( ٧،٧٢ % )، بەهۆی ئەو جیاکاریە جێندەریەی ڕووبەڕویان دەبێتەوە وادەکات ژنان ناچاربن ئەو کارانە ئەنجام بدەن کە تایبەتن بەچنین و خواردن دروستکردن و کارە خزمەتگوزاریەکان وە ئەوەشی پەیوەندی بە زانست و ئەندازیاری و تەکنەلۆجیا هەیە کاری پیاوانن. کەواتە پرسیارە سەرەکیەکە لەم توێژینەوەیە ئەوەیە ئەو ئاستەنگ و بەربەستانە چییە کە ڕووبەڕووی ژنانی خاوەن کار دەبێتەوە .

ئەم توێژینەوەیە میتۆدی شیکاری و چۆنێتی بەکارهێناوە و بۆ کۆکردنەوەی زانیاری چاوپێکەوتنی قوڵ و تێبینیکردن بەکارهێناوە، کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ (٣٠) ژن کردووە لە سێ ناوچەی جیاواز لە کەرتی جوتنج.

لە گرنگترین دەرئەنجامەکان، خوێندن تا ئێستاش بە کێشەیەکی سەرەکی دادەنرێت لە باشوری ئەفەریقا بۆ ژنانی خاوەن کار، هەروەها جیاکاری دەکرێت لە نێوان ئەو کۆلێژانەی  بۆ کوڕان و کچان دانراوە واتە کەم و کورتی لە خوێندن و ڕاهێنان ڕێگرە لەبەردەم سەرکەوتنی ژنان ،یان نەبونی پاڵپشتی دارایی کە بەربەستێکی ترە لەبەردەم ژناندا بۆ ئەوەی بەشداربن لە چالاکی ئابوریەکاندا لە کاتێکدا بانکەکان متمانە بەم ژنانە ناکەن و قەرزیان نادەنێ بۆ پرۆژەکانیان، چونکە دودڵن لە توانای ئەم ژنانە بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانیان، هەروەها جیاکاری جێندەری ئەمەش کێشەیەکی ترە کە ڕووبەڕووی ژنانی خاوەن کار دەبێتەوە. زۆر لە ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە پێیان وایە تەنها ئەو کارانە  گونجاوە بۆیان کە بریتین لە کاری خزمەتگوزاری پەروەردەیی و تەندروستی واتە وێنای کۆمەڵگەو خێزان ڕێگرە لە پێش بەڕێوەبردنی ژنان بۆ کارو بازرگانی .

## دووەم : گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو بەم توێژینەوەیە

لە دوای پێداچونەوە بە توێژینەوە هاوشێوەکان دەرکەوتووە خاڵی لێکچونی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ ئەوانی دیکە لە بابەتی توێژینەوەکەدایە واتە هەموو هەوڵ دەدەن دیراسەیەکی  ورد و قوڵی ژنانی خاوەن کار بکەن و ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕویان دەبێتەوە دیاری بکەن بەڵام هەریەکەو لە کۆمەڵگە و وڵاتی جیاواز کراون، بەڵام لە هەندێ لایەن هاوشێوەی توێژینەوەکەی ئێمەن و لە هەندێ لایەن جیاوازن، لێرەدا خاڵە هاوبەش و جیاوازەکان دەخەینەڕوو:

١. **لە ڕووی ئامانجەوە** : بەو پێیەی کە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەی ( Elezabeth، 2017) نزیکە، بەڵام لەگەڵ توێژینەوەکانی تردا لە بەشێکی

ئامانجەکانمان لە یەکچون هەیە و لە هەندێکیشیاندا جیاوازی بەدی دەکرێت وەک لە توێژینەوەی (عبدالله و حتاوی- ٢٠١٤) کە ئامانجی دیاریکردنی ئەو چالاکیانەی ژنانی خاوەن کار ئەنجامی دەدەن لە فەلەستین بەبەراورد بە پیاوان، پاشان ڕۆڵی دەوڵەتی فەڵەستین و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ پاڵپشتیکردنی ژنانی خاوەن کار چییە. یان توێژینەوەی ( Nesengimana، 2017) ئامانجی دیاریکردنی هۆکارەکانی کەمی بەشداریکردنی ژنان لە کارو چالاکی بازرگانی لە رواندا . پاشان هەریەکە لە ( Guar&vija-2018 ) ئامانجیان تێگەشتن بووە لە چەمکی ژنانی خاوەن کار و ئاشنابوون بە مێژوی دەرکەوتنیان. هەروەها توێژینەوەکەی ( Ahmad 2016 -) کە ئامانجی هەڵسەنگاندنی ئاستی بەشداریکردنی ژنان بووە لەجێبەجێکردنی پرۆژەکان و چالاکیە ئابوریەکاندا .

٢. **لە ڕووی بەکارهێنانی میتۆدەوە:** لە ڕووی میتۆدۆلۆژیش جیاوازن نموونە توێژینەوەکانی هەریەکە لە (غیات - ٢٠١٥) و ( Nesengimana، 2017) و( Guar&vija- 2018) و (عبدالله و حتاوی- ٢٠١٤) و(Ahmad - 2016) پشتیان بە میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی یان چەندایەتی بەستوە وەک ئاماژەمان پێ کردووە . لە توێژینەوەکەی ئێستا پشت بەستراوە بە میتۆدی چۆنێتی .

٣. **لە ڕووی کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیەی ئێستا لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو توێژینەوەی عەرەبی و بیانین و کە هەریەکەیان لە شوێن و ناوچەی جیاواز لەیەکتر ئەنجامدراون، ئەم توێژینەوەی ئێستامان لە کۆمەڵگەی کوردی و لە شاری سلێمانی ئەنجامدراوە . لە ڕووی نموونەوە، ئەم توێژینەوەیەی ئێستا نموونەکەی بەشێوەی مەبەستدارەو لە جۆری تۆپەڵە بەفرینەیە ، هەریەکە لە لە توێژینەوەکانی( Nesengimana - 2017 ) و(Guar&vija -2018 )کە نموونەی هەڕەمەکیان بەکارهێناوە .

٤. **لە ڕووی کۆکردنەوەی داتاو ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاریەوە:** ئەم توێژینەوەیەی ئێستا لە ڕووی کۆکردنەوەی زانیاریەوە لە زۆربەی توێژینەوەکانی پێشوو جیاوازە جگە لە توێژینەوەکانی(Elizabeth) ، پشتیان بەستوە بە (چاوپێکەوتن لە گەڵ ژنانی خاوەن کاردا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، بەڵام توێژینەوەکانی پێشو فۆرمی ڕاپرسیان بەکارهێناوە.

لە ڕووی ئەنجامەکانەوە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا لەگەڵ ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بەراوردیان دەکەین.

# بەشی دووەم

## ژنانی خاوەن کار

### مێژوویی دەرکەوتنی ژنانی خاوەن کار

باسی یەکەم : پاڵنەرەکانی کارکردنی ژنان

باسی دووەم : شوێنەوارەکانی کارکردنی ژنان

باسی سێهەم: ئاستەنگە کۆمەڵایەتیەکانی ژنانی خاوەن کار

# بەشی دووەم

# ژنانی خاوەن کار

## مێژووی دەرکەوتنی ژنانی خاوەن کار و پاڵنەرو ئاستەنگەکانی کارکردنیان

ئەگەر تەماشای مێژووی مرۆڤایەتی بکەین دەبینین بەشداریکردنی ژنان لە چالاکییە ئابوریەکاندا لە زۆرینەی کۆماڵگەکاندا بۆتە واقعێک بە تایبەتی لە دوای کرانەوەی گۆمەڵگەی جیهان بە ڕوی جیهانگیری و ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر تەواوی کایەکانی ژیاندا هات لە هەموو ڕویەکی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و پەروردەیی هتد ... ، هەر بۆیە ئەم بەشە لە توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ باسێک لە مێژووی کارکردنی ژنانی خاوەن کار .

### مێژوویی دەرکەوتنی ژنانی خاوەن کار

بە درێژایی مێژووی هەزاران ساڵ ژن پێگەیەکی ناجێگیری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ئاینی هەبووە و لە هەموو سەردەمە جیاوازەکاندا رۆڵی خۆی گێڕاوە و لە تەواوی بوارەکانی داهێناندا توانیویەتی بگاتە لوتکەی ناوداریتی وبە چەندین جۆر کارو وەزیفەی جیاوازی ئەنجام داوە، لە هەموو ئەو گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی و وکلتوریانەی ڕویانداوە ژن بەشداری چالاکانەی کردووە و ماندووبونی دوو هێندەی پیاو بووە لە کاتێکدا شان بە شانی پیاو لەدەرەوە کاری کردووە ، لە هەمان کاتیشدا لە ڕۆڵە تەقلیدیەکانی دورنەکەوتۆتەوە و هەربەردەوام بووە لەسەر ئەرکەکانی لە ناو ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ و تەنانەت لە خزمەتکردنی ئەوانی تریش (السباعی ، ١٩٨٥: ١٣٦ ) .

ژن لە دێرینترین سەردەمەکانەوە شان بە شانی پیاوکاری کردووە و بەرپرسیاریتی ئەو کارانەی هەڵگرتووە کە پەوەندیەکی توندوتۆڵی بە ژیانی خێڵەکی و خێزانیەوە هەبووە ، لە هەموو ناوچەکانی سەرزەویدا فاکتەرە یەکەمینەکانی بڵاوبونەوەی کۆمەڵی مرۆڤ بووە، ئەگەر ژن نەبوایە لە کارکردن و ڕێکخستنی کاروبارەکانی خێزاندا ئەوا پیاو بە تەنها نەیدەتوانی ڕێ و شوێنی خۆی لەسەر زەوی ببرێت، واتە زۆرینەی ئەو کارانەی کۆمەڵە یەکەمینەییەکان پێویستیان پێی بوو لە ئەستۆی ژندا بووە هەروەها کۆکردنەوەی دانەوێڵەو ماددە سەوزەکان کە بۆ خواردن دەشیا کاری ژن بووە بێگومان چاودێریکردنی منداڵیش هەر بەشی ژن بووە، پیاوانیش هەمیشە دەڕۆشتن بۆ دەرەوەو لە گەشتە درێژەکانی ڕاوکردندا بوون، کەواتە ژن بە دوای هەنگاوەکانی ئەو پێشکەوتنەدا ڕۆشتووە کە هاوکات بووە لەگەڵ هەوڵ و کۆششی پیاو بۆ گەیشتن بە کەمال و مەدەنیەت (مەزهەر ، ٢٠٠٤ : ١٤-١٧). لەگەڵ ئەوەشدا قۆناغی ژن سالاری لە مێژوودا تەمەنی کورت بوو زۆری نەبرد ژیان تای تەرازوی بە لای پیاودا شکاندەوە، ژن یەک لە دوا یەکی مافەکانی لێسەندرایەوە ئەم هۆکارەش گەڕێندرایەوە بۆ

لایەنی فیزیکی و جیاوازی جەستەیی لە پیاوو ژندا زیاتر لە دوای قۆناغی کشتوکاڵی هاتە کایەوە بە تایبەت لە دوای دەرکەوتنی گاسن و بەکارهێنانی لە زەویە کشتوکاڵی و کێڵگەکاندا ئەمەش کارێک بوو پیاو دەیتوانی ئەنجامی بدات چونکە پێویستی بە هێزی بازوو هەبوو، لێرەوە ژن لە چاوی کلتورو کۆمەڵگەوە وەک بونەوەرێکی لاواز و بێتوانا تەماشادەکرا و هەرچی کاری دەرەوەی ماڵ هەبوو بوو بە کارێکی پیاوانە (السباعی ،١٩٨٥ : ١٣٧) .

بەڕای زۆربەی کۆمەڵناسان و مێژوونوسان دابەشکردنی کار زەمینەی بۆ ئەم کێشەیەی نێوان پیاو و ژن سازکردووە، (مارکس ١٨١٨-١٨٨٣) وەک دیاردەیەکی ئابوری دەڕوانێتە ئەم دابەشکردنە، لەکاتێکدا بەپێی (دورکایم ١٨٥٨-١٩١٧) دابەشکردنی کار خۆی لە خۆیدا دیاردەیەکی ئەخلاقیە زیاتر لەوەی دیاردەیەکی ئابوری بێت (انجلز ، ١٩٧٥ ، ٧٦) . کاتێک بە قۆناغێکی مێژوویی درێژ خایەن ڕۆڵی بەرهەمهێنەرو نان پەیداکەر لە ژن سەندرایەوەو درا بە پیاو بەمەش نرخ و بەهای بۆدانراو بە چاوێکی بەرز و باڵا تەماشاکرا بەڵام لە بەرامبەردا دروستکردنی منداڵ و بەخێوکردنی و پەروەردەکردنی تایبەتکرا بە ژن لە هەمان کاتدا بە چاوێکی نزم و بێ بەها تەماشاکرا، ئەگەر چی دەبوایە جێی گرنگی و بایەخێکی کۆمەڵایەتی تایبەت بوایە بە پێچەوانەوە وەک کارێکی بێ بایەخ تەماشاکرا وەک چەکێک بەکارهێنرا بۆ زیاتر بێ نرخ کردنی ژن، ئەم ڕەوشتە کۆمەڵایەتیەش بەکەم تێڕوانینی ژن لە ئاکامی ئەم دابەشکردنی کارەوە دروستبوو تا ئێستاش برەوی هەیە لە هەموو جیهاندا بە شێوەو ڕادەی جیاواز پیادە دەکرێت (قەرەداغی ، ٢٠٠٢ ،١٢٧-١٢٩) .

یەکێک لە گرنگترین کاریگەریەکانی ئەم جیاکاریە ڕەگەزیەی وای لە خودی ژنان کرد باوەڕ بە توانای خۆیان نەکەن و نەتوانن هاوشانی پیاو بن و پۆست و پلەو پایە باڵاکان بەرن بەڕێوە بەڵکو هەمیشە تەماشای خۆیان دەکەن وەک پاشکۆو ملکەچ، ئەمەش هۆکاری زۆرە لەوانە جەستەی ژن و تەماشاکردنی ئەو جەستەیە بە گوناهکار و تاوانبار و بەردەوام هەڕەشەی لەکەدارکردنی ناموس و شەرەفی خێزان و بنەماڵەی لەسەرە کەوای کردووە ژن لە بازاڕی کار دوربکەوێتەوە، لەلایەکی ترەوە بەکارهێنانی جەستەی لە پرۆسەی هاوسەرگیری بۆ دروست کردنی منداڵ و ناچاربونی بە مانەوەی لە ماڵ بۆ پەروەردەکردنیان، دواتر تەماشاکردنی ناو ماڵ وەک کارێکی ژنانەو چەسپاندنی لە ناخ و دەرونی کچان هەر لە منداڵیەوە ، پاشانیش کچان و کوران بەوشێوەیە پەروەردەکران تا لە داهاتودا بتوانن هەریەکەیان ڕۆڵی خۆیان بگێڕن، کچان لەلایەن دایکیانەوە ئامادەو پەروەردە دەکران تا ئەرکی ئایندەی خۆی فێربێت، کوڕانیش لە تەمەنێکی تایبەتیدا بە پیاوانی کامڵ دەسپێردران تا ئەرکەکانی ئایندەیان فێربن (البار ، ١٩٩٨ : ٩٩-١٠٠) .

بەهۆی ئەم دابەشکردنی کارەوە پیاو دەسەڵاتی تەواوی وەرگرت و بەڕێوەبردنی کارەکان بە لای پیاودا کەوتەوە، هاوکات زۆر پسپۆری تازە لە بواری ڕۆشنبیریەوە واتە لە سادەترین

کارەوە تا دەگاتە شاعیری و زانایی و هونەرمەندی تەنها کاری پیاوان بوو ژنانیش لە چالاکیە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریەکان دورخرانەوە و خزێنرانە نێو چوار دیواری ماڵەوە، ئا لێرەدا سیفاتە جیندەریەکان دەرکەوتن و پاشان لە کلتوردا جێگیربوو چووە ناو تێروانین و پێشبینەکانی کۆمەڵگە بۆ نێرو مێ و کەناڵەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیش ڕۆڵێکی باڵایان گێڕا لە جێگیرکردنی لە ناو ناخ و هزرو دەروون و هەڵسوکەوتی تاکەکان جا راستەوخۆ بێت لە ڕێگەی فێرکردن یان ناراستەوخۆ بێت لە ریگەی ئیش کردن و لاسایی کردنەوە (مجموعه مؤلفين ، ١٩٩٩ : ١٠٨) . کەواتە جیاوازی نێوان ژن و پیاو بابەتێکی مێژووییە چونکە نە ژن جەوهەری تایبەت بە خۆی هەیە و نە پیاو، واتە ژن لەناو کلتوردا ئەو قاڵبە وەردەگرێت کە کلتور بۆی دەست نیشان کردووە و پیاویش بەهەمان شێوە نوسەرو فەیلەسوفی فەرەنسی (سیمون دی بوفوار) ) (١٩٠٨-١٩٨٦ ) دەڵێت، مرۆڤ بە ژنی لە دایک نابێت ، بەڵکو ئەو قاڵبە وەردەگرێت کە کۆمەڵگە بۆی دارِشتووە و دەبێتە ژن (أوكين ، ٢٠٠٢ : ٥٠).

بە گشتی شۆڕشی پیشەسازی گۆڕانکاری گەورەی بەسەر کۆمەڵگەکاندا هێنا لەوانە هاتنە دەرەوەی ژن لە ماڵ و کارکردن لە کارگەکاندا و پاشانیش بەهۆی پێویستی کارەکەیان ژنان پەنایان بۆ خوێندن بردووە بەمەش وردە وردە ڕێژەی نەخوێندەواری لە نێو ژنان کەمی کرد، تەنانەت سەردەمی شۆڕشی پشەسازی بوو بە سەرەتایەک بۆ دەرکەوتنی بزوتنەوەی فیمینیستەکان ڕۆڵی باڵایان گێڕا لە هاندانی ژنان بۆ ئەوەی لە بەندیخانەی ماڵەکانیان بێنە دەرەوە و بخوێنن و کاربکەن و ئاستی هۆشیاریان بەرز بکەنەوە و زۆرێک لە مافەکانیان بۆ دەستەبەر بکەن و هاندران بۆ ئەوەی خودی خۆیان بسەلمێنن لە زۆرێک لەوبوارانەی بۆ سەردەمانێک لەلایەن پیاوان قۆرخکرا بوو بریتی بوو لە سیاسەت وبازرگانی (قادر ، ٢٠٢٠ : ١٤٠).

فێمینستەکان ئەوانەبوون کە خەباتیان بۆ ئازادبوونی ژنان دەکرد لە گشت ئەو کۆت و پێوەندانەی کە مێژوویەکی درێژ کۆمەڵگەی باوک سالاری لە دەست و پێی ژنانی نابوو کە بە هۆیانەوە هەموو بوارە گرنگەکانی لە ژن تەسک کردبۆوە و ژنی وەک کۆیلە دەبینی، بزوتنەوە فێمینیستەکان دەتوانرێ بگەڕێندرێتەوە بۆ زۆر لە مێژەوە ، فێمینزم مانای ژنانە یان سیفەتی ژنانەی پێدرا، واتە خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی ژن (Womanism) ناودەبرا، رێکخراوەکانی بزوتنەوەی ژنان پێی دەوترا (بزوتنەوەی مافی ژنان ) کە جەختیان لەسەر بەدەستهێنانی مافە مەدەنیەکانی ژنان دەکرد . فێمینیستەکان باوەڕیان بەچەند دەرئەنجامێکی بناغەیی هەیە، کە ساکارترینیان ئەوەیە ژن و پیاو مرۆڤن و دەبێ لانی کەم وەک و یەک بەهرە لە مانای مرۆڤایەتیەکانی خۆیان وەرگرن ئەو یەکسانیەش دەبێ لەلایەن گشتەوە قبوڵ کرابێ و کۆمەڵگەو یاسا دانیان پێدانابێ، واتە فێمینیزم کاری ئەوەیە هاوکێشەیەک دروست بکات کە ژنان و پیاوان لە ڕووی بەهای مرۆڤایەتی و ماف و کارەوە یەکسان بن، ئامانجیان ئەوەیە

کۆمەڵگەیەکی مرۆڤانەی ئایدیاڵ بێتە بەرهەم کە دەسەڵات و سەپاندن باوی نەمێنێت (لی گەیت ٢٠١٥، : ١٧-١٩) .

لەگەڵ ئەمەشدا دەرکەوتنی شێوازێکی تری بەرهەم هێنان کەتیایدا ئابوری ئیشتراکی جێگەی سەرمایەداری گرتەوە واتە (موڵکداریێتی تایبەت)، لە زۆرێک لە دەوڵەتانی رۆژئاوایی و ئاسیادا حکومەت کارگێڕیکردنی هەموو موڵکداریێتی بەشێوەیەکی مەرکەزی گرتە ئەستۆ، واتە شێوازێکی تازەی بەرهەمهێنان هاتە کایەوە کە ڕێزگرتنی تەواوی بۆ هێزی کارکردن هەبوو بە تایبەت هێزی کارکردنی ژنان، واتە گواستنەوەی ژنان لە ناو ماڵ و خێزان بۆ پلان دانانی کۆمەڵایەتی و پاشان ئابوری بەکاربردنی بەکۆمەڵ، ئازادکردنی ژن لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ئەخلاقیەوە وای لێکردن سەربەخۆ بن لە ڕووی کارکردنەوە (زینب ، ٢٠٠٥: ١٣٩) .

لە قۆناغی ئیشتراکی هەوڵ درا بۆ باشترکردنی کرێی ژنان بەپێی جۆری کارکردن دەبێت بەشێوەیەکی یەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا بەبێ جیاوازی جێ بە جێ دەکرێت، کەواتە چارەسەرکردنی کێشەی ژنان پێویستی بە سیستەمێکی بەرهەمهێنانی بەبەرنامە بۆ داڕێژراو دەبێت ئەمەش نەک تەنها بۆ بژێوی خێزان بەڵکو بۆ بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگەش بەسودە. دەرکەوتنی ئەم قۆناغە هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی ژنان دەربازبن لە سیستەمی چینایەتی و نێر سالاری و بەدیهێنانی دەستکەوتێکی زیاتر لەوانە کەمکردنەوەی کاتژمێری رۆژانەی کارکردن بۆ (٨) کاتژمێر(الکسندر ، ١٩٧٨ ، ٦٥)

سەرەڕای ئەو گۆڕانکاریانەی کە ڕوویدا لە دۆزی ژن لە جیهانی کارکردن بەڵام تا ئەو کاتەش خاوەنی کاری بازرگانی تایبەت بە خۆیان نەبوون تەنها ئەو ژنانە نەبێت هاوسەریان نەبوو یان ئەوانەی دەیانویست لە هەژاری و نەداری ڕزگاریان بێت،هەر بۆیە لە ناوەڕاستی سەدەی (18 ) زۆرێک لەو ژنانە بونە خاوەن بازاڕو کار هەرچەندە سەرەتا لەلایەن کۆمەڵگە قبوڵ نەدەکران، چونکە بۆ ژن شیاو نەبوو ئەو کارانە ئەنجام بدات و تەنانەت کۆمەڵگەش زۆر بە توندی دژایەتی دەکردو بە لادان لە سروشتی خۆیان تۆمار دەکرا (Schmidt,1976,257) .واتە لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگەو دەرکەوتنی پیشەسازی زۆرێک لە ژنان توانیان کار و پرۆژەی تایبەت بە خۆیان هەبێت تا بتوانن بژێوی ژیانیان دابین بکەن . ئەگەر تەماشای ئەم ژنانە بکەیت دەبینیت ژنانێک هەبوون تەنانەت ئەرکی دایکایەتیش نەیتوانیوە ڕێگر بێت لە پێشکەوتنیان لە کاردا و زۆریشیان بونەتە خاوەن براندی جیهانی خۆیان، تەنانەت لە ساڵی (١٨٥٧) دا (باربرا سمیث بودیسون ) لە ئەمەریکا دەڵێت ئەگەر چی مێژووی ژنانی خاوەن کار هەڵکشان و داکشانی زۆری بەخۆیەوە بینیوە ، بەڵام لە سەرەتای سەدەی (٢٠) کاندا ئەم کارە گۆڕاو بوو بە هەڕەشەکردن بۆ سەر پیاوان و دەرکەوتنی ژنان لە بواری کۆمەڵایەتی ، پێیوایە نادادپەروەرانەیە ئەگەر بوترێت پیاوان بە تەنها بژێوی ژیانی ماڵ و منداڵ دابین دەکەن کە ئەمەش زۆر گونجاو بوو بۆ ئەوەی ژنان کاری بازرگانی بکەن (لی گەیت ، ٢٠١٥، ٢٨٧).

واته جەنگی جیهانی دووەم هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی ژنانی خاوەن کار ڕوو لە زیادبوون بکەن و بێنە ناو مەیدانی بازرگانی و ئابووری سەربەخۆیی خۆیان هەبێت، سەرەڕای ئەوەش لە (٨٠ و ٩٠) کانی سەدەی (٢٠) بەرهەمی کارو ماندوو بونی ئەم ژنانە هاتە دەرکەوتن بۆ نموونە توانرا لە ساڵی (١٩٨٨) کۆنگرێسی ئەمریکی ناچار بکرێت یاسایی موڵکدارێتی ژن دەربکات و یەکسانی لە قەرز دابنێت و تەنانەت ئەو یاسایە رەتکرایەوە کە دەبوایە ژن بە ئیمزای هاوسەرەکەی قەرزی وەربگرتایە ، لەلایەکی تر (سۆزان انجید بیتر ) دانرا بەسەرۆکی کارگێری کارە بچوکەکان لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لە (١٩٨٩ ) چەندین ڕێکخراو دامەزرا بۆ هاندانی ژنان تا کاری سەربەخۆیی خۆیان هەبێت جا بچوک بێت یان گەورە هەر بۆیە لە ئێستادا لە زۆرێک لە وڵاتە پێشکەوتوەکان ڕێژەیەکی زۆری ژنان خاوەن کاری سەربەخۆیی خۆیانن ئەگەر چی بەبەراورد بە پیاوانی خاوەن کار هێشتا رێژەکە زۆر کەمترەو جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوانیاندا بەڵام ئەم کەلێنە زۆر گەورەترە لە وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (قادر، ٢٠٢٠، ١٤٦) .

## باسی یەکەم : پاڵنەرەکانی کارکردنی ژنان

ژنان هەر لە کۆنەوە خەبات دەکەن لە پێناو یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، هەر بۆیە لە هەوڵی ئەوەدان ڕۆڵێکی گەورەیان هەبێت لە مەیدانی کارو دەرخستنی خودی خۆیان لەڕێگەی کارکردنەوە بتوانن کۆمەڵێک دەسکەوت بەدەست بهێنن . وە لە گرنگترین ئەو پاڵنەرانەی وا لە ژنان دەکات بچنە مەیدانی کارکردنەوە بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە : -

## یەکەم : پاڵنەری خودی

مەبەست لە پاڵنەری خودی هەموو ئەو پاڵنەرە ناوەکیانەی کە هاندەری تاکە بۆ ئەوەی ئامانجی هەبێت لە ژیان و پلان و بەرنامەی تایبەت دابنێت بۆ گەیشتن بەو ئامانجە لە ناخەوە تاک دەوروژێنێ بۆ گەیشتن بە خەونەکانی(عدس، ١٩٩٨ : ٣٣٦)، بەڵام ئەم پاڵنەرە ناوەکییە بە ئاسانی بەدەست نایەت بەڵکو پەیوەستە بە هەندێک فاکتەرەوە واتە جۆری پەروەردەکردن و شێوازەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە قۆناغی منداڵیدا ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر کەسێتی کە ئەمەش پەیوەستە بەو ژینگەیەی خێزان بۆی دروست دەکات بە تایبەتی مامەڵەکردنی باوان بۆ مندالەکانیان و دابینکردنی پێداویستیەکانیان وای لێدەکات هەست بە ئارامی دەروونی بکات، واتە ئەو خۆشەویستی و سۆز و گرنگیدانەی لە خێزانەوە وەریدەگرێت وای لێدەکات ڕێز لە خۆی بگرێت و متمانەی بە خۆی هەبێت و بەمەش دور دەکەوێتەوە لە ململانێ و گرێی دەروونی. دەروونناسی ئەمریکی مۆرای (Henry Murry 1893-1988 )پێی وابوو زۆربەی ئەو منداڵانەی پاڵنەری بەدەستهێنانیان بەرزە (دافعیە التحصیل) لە خێزانێکدا پەروەردەکراون بەردەوام دایک و باوکیان سۆز و خۆشەویستیان پێبەخشیون و هانیان داون و بواری

سەربەخۆیان بۆ ڕەخساندووون و وایان لێکردون پشت بە خۆیان ببەستن لەسەر جێ بە جێ کردنی کارو چالاکیەکانی ڕۆژانەیان وەک (یاری کردن، نان خواردن، جێبەجێکردنی کارو چالاکیەکانی قوتابخانە، هەڵبژاردنی جل و بەرگ ) وە پاداشت کراون ، واتە ئەو کەسانەی ئەم پاڵنەرەیان بەرزە زۆربەی جار لە ژیانی واقعیدا سەرکەوتو دەبن و پلەو پایەی کۆمەڵایەتی زۆر بەرز بە دەست دەهێنن ( قەرەچەتانی، ٢٠٠٦ : ١٠٦ – ١٠٧) .

دایک تەنها ئەرکی پڕکردنەوەی پێداویستی یە بایەلۆجیەکانی منداڵ نیە ئەوەندەی زیاتر ڕۆڵ دەبینێ لە پڕکردنەوەی پێداویستیە دەرونی و سۆزداری و کۆمەڵایەتیەکانی منداڵ، بۆیە دەتوانین بڵێین دایک بە تایبەتی ڕۆڵی باڵا دەگێڕێ لە بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵ و لە حاڵەتێک ئەگەر دایک بەشێوەیەکی تەندروست ئەم ڕۆڵانەی بینی ئەمە کاریگەری دەبێت لەسەر هاندانی مرۆڤ لەسەرەتای تەمەنی منداڵی بۆ ئەوەی هەوڵ بدات بۆ ڕێزگرتن لە خۆی و پێگەیاندنی . زانای دەروونناسی مرۆڤگەرایی ئەبراهام ماسلۆ ( Abraham Maslow) هەرەمێکی پۆلێنبەندی دانا دابەشیکردبوو بەسەر چەند پلەیەک ، لە هەرەمەکەدا پێداویستیەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی پلەبەندی ڕێکخراون (الكلاده ، ٢٠٠٨ : ٢١٢)، و تیایدا پێداویستیە سەرتاییەکان و پاشان پێداویستی بۆ هەست کردن بە ئارامی و ئاسایش و لە پلەی دواتر پێداویستی بۆ سۆزو خۆشەویستی و قبوڵکردن تا دەگاتە لوتکەی هەرەمەکەو بە جێگەیاندنی خودە، مەبەست لێی هەست کردنی مرۆڤە بە گرنگی و بەهاو ڕۆڵی خۆی و ئامانج و پلانی بۆ ژیان هەبێت (بربر ، ٢٠٠٨ : ١٥٧) .

هەروەها (ماسلۆ) جەخت دەکاتەوە لەوەی کاتێک تاک دەگاتە لوتکەی هەرەمەکە پێداویستی پلەکانی خواروی پڕکردبێتەوە و گەیشتۆتە ئاستێک بە تەواوی خۆی دەناسێ و توانا دیارو شاراوەکانی دەزانێ و چیتر هەوڵ نادات ئەوەبێ کە ئەوانی تر پەسەندی دەکەن بەڵکو ئیتر بە هەموو باوەڕێکی هەوڵ دەدات ئەوەبێت کە خۆی دەیەوێت (شاملۆ، ٢٠١٩ : ١٩٩)، بەڵام هەمیشە بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکانی پێویستی بە باوانی و بە تایبەت دایک هەیە چونکە دایک تەنها ڕۆڵی بەخێوکردنی منداڵ نیە واتە دابین کردنی پێویستی سەرەکی بۆ مانەوەی لە ژیان ئەوەندەی ڕۆڵی پڕکردنەوەی پێداویستی سۆزداری و هەڵچونی و دەروونیەکانی تاکی لە ئەستۆیە هەنگاو بە هەنگاو پشتیوانی بێت تا دەگاتە پلەی باڵای خودناسی و کاتێک دەگاتە لوتکەی هەرەمەکە ئەو کاتە ئیتر متمانەی تەواوی بە خۆی هەیەو ئەو کارە دەکات کە باوەڕی پێیەتی هەرکات ئەم پێداویستیانەی مرۆڤ پڕبکرێتەوە ئەوا هەست بە بڕوابەخۆبون و سەربەخۆیی دەکات و ئیرادەو متمانەو هێزی لا دروست دەبێت بۆ هێنانەدی خەونەکانی (مساعديه ، ٢٠١٣ : ٣٤) .

ئەمەش بۆ ژن لەبواری کاردا بەرجەستە دەبێت کاتێک کۆمەڵگە ژن لە چوارچێوەی ماڵدا بەند دەکات و ڕێگای دەربازبونی لێ دەگرێت کارکردن تاکە ڕێگایەکە لێوەی هەست بە بونی

خۆی دەکات و بەمەش متمانەی بەخۆی زیاتر دەبێ بەتایبەتیش سەرکەوتوبێت و خەڵکی بە چاوی ڕێزەوە تەماشای دەکات (مصطفی ، ٢٠٠٥ : ١٤٣) .

لە لایەکی ترەوە  چوونە دەرەوەی ژن لە ماڵ و تێکەڵاوبوون لەگەڵ کەسانی تر رزگاری دەکات لە زۆرێک لەو خەم و  ئازارو ناخۆشیانەی لە ژیانی خێزانی دا تووشی دەبێ جا لە هەمان ڕەگەز بێت یان لە ڕەگەزی بەرامبەر ، کاتێک ژنێک کێشەی دەبێت لە ناو خێزانەکەی ڕەنگە وا هەست بکات هەر ئەم بە تەنیا  کێشەی هەیەو هیچ ڕێگا چارەیەکی نیە جگە لەوە ڕەنگە کەسێکیش شک نەبات خەم و ئازارەکانی بۆ باس بکات بەڵام کاتێک دەچێتە دەرەوەی ماڵ ، لەلایەک خەریک بونی بە کارەوە و سەرقاڵبوونی وای لێدەکات ئەگەر بۆماوەیەکیش بێت خەمەکانی لەبیر بکات . لەلایەکی تر کاتی هەیە بۆ قسەکردن لەگەڵ کەسانی دەوروبەری بەمەش بەشێکی تری خەمەکانی لەبیر دەچێ کاتێک ئاشنا دەبێ بە ژیان و کێشەکانیان تێ دەگات بەس تەنها ئەو نیە بەدەست کێشەکانیەوە دەناڵێنێ و ڕەنگە کێشەی ئەوانیش زۆر بە قورستر ببینێ لە خۆی و ئەمەش دەبێتە دڵنەوایی بۆی (سعداوی ، ١٩٧٤ : ١٧٤-١٧٥)، ئەمە جگە لەوەی کاتێک باسی کێشەکانی دەکات بەرچاو ڕوون دەبێت بە هۆکارەکانی کێشەکەی و ڕەنگە بە هاوکاری هاوڕێ و هاوپیشەکانی چارەسەر بۆ زۆرێکیان بدۆزێتەوە ، ئەمە جگە لەوەی هەر لە ڕێگای کارکردن ئەو وێنە زەینییەی لە مێشکیدا دروستبووە بەرامبەر بە خۆی گۆڕانکاری بەسەردا دێت، چونکە بە کارکردنی بەتایبەتیش سەرکەوتن لە کارەکەی بواری بۆ دەرەخسێت تا خۆی بناسێ و هێز و تواناکانی بزانێ و خاڵە بەهێزەکانی کەسێتی کە بە درێژایی تەمەنی چەپێنراوە و خەفەکراوە دەدۆزێتەوە جگە لەوەی بواری بۆ دەرەخسێت تا کار لەسەر خودی خۆی و تواناکانی بکات و گەشەی پێبدات و بەمەش وردە وردە متمانە بەخۆبوونی بۆ دەگەڕێتەوە و باوەڕی بەهێزو تواناکانی دەبێ و کەسێکی تازە لە خۆیدا دەناسێت کەپێشووتر نەیناسیوە، لێرەوە هەست بە بوونی خۆی دەکات (الجویر ، ١٩٩٥ : ١٠٧-١٠٨).

لە ڕاستیدا کارکردن کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر کەسێتی ژن وبە چالاکیەکی کۆمەڵایەتی و بە بەشێکی جەوهەری دادەنرێت لە ژیانیداو پایەو پلەی بەرزدەکاتەوەو زیاتر هەست بە بوونی خۆی دەکات و ئارامی و ئاسودەیی پێدەبەخشێت، هەر بۆیە بوونی کارێک و پلانی کار و قازانجی مادی بەس نین بۆ گەیشتن بە خاڵی ویستن بەڵکو زیاتر برەودانە بەڕۆحی مەعنەوی هەستکردنی بە بەهای کۆمەڵایەتی، لە ڕێی کارەوە بە چاوی ڕێزەوە تەماشا دەکرێت ئەمەش وایلێدەکات کەسێکی بکەر و چالاک بێت لە کۆمەڵگەداو و ڕازی بوونی خود دروست دەبێت .

## دووەم : پاڵنەری کۆمەڵایەتی

پاڵنەری کۆمەڵایەتی بە پاڵنەرێکی بەهێز دادەنرێت بۆ ئەوەی ژنان بتوانن بەرەو مەیدانی کارکردن هەنگاو بنێن پێگەو ڕۆڵی خۆیان بسەلمێنین لە خێزان و کۆمەڵگەدا . و لەگرنگترین پاڵنەرە کۆمەڵایەتیەکان بریتین لەمانەی خوارەوە:

**١. بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندەواری**

بەهۆی پێشکەوتن و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەکنەلۆجیا لەگەڵ زۆربونی داواکاری بۆ پێداویستیەکان وردە وردە ئەم پێشکەوتنە گەورەیە بۆتە پاڵنەر تا پەیوەندی بە خوێندنگەو زانکۆکانەوە بکەن بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەو پسپۆڕی جیاواز بە مەبەستی کارو چونە مەیدانی وەزیفەوە لەناو دام ودەزگا لۆکاڵی و حکومیەکاندا . خوێندەواری بە یەکێک لە پایەکانی کۆمەڵگە دادەنرێت و ڕۆڵی بەرچاو و دیاری هەیە لە پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا و پەرەپێدانی هەر کۆمەڵگەیەک دەوەستێتە سەر لایەنی پەروەردەو فێرکردن  کە بە فاکتەرێکی گرنگی کۆمەڵایەتی دادەنرێت لەم ڕووەوە ، ئەو بەهایەی فێری دەبین  یان  ڕەفتارو ڕەوشت و هەڵسوکەوتی هەرکەسێک و داهاتوی پەیوەستە بە ئاستی خوێندەواریەوە . یەکێک لەو توێژینەوانەی لە ئەمەریکا ئەنجامدراوە لە(1981)  لایەن (اودری شابمان سموک ) پێیوایە هەتا ژنان زیاتر بچنە بەر خوێندن و بڕوانامەی بەرز بەدەست بهێنن مەودای بیرو هۆشیاریان فراوانتر دەبێت و باشتر خودی خۆیان دەناسن و بە حەزو ئارەزوەکانیان ئاشنا دەبن و زیاتر حەز بە کارکردن دەکەن زۆرجار ئەو پسپۆڕیەی کەسەکە دەیخوێنێت یارمەتی دەدات تا کارێکی تایبەت بە خۆی هەڵبژێرێ ئەو کات بەو زانیاریەی وەریگرتوە دەتوانێ سودی باش بە کارەکەی بگەیەنێت و زیاتر گەشەی پێبدات و بەرەو پێشکەوتنی بەرێت ، لەم سەردەمەی ئێستا کە سەردەمی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆجیاو هۆکارەکانی ڕاگەیاندنە ئێستا ژنان باشتر دەتوانن سود لە تەکنەلۆجیاو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان وەربگرن بۆ ئەوەی کارێک بدۆزنەوە کە بگونجێ لەگەڵ خۆیان و حەزی پێبکەن یان ڕەنگە بەکاریبهێنن بۆ ناساندنی بەرهەمەکانیان و زیادکردنی کڕیارەکانیان و ریکلامکردن بۆ کاڵاکانیان واتە ئەگەر لە ماڵیشەوە دابنیشێت و کارێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە بۆ نموونە کارێکی دەست ڕەنگینی دەتوانێت هەربە ئۆنلاین و بازاڕ بۆ بەرهەمەکەی پەیدا بکات و ساغی بکاتەوە (Smock,1981:209) .

یەکێک لەو توێژینەوانەی لە زانکۆی هارڤارد ئەنجامدراوە(١٩٩٤) لەلایەن هەریەکە لە توێژەران ( انکلس و سمث ) پێیان وایە  پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لە نێوان خوێندن و کارکردن بەو پێیەی ئەو کەسەی کاردەکات بەردەوام بیرۆکەو زانیاری تازەی پێیەو زیاتر بەشداری لە چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان دەکات ودەتوانێ پەیوەندی باش دروست بکات لەگەڵ دەوروبەری بۆ ئەمەش بواری کارکردنی بۆ دەرەخسێت، ڕەنگە خوێندن پاڵنەرێکی بەهێز بێت بۆ هاندانی ژن تا بەشداری بکات لە بواری کارو چالاکی و بازرگانیدا(143 : 1994 , Inkeles) .

کەواتە بەرزبوونەوەی ڕێژەی خوێندەواری لای ژنان بە پاڵنەری بەهێز دادەنرێت لە ئاڕاستە کردنیان بۆ کارکردن لە دەرەوەی ماڵ، بەو پێیەی بەدەستهێنانی پلەیەکی زانستی زیاتر هەل دەدات بە ژنان و بواریان بۆ دەرەخسێنێت کە بەشداری لە کارە جۆراوجۆرەکاندا بکەن وگەشە بە بواری داهێنان و لایانی زانستی و هونەری بدەن و شان بەشانی پیاوان کاربکەن کە یارمەتیدەر دەبێت لە گۆڕینی ئاڕاستە کۆمەڵایەتیەکانی لە کۆمەلگەدا و ڕزگاریان دەبێت لەوکلتورەی کە دەستی بەسەرئازادی کچان و ژناندا گرتووە لە بواری خوێندن و کارکردندا .

**٢.پێگەی کۆمەڵایەتی**

بە پێی تیۆری ڕۆڵی کۆمەڵایەتی هەر پێگەیەکی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی دیاری کراو هەیە لە کۆمەڵێک ڕەفتارو هەڵسوکەوت پێک دێت کە چاوەڕێ دەکرێت لەو تاکە لەو پێگەیەدایە ئەنجامی بدات واتە پێش ئەوەی کەسێک بچێتە پێگەیەک کۆمەڵگە پێش وەختە بۆی دەست نیشان کردووە ئەم ڕۆڵانە چین دەبێت بیگێڕێت ولەهەمان کاتدا ڕێگە پێدراو و قەدەغەکراوەکانیش بۆ دەست نیشانکراوە واتە دیارە چی بۆ هەیە بیکات و چی ناتوانێت ئەنجامی بدات ئەم پێگانە هەر لەسەر ئاستی گشتی کۆمەڵگە نیە بگرە لە نێو خێزانیش ڕۆڵەکان دابەش کراون وەک (امیل دورکایم) دیاری کردووە بە (ڕۆڵی دەربڕین) کە ڕۆڵی پیاوانە بریتیە لە دابین کردنی بژێوی ژیان و ئامادەکردنی تاکە بۆ دەرەوە ی ماڵ و کۆمەڵگەیە (ڕۆڵی پاڵپشتیکردن) ڕۆڵێکی ژنانەیە دایک دەبێ ئەنجامی بدات بریتیە لە پەروەردەکردنی منداڵ و پێدانی سۆز و خۆشەویستی و دەستەبەرکردنی ئارامی و ئاسایشی دەروونی ئەو منداڵە (الحسن ، ١٩٩١ : ١٦٤) .

لێرەوە هاتنە دەرەوەی ژن لە ماڵ و کارکردن و پەیداکردنی داهات وای لێکرد هەست بە بونی خۆی بکات، وەک پیاو بوو بە دابینکاری بژێوی ژیان لێرەوە وەک مرۆڤێک تەماشادەکرا و هەستی پێکراو ڕێزی لێگیراو گوێ بۆ بڕیارەکانی گیرا ئەم پێگە کۆمەڵایەتیە لە نێو خێزان ولە دەرەوەی خێزان بەدەستی هێنا بووە هاندەرێک بۆ ئەوەی هەوڵ بدات بەوەی لەمەودوا تەنها کارێک نەکات لەبەرامبەر داهاتێک و لە ژێر فەرمانی خاوەن کارێک بێت کە زۆر جار ناهەقی بەرامبەر دەکرا بەڵکو وایلێهات هەوڵ بدات خۆی ببێتە خاوەن کارو بڕیاردەری ئەو کارە و کاتێکیش ئەمەی بەدەست هێنا ئەوا پێگەی بەرزتر بۆوە لە کۆمەڵگە (محمد ، ٢٠٠٤ : ٤٩-٥٠ ) .

کەواتە پێگەی کۆمەڵایەتی ژن بە پاڵنەرێکی گرنگ دادەنرێت لە ئاڕستەکردنی ژنان بۆ کارکردن ڕۆڵی باڵا دەگێرێت لە دروست کردنی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا و بە تایبەتی لە کوردستاندا زۆرێک لە ژنان توانیان بگەنە پۆستە بڕیاربەدەستەکان و بەمەش چونەدەرەوەی ژن و بەشداری پێکردنیان لە مەیدانی کارکردن بوە هۆی ئەوەی کە تێڕوانینی خەڵکی بۆ ژنان بگۆڕێت و ئاسانکاریان بۆ بکرێت.

## سێیەم :پاڵنەری ئابوری

لەم ساڵانەی ڕابردوودا گۆرانکاری خێراو مەزن لە کۆمەڵگە ڕوویدا گۆڕانکاریە مادی و ئابوریەکان راستەوخۆ کاریان کردە سەر سروشتی جەستەو دەروونی مرۆڤی کۆمەڵگەی نویَ، ئەمرۆ فەلسەفەی پارەو هەوڵی گەشەدان بە ئابووری و پێشبڕکێی خێرای نێوان کیشوەرەکانی دنیا بۆ بەرەوپێش چوونی ئابوری لە لوتکەدایە هەر لەبەر ئەمەشە ڕەوشە ئابوریەکان پلەو ڕادەی پێشکەوتن و ئاستی ژیان و گوزەرانی خەڵکی لە ڕووی مادییەوە دیاریدەکەن ڕۆشنبیری و بەها باوەکان و یاساو ڕێبازەکانی پەروەردەو فێرکردن و هزرو دەزگاکانی ڕاگەیاندن و فەلسەفەی سیستەمی سیاسی و ئەوەی خەڵکی لەسەری ڕاهاتوون  تێکڕا لە فۆرمەلەکردنی ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئابوری کۆمەڵدا بەشداری دەکەن لە ڕێگەی چەند پلانێکی بوژێنەری ئابوری کۆمەڵایەتی و تەندروستیەوە بە ئەنجام دەگەیەندریَ، ژنانیش شانبەشانی پیاوان جێگای خۆیان دەکەنەوەو، هەوڵ و ماندوبوونەکانیان لە پێناو پێشکەوتنی خۆیان لە کۆمەڵەکەیاندا بەرجەستە دەکەن ( اسماء ، ٢٠١٥ : ١٩٧-١٩٨ ) .

کەواتە گرنگی ڕۆڵی ژنان لە دوای هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمەوە دەرکەوت ، ئەم دوو جەنگە واقعێکی تاڵی وەهایان نمایشکرد کە لێوان لێو بوو لە هەژاری و نەداری و نەهامەتی، ژنانیش پشکێکی گەورەی ئەو واقعەیان کەوتبووە سەرشان، دواتریش لەگەڵ گۆڕانی شێوازی گوزەرانکردن ئیتر لە پاڵ پێداویستیەکانی خۆراک و پۆشاک و شوێنی نیشتەجێبوندا پێویستی بە خوێندن و تەندروستی و زانین بووە مەرجی سەرەکی ژیان کردن ڕەوشەکە وایلێهات ئەگەر پەراوێز خستنی ژنان بەردەوام بێت دەبێتە هۆی تەشەنەکردنی هەژاری و برسێتی (کۆمەڵێک نوسەر ,٢٠١٠: ٧٩ ) .

دواتر ژنان توانیان پشت بە توناکانی خۆیان ببەستن و بەرەو مەیدانی کارکردن هەنگاو بنێن هۆکارەکەی لایەنی دارایی و تێرکردنی پێداویستیە جیاوازەکانیەتی بەبیَ پشت بەستن بە کەسی تر، کە ئەمەش ڕۆڵی هەیە لەبەدەستهێنانی پێداویستیە سەرەکیەکانی تاک و هەست کردن بە پێگەو ڕۆڵی کۆمەڵایەتیان هەربۆیە باری ئابووری ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە دارشتنی پێکهاتەی کەسێتیدا، کەواتە کەسێتی ژنانی ئیشکەر لە بواری ئابوری وایکردووە کەمتر ژێر دەستەی ڕەگەزی بەرامبەر بن و زیاتر بتوانن پشت بە تواناکانیان ببەستن و دورکەونەوە لە سیستەمی نێرسالاری، ئەمەش وایکرد کۆمەڵگە بەرەو  دۆخێکی باڵاتری دیموکراتی و  بڕیاردان بڕوات کە لە بەرژەوەندی یەکە بە یەکەی  ئەندامانی خێزان بێت (کریم ، ٢٠٢٠: ٣٩) .

کەواتە هۆکاری سەرەکی کارکردنی ژن لە دەرەوەی ماڵ زیادکردنی داهاتی خێزانە ، ئەمەش گرنگیەکی خۆی هەیە بە تایبەت لەم سەردەمەی ئێستا کە زۆربوون  و جۆراوجۆربونی پێویستیەکانی خێزان و بە تایبەت گرنگیدان بە خێزان نەک تەنها بە پڕکردنەوەی پێداویستیە سەرەکیەکانی ژنان بەڵکو گرنگی دانی بە پێداویستیە لاوەکی و جوانکاریەکانیش ڕۆژ بە ڕۆژ لە

گۆڕانکاریدایەو وایکردووە بە تەنها بوونی تاکە کەسێک لە خێزان کاربکات و پارە پەیدا بکات بەس نەبێت بۆ ئەوەی بتوانێ ئەم پێداویستیانەی پڕ بکاتەوە هەر بۆیەش زۆرێک لە خێزانەکان ژن و مێرد شان بە شانی یەکتر کار دەکەن و پارە پەیدا دەکەن تا بتوانن پێداویستی خێزان پڕ بکەنەوە (بوتفنوشت ، ١٩٨٠ :٢٠-٢١) .

یەکێک لەو توێژینەوانەی (Steffen W Schmidt) لە ئەمەریکا ئەنجامیداوە لە (١٩٧٦)پێیوایە زۆرێک لەو ژنانەی کاریان دەکرد لە دەوڵەتە ئەوروپیەکان بە تایبەت لە هەفتاکانی سەدەی پێشوو جەختیان کردبوو لەسەر ئەوەی بەردەوام دەبن لەسەر کارکردن و هیچ شتێک ڕێگریان لێناکات چونکە بەدەستهێنانی داهات و سەربەخۆبونیان لە خزمەت خۆیان و ئارەزووەکانیانەو ڕزگاربونیانە لە ژینگەی بەرتەسکی ماڵ و هەست کردنیان بە دڵنیایی و متمانە بەخۆبونە ئەمەش بۆ ئەوەی ببێتە پاڵنەر بۆ کارکردنیان و بەردەوامیدان سەرەڕای قورسی و بارگرانی سەرشانیان، لەلایەکی تر گۆڕینی ژیان بەرەو ئاراستەی مادی ڕێزو نرخ و بەهای مرۆڤی کردووە بەوەی پەیوەست بێت بە بڕی ئەو داهاتەی بەدەستی دەهێنێ بەهۆی زۆربون و جۆراوجۆربونی پێویستیەکان نەک تەنها سەرەکیەکان بگرە لاوەکیەکانیش بەمەش زیاتر ژنان متمانەیان بە خۆیان دەبێت و لەگەڵ هەموو ئاستەنگەکان سوورن لەسەر مانەوەیان لە بازاڕی کارو بازرگانی (Schmidt ، 1976 : 257) .

کەواتە خاڵی سەرەکی لە پێش کارکردنی ژن بەدەست هێنانی داهاتی ئابورییە کە کاریگەری هەیە لەسەر رزگار بوونی لە ملکەچ بوون و پاشکۆیەتی و دابین کردنی ژیانێکی ئاسودەتر و دۆخێکی لەبارتر بۆ خۆیان و ماڵ و منداڵ، جۆرێک لە ئازادی و دەسەڵاتی پێ دەبەخشێت لە زۆریک لە کێشەکان ڕزگاری دەبێت زیاتر پشت بە خۆیان ببەستن، بە تایبەت لە کوردستان لەم لەم بارودۆخ و ڕۆژگارەی ئێستادا بە هۆی قەیرانی دارایی و بەجیهانیبون و خێرایی گۆڕانکاریەکان وایکردووە پێداویستی ژیان لە ئارادایە .

## باسی دووەم : شوێنەوارەکانی بوون بە ژنی خاوەن کار لەسەر خودی ژنان و خێزان و کۆمەڵگە

یەکێک لە گرنگترین پێوانەکان بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی پێشکەوتووی کۆمەڵگا هەبوونی ژنە لە کایە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا هەبوونێک کە شوێنەوارێکی راستەوخۆی لەسەر گشت لایەنەکانی کۆمەڵگەدا هەبێت، هەربۆیە پێشکەوتنی کۆمەڵگە پێویستی بە بەشداریکردنی ژنانە بەشێوەیەکی یەکسان لە دانانی پلان و ستراتیژیەتی کاروبارەکانی و ئامادەیی بەردەوامیان هەبێ . ئەمە لەکاتێکدا کە ژنان بەهۆی چونە دەرەوەیان لە ماڵ توانیویانە ببنە خاوەن ئەزمون و شارەزایی و کارو پیشەی تایبەت بەخۆیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشەو گرفت و بەربەست بونەتەوە کە ڕێگرە لەبەردەم پێشکەوتن و چوونە پێشەوەی زیاتری کە وایکردووە لە ئەنجامدا کۆمەڵێک شوێنەواری ئەرێنی و نەرێنی لەسەر ژیانی بەجێهێشتووە . هەربۆیە لەم

توێژینەوەیەدا بە پێویستمان زانی ئاماژە بە هەندێ خاڵی ئەرێنی و نەرێنی کارکردنی ژنان بدەین جا بۆ خودی خۆیان بێت یان بۆخێزان و کۆمەڵگە .

## یەکەم : شوێنەوارە ئەرێنیەکانی بوون بە خاوەن کاری ژنان

گرنگترین خاڵە ئەرێنیەکانی کارکردنی ژنان بریتین لەمانەی خوارەوە:-

### ١ – خود سەلماندن

ئەگەرچی ڕووبەری ماڵ و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لە کۆمەڵگەی مۆدێرن بەرەو کەمبوونەوە هەنگاوی ناوە و بوونی پەیوەندیە لۆکاڵی و خێڵەکیەکان بەرەو تەسکترین ئاست گۆڕاون . لە لایەکی ترەوە (ژنی ماڵەوە) بە بێ ڕێزی تەماشادەکرێت و ئەو بەهایەی جارانی نەماوە، چونکە شێوازی چالاکیە ئابووریەکان گۆڕاوە لە پێشودا هەموو چالاکیەکان بریتی بوو لە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و بەمە ژن لە ناو ماڵیشدا هاوکاری پیاو بوو لە کارەکانی (الکسندر، ١٩٧٨ : ٩) . هەربۆیە لە ئێستادا کارەکان وادەخوازێت ژنانیش شان بە شانی پیاو بچنە دەرەوە بەشداربن لە جوڵاندنی ڕەوڕەوەی ئابووری و چونیان بەرەو مەیدانی کار، ئەمە بۆتە پێویستیەکی گرنگ بە ژنان هەروەک چۆن کۆمەڵگە سودی لێ دەبینێ بەهەمان شێوەش ژنان بەهۆی کارەوە دەتوانن سودمەندبن لە لایەک و لەلایەکی دیکەوە بەدەستهێنانی داهات یارمەتی دەرێکی باشە بۆ ئەوەی سەربەخۆبن لە ڕووی ئابووریەوە و ببنە خاوەن داهاتی خۆیان کە بەکاری دێنن لە پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەیان و حەزو ئارەزوەکانیانی پێ جێبەجێ دەکەن، جگەلەوەی ئازاد دەبن لە کۆت و بەندی ماڵ و کاری ناو ماڵ ئەمەش خۆشحاڵ و شادمان و ئاسودەیان دەکات . هەروەها ڕێزو بەها پەیدا دەکەن بەهۆی کار ئەمەش زۆر جار هاندەرە بۆ ئەوەی لە پێناو سەلماندنی خودی خۆیان کێبڕکێ بکەن بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتنی زیاتر (نعامە ، ١٩٨١: ٥٨-٥٩) .

کەواتە سروشتی مرۆڤ حەزی بەگەشەسەندن و خۆنواندن و کێبڕکێ هەیە، لەئەنجامی هەبوونی بوار بۆ ڕەهاکردنی ئەو وزەیە لە مرۆڤدا کەسایەتی پەرەدەستێنێ وە بە پێچەوانەشەوە چەپاندنی حەزەکان بێ هێزی دەکات توانای نواندنی کەمدەکاتەوە . بەپێی وتەکانی ( کارل روگەرس ) کە دەروونناسێکی ئەمریکیە، دەڵێت مرۆڤ کۆمەڵێک سیفاتی خۆرسکی ئەرێنی لە بونیدا هەیە کە پێکهاتووە لە جوڵەو جەستەو پڕۆسە عەقڵیەکان ئەگەر بخرێتە کار دەتوانێت ببێتە ڕێگەیەکی باش بۆ سەلماندنی خودی خۆی ، مەبەست لێی گەیشتنی مرۆڤە بە ئاستێک تیایدا خۆی بناسێ و توانا دیارو شاراوەکانی بزانێ و هەر زوو خولیاو خەونەکانی ئاشنا بێت بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە بزانێ چۆن کاربکات لەسەر بەتواناکردنی خۆی تا بوونی لە کۆمەڵگەدا بە سنگێکی فراوانەوە بسەلمێنێت ( قەرەداغی ، ٢٠٠٢: ١٥٣- ١٥٥) .

## ٢ . دابین کردن وباشترکردنی بژێوی ژیانی خێزان

کارکردنی ژنان بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری ئەرێنی لەسەر گۆڕینی ڕەوتی کۆمەڵگاو ڕەوش و بارودۆخ و بژێوی خێزان هەیە، یەکێک لە پاڵنەرە سەرەکیەکانی کارکردنی ژن لە دەرەوەی ماڵ دابین کردنی بژێوی ژیانە سەرەڕای ئەوەی ڕۆڵەکانی زۆر و فرە چەشنەیە، لە لایەک لەناو ماڵ دایک ، کەیبانوی ماڵ و هاوسەر خوشکە ، لەدەرەوەش وەک کەسێکی ئیشکەر یان خاوەن کار کاردەکات. ئەمە وا دەکات لەلایەن ئەندامانی خێزانەکەی بە چاوێکی ڕێزەوە تەماشا دەکرێت نەک هەر ئەوەندە بگرە شوێنەوارێکی ئەرێنی بۆ خودی خۆشی هەیە چونکە سەربەخۆبوونی لە کارو داهات یارمەتی دەرە بۆ هێنانەدی حەزو ئارەزوەکانی زۆرێک لە خێزانەکان پێیان وایە چونە دەرەوەی ژن بۆ شوێنی کارەکەی لەبەرامبەر داهاتێکی دارایی دەبێتە دروستکردنی گۆڕانکاری لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لە ناو خێزاندا، چونکە ئەو ژنەی کاردەکات زیاتر پشت بەخۆی دەبەستێت بەهۆی توانا ئابووریەکەیەوە دەتوانێت لە ڕێگەیەوە بژێوی ژیان بۆ خۆی و خێزانەکەی دابین بکات و یارمەتیدەرێکی باشی پاڵپشتی دارایی دەبێت بۆ هاوسەرەکەی و وا دەکات ڕۆحی هاوکاری لە نێوان هاوسەرەکان زیاد بکات و سەرئەنجام پەیوەندیەکان باشتر دەبێت لە نێوانیان . ( عبدالفتاح ،١٩٧٢: ٢٤٤-٢٤٣) .

زۆر لەخەرجی خێزان و و بڕیاردان لە ناو خێزاندا دەکەوێتە ئەستۆی ژنەوە بە تایبەتی ئەو پێداویستیانەی کە منداڵ داوای دەکات و گرنگن وەک جل و بەرگ و خواردن و ئامرازە سەرەکیەکان ..... هتد، هەموو ئەمانە هۆکارن بۆ ئەوەی زیاتر هانی ژنان بدات تا هەوڵ بدەن کارێکی باش پەیدا بکەن لە دەرەوەی ماڵ بەمەبەستی بەدەستهینانی داهاتێکی مادی و پشوی کۆمەڵایەتی و دەروونی. یەکێک لەو توێژینەوانەی لەجیهاندا کراوە کە بارو (Barrow) ئاماژەی پێداوە پێیوایە لە ٤٨% ئەو ژنانەی کاردەکەن پاڵنەری یەکەمیان لایەنی ئابووری و دابین کردنی داهاتە بە مەبەستی هاوکاری کردنی هاوسەرەکانیان و بەشداری کردن لە داهاتی خێزان بەتایبەتی ئەو خێزانانەی لە چینی هەژارن یان مامناوەندن داهاتیان کەمەو بەشی پڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان ناکات ، ئەمە جگە لەو قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتیەی بەرۆکی هەموو جیهانی گرتۆتەوە هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی خێزانەکان هانی ژنەکانیان بدەن بۆ کارکردن و ئابووری سەربەخۆیی خۆیان هەبێت لە ملکەچبوون پاشکۆیەتی ڕزگاریان بێت ، تەنانەت لەگەڵ فراوانبوونی هزری بەجیهانیبوون و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا وایکردووە کەل و پەل و کالاکان بە لێشاو بێنە بازاڕەکانەوەو ژیانی ئاڵۆز و قورس کردووە و داواکاری زۆر بووە بۆیە کارکردنی پیاو بە تەنیا لەناو خێزان بەشی پڕکردنەوەی پێداویستیەکان ناکات ئەمە وا دەکات ئەگەر چی خێزان حەز نەکات و نەشیەوێ ئەوا ناچاردەبێت هانی ژنەکان بدات بۆ کارکردن لە دەرەوەی ماڵ( کاظم ، ١٩٨٠: ٧٨).

(تماضر زهری حسون ) یەکێکە لەو توێژەرانەی کەلە ساڵی (١٩٩٦) لە سعودیە توێژینەوەیەکی ئەنجامداوە لەسەر کاریگەری کارکردنی ژن لە یەکگرتنی خێزان گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی ئارەزوی زیادکردنی داهاتی خێزان و باشترکردنی بژێویان هۆکارێکی سەرەکییە بۆ چونە بەر کاری ژنان بە تایبەت لەم سەردەمەی ئێستا کە گۆڕانکاری زۆر خێراو یەکجار گەورە بەسەر کۆمەڵگەدا هاتووەو پێداویستیەکان زۆرو جۆراو جۆربون کە تەنها پیاو ناتوانێ ئەرکی بەخێوکەری خێزان بگرێتە ئەستۆ و ئەو داهاتەی بەدەستی دێنێ بەشی ئەوە ناکات ژیانێکی شایستە بۆ خۆی و خێزانی مسۆگەر بکات بۆیە ژن لەبازاڕی کاردا بۆتە یەکێک لە پێویستیەکانی سەردەم (حسون ، ١٩٩٦ : ٩٥).

**٣ . کارکردنی ژنان بۆ پەروەردەکردنی منداڵ**

پەیوەندی دایک بە منداڵەکانیانەوە بەبەهێزترین پەیوەندی خێزانی دادەنرێت کە لای منداڵ تەنها روناکیەکە چاودێری دەکات و سۆز و خۆشەویستی پێدەبەخشێت گەورەی دەکات و وایلێدەکات بتوانێت بەشداری لە ژیانی کۆمەڵایەتی بکات ( نعامة، ١٩٨١ : ١٨٨ ) . واتە کارکردنی دایک جگە لە دەستکەوتە مادیەکەی ڕەنگدانەوەشی دەبێت لەسەر پەروەردەکردنی منداڵەکانی، چونکە ئەو منداڵانەی دایکیان کاردەکەن لە دەرەوەی ماڵ زیاتر کاتەکانیان ڕێکخراوترن یۆ خەوتن و هەستانیان بۆیە زیاتر پشت بە خۆیان دەبەستن لە خۆ ئامادەکردنیان بۆ قوتابخانە فێری ڕێزگرتنی کات دەبن، هەروەها فێر دەبن چۆن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ژینگەی جیاوازدا، تواناو لێهاتوویان باش دەبێت لە ڕووبەڕووبونەوەی کێشەکانیان وچارەسەرکردنیان بە ئاسانترین شێوە، هەندێک جار کارکردنی دایک لەدەرەوەی ماڵ دەرفەتێک دەڕەخسێنێت بۆ منداڵان تا پشت بەخۆیان ببەستن و فێری هاوکاری و کارکردن ببن لە ماڵداو جێدەستیان دیار بێت (کریم ، ٢٠٢٠ : ٦٥).

زۆرێک لەو توێژینەوانەی لە زانکۆکانی ئەمەریکا ئەنجامدراوە ئاماژەیان داوە بەوەی کە ژنی ئیشکەر دەتوانێت بەشەوق و چێژەوە ئەو کاتانەی کە لە ماڵەوە نییە قەرەبوی بکاتەو لەگەڵ منداڵەکانیدا سەرەڕای ئەو کاتە کەمەی کە هەیەتی بەپێچەوانەی ئەو ژنانەی لە ماڵەوەن و کاتیان زۆرترە ناتوانن زۆرتر چێژ وەربگرن لەگەڵ منداڵەکانیان هۆکارەکەی بەردەوام لەگەڵیاندان لە ماڵەوە لەوانە (هۆفمان Hoffmann) گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی کە کارکردنی ژنان لەدەرەوەی ماڵ بەشدارە لە چاندنی بەهایەکی تازە بە تایبەت ئەوەی پەیوەندی بە گەشەپێدان و پەروەردەکردنی منداڵەوە هەیە، ئەمە جگە لەوەی کارکردنی ژنان لەدەرەوەی ماڵ وای لێدەکات تێکەڵاوی ژنانی تر بێت و سوود لە ئەزمون و شارەزاییانە وەربگرێت و لێرەوە فێری بەکارهێنانی ڕێگاو شێوازی جیاواز دەبێ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵ ، جگە لەوەی بەهۆی ئەوەی ژنی ئیشکەر لە دەرەوەی ماڵ کاتێکی زۆر بەسەردەبات دوور لە منداڵەکانی بۆیە لەکاتی گەڕانەوەی ئارەزوو دەکات قەرەبوی ئەو کاتەی بۆ بکاتەوە و سۆزو

خۆشەویستی و نازی زیاتری پێ دەدات و زیاتر قسەی لەگەڵ دەکات و گفتوگۆی لەگەڵ دەکات و گوێی بۆ ڕادەگرێت و ئەمەش هاندەرێکی باشە بۆ منداڵ تا فێری دەربڕینی بیرو ڕاکانی بێت سودی دەبێت لە ڕووی پەروەردەیی بۆ کەسێتی منداڵ (فرحات ،١٢٩:٢٠١٢) .

جگە لەمەش هەریەکە لە توێژەران وەک (ماکجین ، مایراویز لە زانکۆکانی ئەمەریکا ) و ( کاتلین الکاسترو لە زانکۆی بەریتانیا ) هەستاون بە ڕووپێویکردنی کۆمەڵێک زانیاری لە ( ٢٩) دەوڵەتی جیاواز لەسەر ( ١٠٠) هەزار ژن و پیاو دەربارەی کاریگەری ئیشکردنی دایک لە دەرەوەی ماڵ لەسەر منداڵەکانی ( کوڕ و کچەکانی )، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو کچانەی دایکیان کاری کردووە لەدەرەوەی ماڵ توانیویانە زیاتر لەوانیتر کاریان دەستکەوێت و تەنانەت توانای ئەوەشیان هەبووە ببنە بەڕێوەبەرو خاوەنکار و داهاتی خۆیان، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کارکردنی دایکان نموونەیەکی باڵای ئەرێنی بووە لە بەرچاویان و ئەم کچانە کاتی کەمتر لە کاروباری ماڵدا بەسەردەبەن چونکە هاوشێوەی دایکیانن بەڵام بەپێی توێژینەوەکە هیچ پەیوەندیەک نییە لە نێوان کارکردنی دایک و ئیشکردنی کوڕان، تەنها ئەوەنەبێت ئەو کوڕانەی دایکیان لە ماڵەوەبووە تێڕوانینێکی جیاوازیان هەبووە بۆ بابەتی یەکسانی نێوان ژن و پیاو ئەوەش بە هۆی کاریگەربونیان بەوەی کە دایکیان کاری کردووە لە دەرەوەی ماڵ ( کریم ،٢٠٢٠ :٦٦) .

کەواتە یەکێک لە خاڵە ئەرێنیانەی کە ژنێک بتوانێت سەرکەوتووبێت و متمانەی بە خۆی و بەتواناکانی هەبێت و بە پاڵنەرێکی ناوەکی بەهێز دادەنرێت کارەکەیەتی کە ئەمەش وای لێدەکات زیاتر خۆڕاگربێت لەبەرامبەر ئەو هەمووە ناخۆشی و کێشە هەڵبەز و دابەزانەی لە کار و ژیانی خێزانیدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بە تایبەتی کارکردنی دایک جگە لە دەسکەوتە مادیەکەی کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر رۆح و جەستەی کە دواجار رەنگدانەوەشی دەبێت لەسەر پەروەردە کردنی منداڵەکەی، واتە ئەو منداڵانەی دایکیان کاردەکەن زیاتر هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەن و کاتەکانیان ڕیکخراوەو خۆیان زیاتر دەگونجێنن لەگەڵ ژینگەی جیاوازدا.

## دووەم : شوێنەوارە نەرێنیەکانی بوون بە خاوەن کاری ژنان

گرنگترین خاڵە نەرێنیەکانی کارکردنی ژنان لەمانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:-

### ١ . کارکردنی ژن و سنووردارکرنی ژمارەی منداڵ

زۆرجار ژن لە دەرئەنجامی کارکردنی لە دەرەوەی ماڵ ئارەزوو دەکات ژمارەیەکی کەم منداڵی هەبێت کە بێگومان کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر کۆمەڵگە بە گشتی و بەتایبەت ئەو کۆمەڵگیانەی ژمارەی دانیشتوانیان کەمە، واتە کارکردنی ژنان لەدەرەوەی ماڵ کاریگەری دەبێت بە ناڕاستەوخۆ لەسەر دیمۆگرافیای کۆمەڵگە ( زعفران،٦١:٢٠١٣) . یەکێک لەو

توێژینەوانەی کە هەریەکە لە (فرانسیس دکاری و کریستین کوربی ) لە (١٩٨٧) لەسەر بارودۆخی خێزان لە کەنەدا ئەنجامیانداوە گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی زۆرێک لە خێزانەکان ناچار دەکرێن بەوەی دەبێت لە نێوان دوو بژاردە  هەڵبژاردەیەکیان هەبێت واتە دەبێت بڕیاربدەن لە نێوان ئەوەی ببنە خاوەنی یەک منداڵ یان بوونی کاری فەرمی تایبەت بە خۆیان لەبەر ئەم هۆکارەیە زۆرێک لە ژنان  ناچارن لە پێناو پارێزگاری کردن لە کارەکەیان و مانەوەی لە کاردا قوربانی بە منداڵ خستنەوە دەدەن ( دکاری و کوربی ، ١٩٨٧ : ٦٢ )    .

کارکردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ نزمبونەوەی رێژەی منداڵ بونە و و زیادکردنی ژمارەی ئەو خێزانانەیە کە یەک منداڵیان هەیە، کەواتە توانای ئابووری خێزان  بەرپرسە لە خستنەوەی منداڵ تەنها لە پێناو فەراهەمکردنی خۆشگوزەرانی و خزمەتکردنی باش بۆ منداڵەکەیان بە تایبەت لە سەردەمەی ئێستادا ئەمەش بێگومان کاریگەری نەرێنی بەجێ دەهێڵێ لەسەر کەسایەتی منداڵ بەو پێ یەی چالاکی کەم دەبێ بەهۆی ئەوەی کاتە بەتاڵەکانی بە یاری کردن لەگەڵ خوشک و براکانی بەسەر نابات زیاتر کەسیەتیەکی شەڕانگێزو لادەرو خۆپەرست دەردەچێت و شوێنەوارێکی خراپ لەسەر گەشەی جەستەیی و عەقڵی و دەرونی و کۆمەڵایەتی بەجێ دەهێڵێت ، هەروەها گەشەی عەقڵی تەندروست نابێ ئەمەش نەک تەنها لە منداڵی بەڵکو لە گەورەبونیشدا ئەم شوێنەوارە نەرێنیە بەرچاو دەکەوێت تونای خۆگونجاندنی نابێت لەگەڵ کۆمەڵگە و کەسانی دیکە (بیدج ، ١٩٩٥ : ٥١ ) کەواتە نەک هەرکێشە بۆ منداڵیش دروست دەبێ بەڵکو بۆ دایک و باوکەکەش بەوپێیەی  کاتێک دەچنە تەمەنەوە کەسێک نابێ بە دڵسۆزی چاودێریان بکات بەردەوام لە ترس و دڵە ڕاوکێ دەژین لە ترسی لەدەستدانی منداڵەکەیان بەتایبەتی ئەوکاتەی دەگەنە تەمەنێک ژن توانای دروستکردنی منداڵی نامێنێت و بەهۆی سروشتی ژنێتیەوە . جگە لەوەش کاتێک کە منداڵەکەیان گەورە دەبێت بێ بەری دەبێ لە بونی خاڵ و مام و پور بەردەوام لە مەترسی لەناوچوندایە ئەم منداڵانەو تەنانەت ئەو خێزانەشی دروستی دەکەن بێبەری دەبێت لە سۆزو خۆشەویستی کەسە نزیکەکان، کەواتە کارکردنی ژن لەدەرەوەی ماڵ تەنها کێشە بۆ ژن دروست ناکات بەڵکو بۆ منداڵ و خێزانیش  (بومدین ، ٢٠١٦ : ٩٠).

### ٢. پەیوەندیەکانی نێوان دایک و منداڵ

لەگەڵ ئەوەی لە شوێنەوارە ئەرێنییەکانی کارکردنی ژنان باسکرا کارکردنی دایک بۆماوەیەکی زۆر لە دەرەوەی ماڵ  وا دەکات لە کاتی گەڕانەوەی قەرەبوی ئەو کاتە بکاتەوە بۆ منداڵەکەی کە لە دەرەوە بووە کاتی زیاترو سۆز و خۆشەویستی زیاتری پێبدات، بەڵام لە هەمان کاتدا بە دیوێکی دیکە شوێنەواری نەرێنیشی دەبێ لە پەیوەندی دایک بە منداڵ ئەگەر هاتوو ئەو دایکە مافی تەواوی نەدا بە منداڵەکەی لەبەرئەوەی دایک بۆ چەند کاتژمێرێکی زۆر لەسەر کارەکەیەتی و بۆیە منداڵ زۆرترین کاتەکانی لە دایەنگەو باخچەی ساوایان بەسەر دەبات یان

له لایەن خزم و کەسانی تر چاودێری دەکرێن ئەمەش جێگەی  پەروەردەو سۆزی دایکی بۆ ناگرێتەوە دەرئەنجامی خراپی دەبێ و توشی دوفاقی دەکات لە پەروەردەکردنی و کاریگەری دەبێت لەسەر گەشەی تەندروستی و جەستەیی (ملیکە ، ٢٠٠٤ : ٢٠) .

هەروەها ( الطماوی)  لە ساڵی (١٩٨٩) توێژینەوەیەکی ئەنجامدا پێیوایە دایەنگەو باخچەی ساوایان هۆکارێکە بۆ لاوازکردنی پەیوەندی نێوان منداڵ و دایک، لەبەر ئەوەی دایک بۆ کاتژمێرێکی زۆر لە دەرەوەی ماڵ  کاردەکات لە کاتی گەڕانەوەیدا کاتێکی کەم  تەرخان دەکات بۆ منداڵەکەی بە هۆی سەرقاڵبونی بە زۆری ئەرکە تەقلیدیەکانی لە ماڵدا لە پاکردنەوەی ماڵ و چێشت لێنان و قاپ شتن و ......هتد . یان تەنها لەکۆتایی رۆژەکانی هەفتە گرنگی پێدەدات بەمەش پێویستی منداڵ بەسۆز و خۆشەویستی دایکی پڕ ناکاتەوە . جگە لەوەی ئەو منداڵانەی لە دایەنگە و باخچەی ساوایان چاودێری دەکرێت و گرنگیان پێدەدرێت زیاتر رووبەڕووی نەخۆشی و هەوکردن و هەستیاری دەبنەوە وەک سکچون و نەخۆشیە دەروونیەکان بەبەراورد بەو منداڵانەی کە دایکیان ژنی ماڵەوەن گرنگیان زیاتر پێدەدەن (الطماوی ، ١٩٨٩: ١٤٥-١٤٤) . هەر بۆیە ڕۆڵی خێزان کاریگەری هەیە لەسەر پەروەردەکردنی منداڵ ، چونکە گەشەی عەقڵی منداڵ دەوەستێتە سەر پەیوەندی سۆزداری بە دایکیەوە و نزیکی دایک بە منداڵەکەیەوە بە بنەمایەکی گرنگ دادەنریت بۆ نموونە کاتێک منداڵ  لە خوێندنگە دەگەڕێتەوە دەبینێت دایکی لە ماڵەوە نییە و سۆزی پێنابەخشێت و ئەمەش کاریگەری دەکاتە سەر سەلامەتی دەروونی و جەستەیی بە هۆی کەم گرنگی پێدانی ( مهدی ، ٢٠٠٨ : ١٨ - ١٩) .

لە ڕۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی توێژینەوەیەک بڵاوکراوەتەوە لە لایەن ( ستیڤ دوتی ) ئەنجامدراوە لەسەر (٤٠٠) منداڵ کە لە قۆناغی سەرەتایی هەریەکەیان دایکیان کاردەکات بینراوە ئەم منداڵانە ڕووبەڕووی کێشەی زیاتر دەبنەوە بەبەراورد بە منداڵانی تر و تێبینی ڕەفتارو هەڵسوکەوتیان کراوە دەرکەوتوە زۆر گۆشەگیرن و هەست بە دڵنیایی ناکەن و زۆرتر کێشەی سۆزداریان هەیە چونکە ئەم منداڵانە دایک و باوکیان زۆرترین کاتەکانیان لە دەرەوەی ماڵن، کەواتە پێویستە باوان ئەوە بزانن بونیان لە ماڵ بە پێی پێویست گرنگی خۆی هەیە لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی منداڵی بە تایبەت لە بابەتی فێربونی بەهاکان، ئەگەر هاتوو ئەو بەهایانەی منداڵ لەناو ماڵ و لەدەرەوە فێری دەبێ زۆر دژیەک و جیاواز بن ئەوا شوێنەواری نەرێنی لەسەر دەرون و کەسێتی منداڵ بەجێ دەهێڵێ و کێشەکە گەورەتر دەبێ ، واتە ئەگەر ئەم بەهایانە لەچەند شوێنێک وەربگرێت لە خێزان بەهایەک لە دایەنگەو باخچە بەهایەکی دیکە وەربگرێت و لە خێزانی ماڵی باوکی ژن و مێرد بەهایەکی تر لە سۆشیال میدیاو ڕاگەیاندن بە هەمان شێوە کە لەمرۆدا زۆربەی کاتەکانی منداڵ داگیر دەکات بە هایەکی تری بۆ زیاد دەکات بە تایبەت سۆشیال میدیا و یاریە ئەلکترۆنیەکان کە بۆ ماوەیەکی زۆر لەلایەن منداڵان و هەرزەکارانەوە بەکاردەهێنرێت لە کاتێک دایک ئاگاداریان نیە لە ماڵەوە کە چی دەکەن وپەیوەندی لەگەڵ کێ دەکەن کە سەرقاڵی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای نوێن ئەمە ڕووبەڕووی

زۆر لە کێشەو لادانی ئەخلاقیان دەکاتەوە، واتە ڕۆڵی دایک و باوک نابێت بە ئاسانی تەماشابکرێت بە تایبەتی لە ماوەی تەمەنە جیاوازەکانی قۆناغی منداڵی و هەرزەکاریدا کە مرۆڤ تێپەڕ دەبێت چونکە لەم تەمەنە زیاتر پێویستیان بە ئەزمون و پەروەردەی باوانیان هەیە ( ملیکە ، ٢٠٠٤ :٨٠-٨١ ) .

## ٣ . گێچەڵی سێکسی لە شوێنی کارکردن

یەکێک لە شوێنەوارە نەرێنیەکانی کارکردنی ژن لەدەرەوەی ماڵ بریتی یە لە گێچەڵی سێکسی کە دادەنرێت بە فاکتەرێکی نەشیاو لەسەر بنەمای نایەکسانی جێندەری دامەزراوە ، واتە هەر هەڵسوکەوتێک کە کەسێک بەرامبەر کەسێکی دیکە ئەنجامی دەدات ئەو کەسە ڕەزامەند نیە لەسەری جا ئەو هەڵسوکەوتە زارەکی بێت یان جەستەیی، جگە لە ژنان دەکرێت منداڵان بە نێرو مێ وە تەنانەت پیاوانیش ڕووبەڕووی گێچەڵی سێکسی ببنەوە ، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئافرەتان زۆرترین قوربانی ئەم ڕەفتارە قێزەونەن لە شوێنی کارەکانیان، لە ناو خێزان، لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ......... هتد. شوێنەواری گەورە لەسەر تاک بەجێدەهێڵێت ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر ڕاگرتنی بەشداری ژنان لە کارو ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی ، کاریگەری نەرێنی دروست دەکات لەسەر دەروونی وجەستەیی و عەقڵی ژن و بەرەو خەمۆکی و دڵە ڕاوکێی دەبات متمانە بەخۆبوونی لەدەست دەدات . جگەلەوەی دەبێتە هۆی ڕاگرتنی ژن لە بازاڕی کارو چالاکی ژیانی ڕۆژانە چونکە زۆرجار ئەم گێچەڵە دەبێتە هۆی ڕاکردنی ژن لەو بوارەی کاری تیا دەکات و وازهێنان لێی (بیترجیک ، ٢٠١٧ : ٢٣٠) . یەکێک لەو توێژینەوانەی لە ئەمەریکا ئەنجامدراوە دەرکەوتوە ٥٠% ی ژنان و ١٥% ی پیاوان ڕووبەڕووی گێچەڵی سێکسی دەبنەوە لە شوێنی کارەکانیان ئیتر بە شێوەی زارەکی بێت یان جەستەیی وە تەنها لە ٥% ی ئەو ژنانە سکاڵایان تۆمارکردووە لەلای لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕوویان بۆتەوە لە شوێنی کارەکانیان ئەمەش تەنها لە ترسی لەدەست دانی کارەکەیان بووە هەرچەندە گێچەڵپێکردنی سێکسی زیاتر لە دەزگا تایبەتەکان دەبینرێت، لەلایەکی دیکە ئەو ژنانەی قوربانی گێچەڵ پێکردنی سێکسین کەمترین کات باسی دەکەن لەبەر هۆکاری شەرم و ترس لە کۆمەڵگەو کەس و کار . زۆرێک لە ژنان و کچان ئەم ڕەفتارە نەشیاوە کە بەرامبەریان دەکرێت بە نهێنی لای خۆیان دەیهێڵنەوە ، بەتایبەتی لە وڵاتە ڕۆژهەڵاتی و خێڵەکی و کلتوریەکان بە هۆکاری سەرەکی ئابڕووچونی قوربانیەکە ناچاردەبێ بێدەنگی هەڵبژێرێت زۆر جار بکەری کارەکە کەمتر سزای یاسایی بەسەردا دەسەپێنرێت و بگرە بەبێ سزاش دەربازی دەبێت . کەواتە گێچەڵی سێکسی دادەنرێت بە فاکتەرێک بۆ ئەوەی کە ژنان شوێنی کارەکانیان بگۆڕن و یان واز لە کارەکانیان بهێنن وەک چارەسەرێک بۆ ئەم ڕەفتارە نەشیاوەی بەرامبەریان دەکرێت (اندرسون ، ٢٠١٤ : ٥١).

کەواتە یەکێک لە شوێنەوارە سەرەکیەکانی کارکردنی ژنان ڕووبەڕویان دەبێتەوە لە دەرەوەی ماڵ بە تایبەت ئەگەر دایک بێت کاریگەری نەرێنی لەسەر منداڵ بەجێدەهێڵێت، واتە زۆرێک لە ژنان سەرقاڵ دەبن بە کاری دەرەوە و دوورکەوتنەوەیان لە ماڵ و منداڵ هەندێ جار لە ڕێی خزم و کەس و کار و خزمەتکارەوە بۆشاییەکانیان بۆ پڕدەکەنەوە یان زۆرجاریش ماندوبون و قورساییەکی دوو هێندە دەبینن لە بەڕێوەبردنیان لە کارەکانیان کە ناتوانن ڕۆڵەکانیان بە باشی ئەنجام بدەن ناتوانن لە ئاست خزمت کردنی ماڵ و منداڵ بن هەموو ئەمانە کاریگەری لەسەر جەستە و دەرونیان بەجێ دەهێڵێت و ڕەنگدانەوەی لەسەر ماڵ و منداڵ و کارەکانیان دەبێت دواجار تووشی دڵەڕاوکێ و خەمۆکیان دەکات ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کێشە کۆمەڵایەتیەکانیان زیاتر بێت .

## باسی سێیەم : ئاستەنگە کۆمەڵایەتیەکانی پێش ژنی خاوەن کار

ئەگەر چی ژنان توانیویانە زۆرێک لە مافەکانیان لە کارکردندا بەدەست بهێنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەمینەیەکیان توانیویانە مافی بون بە خاوەن کاری تایبەت بە خۆیان بەدەست بهێنن . بەهۆی ئەوەی ژنان بە ڕێژەیەکی دادپەروەرانەو پێویست نەیانتوانیوە بەشداری لە پرۆژەو چالاکیە ئابووریەکاندا بکەن و ئامادەییان هەبێت . بە هۆی ڕووبەڕووبونەوە کۆمەڵێک ئاستەنگ و بەربەستی کردونەتەوە کە بریتین لەمانەی خوارەوە- :

### یەکەم : ئاستەنگی خێزانی

خێزان بە گرنگترین گروپە مرۆڤایەتیەکان دەژمێردرێت لە سەرەکیترین دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانە لە کۆمەڵگەدا، بە پێی بیرو بۆچونی (دورکایم) خێزان یەکەم خانەیە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لێ دروست بووە ، ئەویش بەهۆی گرنگی بەجێ گەیاندنی ڕۆڵەکانی کە بنەمای سەرەکی دروست بونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیە، ئەمەش لە ڕێگەی پاڵپشتکردنی یەکەی خێزان خۆی و ڕێکخستنی ڕەفتاری تاکەکانی و گونجاندنیان لەگەڵ ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتیانەی بە گوێرەی کلتووری باوی کۆمەڵگە بۆیان دەستنیشانکراوە (مصطفی، ٢٠٠٩ :٨٧) .

یەکێک لە گرنگترین ئەرکەکانی خێزان پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیە و بنەمای نەریت و ژیان و ڕێساو ڕەوشت و ڕەفتاری گشتیە جگە لە دابینکردنی پێداویستیە مەعنەویەکانی مرۆڤ وبەهێزکردنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، ناوەندێکیشە بۆ وەچە خستنەوەو پەروەردەکردنی عەقڵ و دەروونی منداڵ و تاڕادەیەک خۆشگوزەرانی مرۆڤ و کۆمەڵگە دەکەوێتە ئەستۆی . کەواتە دەتوانین بڵێین خێزان بریتیە لە کەسەکان و پەیوەندیەکان و بەهاو پێوەرەکان و سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان، کە مەبەست لێی بەردەوامی و هاوسەنگی سیستەمەکان و ئەو ڕۆڵەی کە هەیەتی لە هەموو کۆمەڵگەدا پارێزگاری لێدەکات، بەشێوەیەکی گشتی بەهۆی ئەو گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتی و مێژوویانەی لە کۆتایی سەدەی بیستەم کۆمەلگاکان پیاتێپەڕیون

بونیادی خێزان گۆڕاو وەزیفەکانی کەم بونەوەو ناوەکەی لە خێزانی بنەماڵە بووە بە خێزانی ناوەکی بەمەش ڕۆڵ و ئەرکەکانی خێزان گۆڕاو ژنان چونە مەیدانی کارکردن و بەرپرسیاریتی زیاتر کەوتە سەرشانیان لەگەڵ پەروەردەکردنی منداڵ و بەڕێوەبردنی خێزان ئەرکەکانی زیادی کرد (الخولی،٢٠٠٢: ٤٣ -٤٤ ) .

لە کاتێکدا پەیوەندی خێزان بۆ خۆی پەیوەندیەکی پیرۆزەو پڕبایەخە بەڵام زۆرجار پیاو بونی خۆی وەک مێرد، باوک، برا ، بەشێوەیەک بەکاردێنێ کە دەسەڵات و ویست و مافەکانی ژن پێشێل دەکات و هەنگاویان بەسەردا دەنێت  ئەمەش بە سود وەرگرتن لە لە کلتوری نێر سالاری کە هەمیشە پشت و پەناگەیە بۆ پیاوو پاساوی بۆ دێنێتەوە لەو ڕەفتارانەی ئەنجامی دەدات، بەگشتی لە کۆمەڵگاکانی جیهانی سێهەم کۆمەڵگەی کوردی پیاوان و کلتور ئەوەندەی پێیان دەکرێ درێخی ناکەن لە چەوساندنەوە و چاوترسێنکردن و دانانی ئاستەنگ و کۆسپ لەپێش ژنە زیندو و چالاکەکاندا . چونکە پیاوی ئەم کۆمەڵگەیانە بە پێی ڕەوتی سۆسۆلیۆژی کۆمەڵگەکە تاک ڕەهەندەو داخراوەو تەنها ڕەهەندی پیاو زاڵەو دەستە باڵایە هەمیشە لە سنور کێشکردندایە بۆ دەسەڵاتەکانی ژن، لێرەوە ژن ناکرێ سنور ببەزێنێ و لە بۆچونی خێزانەکەی کە لەپیاودا نمایندەدەکرێ دەربچێ . هەربۆیە بۆ ئەوەی ژن تیکنەشکێ و دەروونی نەڕوخێ و لەلایەن تاکە دواکەوتوەکانی کۆمەڵەکەیەوە سەرزەنشت نەکرێ ئەوا خۆی دورەپەرێز دەگرێ لە قسەکردن لەسەر مەسەلە کارگێڕی و ئابوریەکان کە مافی خۆیەتی ئەنجامی بدات خۆ ئەگەر ژنێک ئەم واقعەی ڕەت کردەوەو سنوری بەزاند یان وەک کیانێکی سەربەخۆ توانی ڕاکانی خۆی بدرکێنێ و کەسێتی و بیروبۆچونی خۆی پیشان بدات ئەوا هەر زوو لەلایەن پیاوە زل هێزەکانەوە تێکدەشکێنرێ بۆ ئەمەش چەندین ئامرازو ڕێگە بەکاردەهێنێت ( مجید ،٢٠٠٧: ١٦-١٧) .

(مارگرێت مید ١٩٠١-١٩٧٨  ) دوای ئەوەی چەند لێکۆڵینەوەیەکی کرد لەسەر خێڵەکانی (غینیا) بۆی دەرکەوت پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لە نێوان پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی و ڕەفتارو هەڵسوکەوتی تاک و تەنانەت ئەو ڕۆڵانەی دەیبینن، (مید) پێیوایە تەنانەت ڕۆڵی پیاو بون و ژن بون دروستکراوێکی کۆمەڵایەتیە مرۆڤ لە ڕێگەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیەوە فێری دەبێ جگە لەوەی هەر لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە سیفات و خەسڵەتەکانی پیاو بون و ژن بون فێر دەبن و لەسەری ڕادەهێنرێن و دەکرێت بە بەردی بناغەی کەسێتیان زۆرجار دەبێتە هۆکار بۆی ژن نەتوانێ ببێتە خاوەن کاری سەربەخۆی خۆی، بۆ نموونە کاتێک ژن فێردەکرێ پاشکۆو ملکەچ و زەعیفە بێ و شەرمن و توانای بڕیاردانی نەبێت بێگومان ئەوە لە ناخیدا دروست ناکرێ وەک کەسێک بێت کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بتوانێ کارێک بەڕێوەبەرێت و ئیدارەی بدات (دعبس ، ١٩٩٧ : ٤٨-٥٠). لەلێکۆڵینەوەیەکی هاوشێوە (سۆزان میلر ١٩٣٥-١٩٧٥ ) لە ئەمەریکا ئەنجامی داوە پێیوایە سەرەڕای ئەو ئازادیەی ژن بەدەستی هێناوە کە چی هێشتا ژن خۆیان لە چوارچێوەی ماڵ و کارەکانی وەک منداڵ بەخێوکردن و ماڵ پاکردنەوەو چێشت لێنان

دەبینن ، (میلر ) پێیوایە ئەمە پەیوەندی بەو تێڕوانینە هەیە لە منداڵیەوە لە زەینیدا دروست دەکرێ بەرامبەر خۆی و هاوڕەگەزەکانی ئەو خۆی وا دەبینێ شوێن و جێگای کاری تەنها لە نێوماڵدایە و نابێت لەو چوارچێوەیە بترازێ، ئەمەش دەبێتە یەکێک لەو ئاستەنگانەی ژن بۆی دانراوە نەتوانێ ببێت بە خاوەن کاری سەربەخۆ چونکە بە درێژایی ژیانی خۆی دەبینێ لەو چوارچێوەیەی کۆمەڵگە بۆی دەستنیشانکردووە (هدیيە ، ٢٠٠٧ : ٧٥-٧٦) .

کارکردن بووە بە پێوەری زاڵکردنی نێر بەسەر مێدا وە ئەوەش بە هۆکارێک دادەنرێت مێ دەکاتە پلە دوو، لێرەوە مەسەلەی کارکردن و ئابووری سەربەخۆ بە پێوەرەکانی تر هەڵدەوەشێتەوە  ڕێزلێنان لە پێوەری ئەخلاقی و ویژدانیەوە دەگوازرێتەوە بۆ پێوەری هێزو دەسەلآت ، بەشداریکردنی ژنان لە ناوەندی بڕیاردان لە ناو خێزاندا بەستراوەتەوە بە کۆمەڵێ فاکتەرەوە یەکێک لەوانە هۆشیاری ژنە ، چونکە بەبێ هۆشیاری ژن بەو مەسەلانە ژنان ناتوانن کارکردنی خۆیان بەهەند وەربگرن. بۆ نموونە زۆرن ئەو ژنانەی مووچە خۆرن یان دەست ڕەنگینن و داهاتی خۆیان هەیە بەڵام نەبونی هۆشیاری لای ئەو ژنانە وایکردوە سەرباری کاری بەرهەمهێنانی مەعنەوی وتەنانەت مادیش لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هەر دەسەلآتی بڕیاردانی ناوخێزانیان نیەو قسەو بڕیاریان بەهەند وەرناگیرێ، بۆیە لێرەدا هۆشیاری بەفاکتەرێکی سەرەکی دادەنرێت بۆ ئەوەی یارمەتی ژن بدات لە ناوەندەکانی بڕیاردانداو بتوانێت ڕای خۆی بڵێ و نەک هەرئەوەندە بگرە سەپاوو چەسپاوی بکات ( مجید ، ٢٠٠٧: ٢٣-٢٥).

## دووەم : ئاستەنگی کلتووری

ادوارد تایلر زانایەکی ئەنثرۆپۆلۆژیە لە پەرتوکی (الثقافه البدائیه ) (کلتوری سەرەتایی) پێناسەی کلتور دەکات بەوەی گشتێکی تێکهەڵکێشراو ئاڵۆزە و کۆمەڵێک بابەت لە خۆ دەگرێت لەوانە (بیروباوەڕ –زانیاری –هونەر-ڕەوشت – داب و نەریت ... هتد). کەواتە بەپێی پێناسەکەی تایلەر کلتور گشتگیرەو هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ لە نێویدا دەژی و ڕۆڵی باڵا دەگێڕێ لە دروست کردنی کەسێتی مرۆڤ ، چونکە کەسێتی مرۆڤ لەباوەشی ئەم کلتورەدا دەنەخشێنرێت بۆیە زۆر بەئاسانی کەسەکانی کلتورێک دەتوانرێ لە کلتورێکی تر جیابکرێنەوە بەشێوازی ڕەفتارو هەڵسوکەوت و قسەکردن و بیرکردنەوە و تێڕوانینیان ، بەڵام ئەوەی جێگەی باسە ئەم کلتورە وێنەیەکی دیاریکراو دادەڕێژێت بۆ ڕەگەزی نێرو مێ کە تەواوی سیفات و کارو چالاکی و شوێن و پێگەو نرخ و بەها و دەسەڵاتیان لە کۆمەڵگە بۆ دیاری دەکات و هەرلادانێک لەم وێنەیەدا ڕوبدات ئەوا کۆمەڵگە لەبەرامبەردا سزای بۆ دادەنێت جا بە فەرمی بێت لە ڕێگەی یاسا یان نافەرمی لە ڕێگەی خونەریتی بەکۆمەڵ و ئەو کەسە بەلادەر لەقەڵەم دەدرێت یان وەک کەسێکی شاز دائەنرێت ئەمەش پێی دەوترێت کۆنترۆڵی کۆمەلآیەتی کە ئامرازێکە کلتور لە پێناو پارێزگاریکردن لە مانەوەی تاکەکانی پێ ناچاردەکات تا بگەڕینەوە ژێر ڕکێفی خۆی (الساعاتی ، ١٩٨٣ : ٩٩).

کەواتە وێنەی باو بۆ ژن نێو ماڵ و ڕۆڵە تەقلیدیەکانی دەست بردن بۆ کاری بازرگانی وەک دەرچون لە کلتور لە قەڵەم دەدرێت و لە ڕێگەی قسەو قسەڵۆک و ناوناتۆرە و بێزارکردنی بەکۆمەڵ ژنان ناچار دەکرێت بگەڕێنەوە بۆ نێو ماڵ (هدیە ، ٢٠٠٧ : ٨٠) . واتە ئەو چوارچێوە کلتووریەی بەهاو نەریتە باوەکانی ناو کۆمەڵگە دەگرێتە خۆی ئەمانەش لە شێوەی وێنەیەکی دیاری کراو خۆی دەبینێتەوە بۆ هەریەک لە ڕەگەزی نێرو مێ و لەم وێنەیەدا تەواوی سیفات و کارو چالاکی و ڕۆڵەکانی و تەنانەت شوێن و پێگەی هەریەک لە ڕەگەزەکان دیاری دەکرێت و لەسەر ئەم بنەمایە چەند کارو پیشەیەک بۆ پیاوان دانراوە وەک (تەکنیکار، ئەندازیار، شۆفێری ، ئەندام لە پارتێکدا، بازرگانی کردن ....... هتد )) . هەروەها چەند ئیش و کارێکی دیاریکراو بۆ ژن دەستنیشانکراوە وەک ( وانەوتنەوە ، مامۆستایی، پەرستاری، خواردەمەنی دروست کردن.... هتد). بەم پێیە کارە پیاوانەکان بۆ ژنان قەدەغەیە لێی نزیک ببنەوە ، لەهەمان کاتدا ئەو کارەی ژن لەسەری ڕاهاتووە بۆ پیاوان شەرمە لێ ی نزیک ببنەوە، تەنانەت لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم کارە ژنانەکان تەنها بریتی بوو لە کارە کۆمەڵایەتیەکانی وەک چاودێری کۆمەڵایەتی ئەمە تەنانەت لە پسپۆڕیەکانیش ڕەنگی داوەتەوە واتە مەبەست لێ ی ئەو پسپۆڕیەی کە خوێندکار خوێندنی زانکۆیی تێدا تەواو دەکرد، بۆ نموونە ئەو خوێندکارانەی لە کۆلێژی ئەندازیاری دەیانخوێند بەرێژەی کەمتر لە ( ٨ % ) ی لە ڕەگەزی مێ بوون، بەڵام بە ڕێژەی( ٧٩% )ی خوێندکارەکان لە کولێژی پەروەردەو ئاداب دەیانخوێند لە ڕەگەزی مێ بوون (السویدی ، ٢٠١٩: ٧٨) .

هەر لەبەر ئەمەشە ئاراستەی ژنان بۆ بازرگانی کردن و سیاسەت جۆرێک لە ڕەچەشکێن و دەرچوون لە داب و نەریتەکان دادەنرێت چونکە ئەم کارانە تەنها وا باوە بۆ پیاوانەو ژنان لەبەر لاوازی ئەقڵی و جەستەیی ئەو توانایەیان نییە، هەروەها لە وڵاتە پێشکەوتوەکانیشدا بەهەمان شێوەیە سەروەری و باڵا دەستی نێرینە بەسەر ئیدارەی دەوڵەت و دامەزراوەکان و بازاڕەکانی کارو ئابووریدا لە پاڵ قۆرخکردنی پۆستە باڵاکان لەلایەن پیاوانەوە ڕەنگ دەداتەوە (جمعیە المحامین ، ٢٠٠٦ : ٢٢) .

بە گشتی لە کۆمەڵگەی نێرسالاری و نەریت سالاری پەیوەندیەکانی هێز لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ ناهاوتایە بە شێوەیەک پیاو دەست دەگرێت بەسەر هەموو پایە نرخدارە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکاندا و پاشان بڕیاری خێزان بۆ خۆی قۆرخ دەکات، لەگەڵ ئەوەی ژن بەشێوەیەکی بەرچاو و هاتوونەتە دەرەوە بۆ کارکردن و بەشداری کارا دەکەن لە بودجەی خێزاندا بەڵام هێشتا دابەشکردنی کار لەسەر بنەمای جێندەر لە ناو خێزانی کوردی بونی هەیە بەو پێیەی کارەکانی ناو ماڵ خاوێن کردن و چێشت لێنان و جل شتن و بەخێوکردنی منداڵ هێشتا ئەرکی ژنەو پیاو لێ ی نزیک نابێتەوە و تەنانەت بڕیاردان لەسەر کاروبارەکانی خێزان هێشتا لەدەست پیاودایەو ژن لێ ی بێبەریە، ئەمەش لەکلتوری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە جێگیر کراوەو لە ڕێگەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی گوێزراوەتەوە بۆ ناو ناخی تاکەکان و مێشکیان بێ بەرنامە

ڕێژ کراوە ، دواجار تێڕوانین و بیری تاکەکان داگیر دەکات و لە ڕەفتارو هەڵسوکەوتیان ڕەنگ دەداتەوەو کاریگەری لەسەر پەیوەندیەکانی نێوان نێرو مێ دەبێ بەمەش پەیوەندیەکان لەسەر بنەمای باڵا دەستی پیاو ژێر دەستەیی و پاشکۆیەتی ژن دروست دەبێ و تەنانەت هەردوو لاش بە ئاگایی یان نائاگایانە بەم بەشەی خۆیان لە کۆمەڵگە ڕازی دەبن (مجید، ٢٠٠٧ : ١٦٦) .

## سێیەم : ئاستەنگی کارگێڕی کردنی کار

بەرەو پێشبردنی هەرپرۆژەیەکی ئابوری دادەنرێت بە پێداویستیەکی گرنگ بۆ گەشەپێکردنی ئابووری وڵات چونکە ڕۆڵێکی گرنگ دەرەخسێنێ بۆ دابین کردنی هەلی کارو لەناوبردنی هەژاری وبەرەوپێشبردنی ئابووری، بۆیە دەبێت ژنانی خاوەن کار بە ئاگابن و درک بەوئاستەنگە سەرەکیانە بکەن کە ڕووبەڕویان دەبێتەوە لە نێو کارەکانیان و بۆ ئەمەش پێویستیان بە ڕێکخستنی تەواوی سەرچاوە مادی و مرۆیی و سروشتیەکان هەیە لە گرنگترین ئەو ئاستەنگانەی کە ژنانی خاوەن کار ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە بەڕێوەبردنی کارەکانیان بریتین لەمانەی خوارەوە :-

**یەکەم: نەبونی توانایی لە ڕێکخستن**

سروشتی هەموو پرۆژەیەک پێویستی بە کەسانی چالاک و پسپۆر هەیە بۆ تەواوی بوارە جیاوازەکان و کارەکان بگونجێت، لە گرنگترین سیماکانی پرۆژەی ئابوری بریتی یە لە توانای ڕێکخستنی سەرچاوە مرۆییەکان لەلایەک و پلان و بەرنامەو کارو ستراتیژو هەنگاوەکان لەپێناو هێنانەدی ئامانجی کۆتایی کارەکە لە لایەکی دیکەوە کە مەبەستی بەدەستهێنانی قازانجی مادی و ناوو ناوبانگ و شوێن و پێگەیە بۆ ئەمەش پێویست بەبونی کەسێکی بە توانا دەکات بەمەبەستی کارگێڕی و ئیدارەدانی پرۆژەکە ئەمەش پێویستی بە زیرەکی و ئەزمون هەیە بۆ ڕێکخستنی پرۆژەکە و یەکانگیرکردنی (عبدالحمید ، ٢٠٠٩ :٦٧ ) .

ئەرکی ڕێکخستن مەبەست لێی دەستنیشانکردنی ئامانج و دارشتنی پلان و پاشان دابەش کردنی پلانەکە بەسەر چەند چالاکی و پرۆژەیەک و دابەش کردنی کەسەکان بەگوێرەی پسپۆڕی و لێهاتوییان بەسەر ئەم کارو پرۆژانە، واتە بەکورتی دانانی کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو ئەمەش گرەنتی سەرکەوتنی کارەکەیە (حریم ، ٢٠١٦: ١٣٦).

کەواتە وەزیفەی ڕێکخستن گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆ پرۆژەکان بەهۆی ئەوەی ڕێکخستن پشت بە چەند ڕاستیەکی زانستی دەبەستێت ، گرنگترینیان ، نەبوونی ڕێکخستن لە کاردا دەبێتە ڕوودانی ئاژاوەو شڵەژان ڕێگری دەکات لە پۆلێن بەندکردنی کارەکان بەشێوەیەکی باش، یان نەبوونی ڕێکخستن دەبێتە هۆی زیادەڕۆیی کردن لە هەندێک لە یەکەو بەشەکان لە بەرامبەر یەکەو بەشەکانی تر، لەلایەکی دیکە دەبێتە هۆی خراپ دابەشکردنی سەرچاوە مرۆییەکان و بەهەدەر دانی بەرهەم (صادق ، ٢٠١٧ : ١١٦).

ڕاستە ئەمە بەشێکی پەیوەستە بە ئاستی زیرەکی و تواناو لێهاتویەکانی کەسەکە بەڵام بەشێکی دیکەی لەسەر ئەزمونی کەسەکە دەوەستێت چونکە زۆرجار مرۆڤ ئەوەی لە ئەزمونی کارەوە فێری دەبێت لە هیچ سەرچاوەیەکی تری زانیاری فێر نابێت و لەبەرئەوەی ژنان بۆ ماوەیەکی زۆر لەم کارانە دابڕێنراون بۆیە ئەزمونیان کەمە لەم ڕوەوە ئەمەش وادەکات زۆرجار گرفتی ئیدارەدانیان بۆ دروست ببێت بە تایبەت لەسەرەتای کارەکە بۆیە زۆرجار ناچاردەبی پشت بە مێرد – باوک –برا دەبەستن تا هاوکاریان بێت ( کازوز،٢٠١٦ : ١٢٩ ) .

**دووەم: نەبونی پاڵپشتی دارایی**

سەرکەوتنی هەر پرۆژەیەک پەیوەستە بە ڕێژەی ئەو سەرچاوە داراییەی دەخرێتە خزمەت خستنە گەڕی ئەو کارە یان پرۆژەیە کەواتە سەرچاوەی سەرەکی دەست پێکردنی هەر کارێک بەندە بە بڕی ئەو داهاتەی بۆی تەرخان دەکرێت بە مانایەکی دیکە پارەو داهاتی پێویست نەبێ بۆ کارەکە هەر زوو شکست دێنێت و لەناو دەچێت پێش دروستبونی، ئەمەش بەیەکێک لە ئاستەنگە سەرەکیەکانی بەردەم ژنان دادەنرێت بەوەی زۆرێک لە ژنان بەحوکمی بەندکردنیان بە درێژایی ژیانیان لە چوارچێوەی ماڵ وایلێکردون زۆرێکیان نەیانتوانیوە بخوێنن و بڕوانامە بەدەست بهێنن و کاربکەن و تەنانەت نەیانتوانیوە بڕە پارەیەکی کەم کۆبکەنەوە کە دواتر بتوانن پڕۆژەیەکی پێدابمەزرێنن ، تەنانەت ئەگەر کاریان کردبێت بە داهاتێکی مانگانەی کەم بووە بەهۆیەوە بناغەیەکی دارایی باشیان بۆ خۆیان مسۆگەر نەکردووە کە بتوانێ کارەکەیانی لەسەر بنیاد بنێن بۆیە هەر لەسەرەتاوە کێشەی پاڵپشتی داراییان بۆ دروست دەبێت ئەمە جگە لەوەی حکومەت زۆرجار هاوکار نیە لەم ڕووەوە (الولیدات ، ٢٠١٩ ، ٤٢) .

(کاترین بود ١٨٦٠-١٩٥١) کە خاوەنی پشکێکە لە کۆمپانیای (ناومانی) پێیوایە ژنان زیاتر لە پیاوان ڕووبەڕوی کێشەی دارایی دەبنەوە لە کاتی ئیدارەدانی کارێک یان پرۆژەیەک بەو پێیەی هاوکاری جێندەری نیە لە نێو خودی کۆمەڵگە ئەم بابەتە تەنانەت بواری کەرتی تایبەتیشی تەنیوە ، (بود) پێیوایە تەنانەت بانکەکانیش لە ڕووی پاڵپشتیکردنی دارایی بۆ پرۆژەکان جیاکاری دەکەن لە نێوان نێرو مێ بەو مانایەی هاوکاری زیاتری پیاوان دەکەن وەک لە ژنان ڕەنگە ئەمەش بەشێکی هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ حوکمی پێش وەختە بۆ ژن و پیاو بەوەی هەمیشە واسەیری پیاو دەکرێت بەتوانایە و کاری لەدەرەوەی ماڵەو ئەم ئیشانە وەک بازرگانی و کەرتی تایبەت کاری خۆیەتی و سەرکەوتووە تیایدا بۆیە ئەگەر پرۆژەکە پیاوێک ئیشی تیا بکات سەرکەوتوو دەبێ وحکومەت پاڵپشتی دەکات بەڵام تێڕوانینەکان بۆ ژن بەپێچەوانەیە و نەرێنیە بۆیە هەر لەسەرەتاوە حکومەت و بانکەکە باوەڕیان بەوە نیە ئەو ژنە لەو کارە سەرکەوتو بێت و دواجار ئەمە کاریگەری دەبێ لەسەر ئەوەی پاڵپشتی دارایی نەکرێن . (دیڤد مالباس) لێکۆڵەری ئابوری و سەرۆکی بانکی نێودەوڵەتی لە ئەمەریکا ئاماژەی بەوەکرد پاڵپشتی کردنی دارایی ژنان بۆی بتوانن ببنە خاوەن کارو پرۆژەی تایبەت بە خۆیان ڕێگایەکی

باشە بۆ کۆتایی هێنان بە هەژاری لای ژنان چونکە دەبێتە سەرچاوەیەکی باشی داهات بۆ خۆیان و خێزانەکانیان و لە ڕێگەیەوە بتوانێ خۆشگوزەرانی دەستەبەربکات (DOFLU ,2012 : 50-51) .

یەکێکی تر لەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی ژنانی خاوەن کار دەبێتەوە بریتییە لە کێشەی بە بازاڕکردنی کاڵاکانیان، واتە فرۆشتنی کاڵاکانیان بە قەرز و لەکاتی وەرگرتنەوەی ناتوانن بەئاسانی دەستیان بکەوێتەوە بە تایبەت ئەگەر هاتوو ئەوانەی کاڵاکانیان پێدەفرۆشن لەڕەگەزی نێرن ئەمەش کێشەیان بۆ دروست دەکات یان زۆرێک لەم ژنانە هۆشیاریان نییە لەبارەی یاساوە بۆیە لە کاتی کارکردنیاندا لەگەڵ پرۆژە هاوشێوەکانیاندا ناتوانن کێبڕکێیان لەگەڵ بکەن، یان شارەزایی و ئەزمونی نییە لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ کڕیارەکانیدا . چونکە بە باشی ڕانەهێنراون و خۆیان ئامادەنەکردووە لەکاتی دەستپێکی کارەکانیاندا ( صندوق الاردنی الهاشمی ، ٢٠١٣ ) .

یەکێک لەو جیاکاریانەی بەرامبەر بە ژن دەکرێت ئەو وێنە کلتوریەیە بۆی دروست بووە لە ڕێگەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیەوە کە هەر لە منداڵیەوە لە مێشکی کوڕان و کچانی کۆمەلگە جێگیر دەکرێت و بەو پێیەی کە ژنان کەم ئەقڵ و لاوازن و ملکەچن ، پیاوان باڵادەستن لە کۆمەلگە و دەستیان گرتووە بەسەر تەواوی هەموو کایەکانی کۆمەڵگەدا و تەنانەت ڕۆڵیان هەیە لە داڕشتنی داب ونەریتەکان بە جۆرێک کە لە پێناو خزمت کردنی بەرژوەندیەکانی خۆیان بێت بۆیە هەموو کارە بڕیار بەدەست و چارەنوس سازەکان پیاو داگیری کردووە وەک ( سیاسەت – بازرگانی – دین ) ،بێگومان رەخساندنی هەلێک بۆ ژنان لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوی بواری ئابوری و ملکەچکردنی ژنان لە کوردستاندا کارێکی ئاسان نیە بۆ ئەوەی بوار بدرێت بە ژنان بۆ دۆزینەوەی خودی خۆیان لە نێوەندی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتودا کار بە تواناکانی خۆی بکات و هەوڵبدات گۆرانکاری لە بارودۆخی دەوروبەرو هاوڕەگەزەکانی بکات لە کۆمەڵگەی کوردیدا کەمترین بوار رەخساوە بۆ ژنان توانا ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانیان بخەنە روو، بۆیە پیاوان ئەوەندەی تر دەسەڵاتیان بەسەر ژندا سەپاندوەو و بە چاوێکی کەم تەماشای دەکەن و وای لێ دەکەن پێگەیەکی نزمی هەبێت لە خێزان و کۆمەڵگەدا.

# دەروازەی دووەم

# لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

# بەشی سێهەم

## چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکەو ڕێو شوێنە مەیدانیەکان

### باسی یەکەم : چوارچێوە میتۆدییەکانی توێژینەوەکە

یەکەم : میتۆدی توێژینەوەکە

دووەم : کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

سێیەم : نموونەی توێژینەوەکە

چوارەم : بوارەکانی توێژینەوەکە

پێنجەم : ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

شەشەم : ڕاستێتی فۆڕم

### باسی دووەم : خستنەڕووی کەیسەکان

### باسی سێهەم : ئەنجامی توێژینەوەکە

### باسی چوارەم :دەرئەنجامی توێژینەوەکە

ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی توێژینەوەکە

# بەشی سێهەم

## چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە ڕێو شوێنە مەیدانیەکان

### باسی یەکەم : چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە

#### یەکەم : میتۆدی توێژینەوەکە

مەبەست لە میتۆی توێژینەوە ئەو ڕێگەیەیە کە توێژەر دەیگرێتە بەر بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر هەر بابەتێکی دیاریکراو پاشان پۆلێنکردنیان و شیکردنەوەیان بە ئامانجی دیاریکردن و سودوەرگرتن لێی لە توێژینەوەی زانستی ( سلاطنیە و بلقاسم ،٢٠١٥ ، ٣٤)

ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی میتۆدۆلۆژیەوە توێژینەوەیەکی چۆنایەتیەو تیایدا پشت بە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی بار بەستراوە . توێژینەوەی چۆنیەتی تایبەتمەندێتی خۆی هەیەو ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری و نموونە وەرگرتن و شێوازی خستنە ڕووی تایبەت بە خۆی هەیە، توێژینەوەی بار هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی زانیاری زانستی پەیوەندیدار بە هەریەکەیەکەوە کە تاکەکەس بێت یان دامەزراوەیەک کە گشتێکی کامڵی تەواوە بەمەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری بەیەکە لێتوێژراوەکەو هەموو ئەو یەکانەی تریش کە هاوشێوەی ئەون (حسن ، ١٩٧٦ : ٢٥٤)، بەهۆی ئەوەی ئەم توێژینەوەیە باس لە ئاستەنگە کۆمەڵایەتیەکانی ژنانی خاوەن کار دەکات کە بابەتێکی دیارەو پەیوەندی بە وردترین و قوڵترین زانیاریەکانی ژیانی ئەو ژنانەوە هەیە کە کاری خۆیان هەیە ، لەم توێژینەوەیەدا ئەو میتۆدەی بەکارهاتوە تیایدا ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریمان بەکارهێناوە کە (چاوپێکەوتن )ە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زانستی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر پاڵنەرو بونی بە ژنی خاوەن کارو ئەو ئاستەنگانەی دێتە پێشیان دەست نیشان بکەین . ئامانج لەم میتۆدە کۆکردنەوەی زانیاریە لەسەر دۆخی یەکەکان و ئەزمونیان لە کارکردن و فێربونەکانی ڕابردوویان و پەیوەندیان بە خێزان و ژینگەی دەوروبەرەوە .

#### دووەم: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

هەموو ئەو یەکەو ئەندامانەن کە توێژینەوەکە دەیان گرێتەوە کە ڕەنگە (تاکەکەس بێت یان خێزان یان دامەزراوە ...هتد) ، دیاری دەبێت بە پێی بابەتی توێژینەوەکە و ئامانجەکەی (عقل، ١٩٩٩: ١١٧)، دەکرێت بڵێین کۆمەڵگای توێژینەوەی ئێمە هەمووئەو ژنانەی کە خاوەن کاری سەربەخۆی خۆیانن لە شاری سلێمانین کە ژمارەیان دەگاتە (٤٠) یەکە.

## سێیەم : نموونەی توێژینەوە

بریتیە لە نموونەیەک لە کۆمەڵگەی توێژینەوە لێوەردەگیرێت و توێژەر هەڵیدەبژێرێت بە گوێرەی پێوەرو ڕێگەی زانستی توێژینەوەکردن بە جۆرێک کە هەڵگری سیفاتەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بێت و کۆی کارە مەیدانیەکانی لەسەر ئەنجام دەدات (حسن ، ١٩٧١ : ٢٦٣ ) ،

پێوەست دەکات جۆری نموونەو قەبارەی نموونە بە میتۆدێکی گونجاو هەڵبژێردرێت، نمونەی ئەم توێژینەوەیە لە جۆری مەبەستدارە لەم جۆرە نموونەیەدا بە شێوەیەکی ئازادانە بۆ مەبەستی دەستکەوتنی زانیاری پێویست نموونەی توێژینەوەکە هەڵدەبژێرێت. واتە ئەو کەسانە هەڵدەبژێدرێت کە زانیاری پێویستیان لە لا دەست دەکەوێت (نورەیی، ٢٠٢١؛ ٥٥)، ئەو نموونانەی وەردەگیرێن پەیوەندیان بە پرسیارەکانی توێژینەوەکە هەیەو دەخرێنە ڕوو. واتە نموونە وەرگرتنی مەبەستدار هاوواتایە بۆ توێژینەوەی چۆنایەتی(Given,2008: 697)، بۆ هەڵبژاردنی یەکەکانی نموونە بە شێوەی مەبەستدار پێویست بە هەڵبژاردنی (٤٠) یەکەیەک بوو پێویست بوو ئەو کەسانە هەڵبژێردرێت بە قوڵی وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوەو چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجام بدرێت کە بەشێکن لە نموونەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بۆ ئەوەی بە ئاسانی زانیاری لەسەریان کۆبکرێتەوە، واتە ئەو ژنانەی خاوەن کاری خۆیانن و لە سنووری شاری سلێمانی نیشتەجێن و لە کارەکانیان ستافێک بەڕێوە دەبەن و ئاستەنگیان ڕووبەڕوبۆتەوە، تەنها ڕەگەزی مێ ورگیراوەو هەوڵ دراوە تەمەنی جیاوازیش وەربگیرێت بۆ ئەوەی بزانرێت بە پێی تەمەنیان ڕەنگدانەوەیان لە کارەکانیاندا چۆنە، تەنانەت جۆری کارەکانیشیان .کە هەریەکەیان خاوەن پیشەی جیاوازن و ستافێک کاریان بۆ دەکات .

بۆ ئەم مەبەستەش یەکێک لە لە میکانیزمە کەریگەرەکان لە کۆکردنەوەی داتا لە توێزینەوەی چاوپێکەوتنی تەوەرەکان بەکارهێنانی نموونەی تۆپەڵە بەفرە (حسین، ٢٠٢١: ٧٢). بە مانای ئەوەی کاتێک توێژەر زانیاری وەردەگرێت لەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکات (لێتوێژەر) دواتر داوایان لێدەکات کەسێکی تری بۆ دیاری بکات ، هەتاوەکو دەگات بە ژمارەی نموونەی پێویست بەو شێوەیە بەردەوام دەبێت، واتە ئەم جۆرە نموونەیە زیاتر لەو توێژینەوانەدا سوودی لێوەردەگیرێت چاوپێکەوتنی ووردو قوڵی تێدا بەکاردێت (القندلجی، ٢٠٠٩: ٦٣)

## چوارەم : بوارەکانی توێژینەوەکە:

١ .بواری شوێنی : بریتییە لەو ناوچە جوگرافیەی کە توێژینەوەکەی تیادا ئەنجامدراوە ، بواری شوێنی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ناوەندی شاری سلێمانی .

٢ .بواری کاتی : ئەو ماوەیەیە کە پێویست بوو بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە بە هەردوو لایەنی ژێۆری و مەیدانیەکەی ، لەبەرواری (٢٠١٩/٣/٢٧– /١ /١١ ٢٠٢١) ی خایاندووە .

٣ .بواری مرۆیی : سنوری مرۆیی ئەم توێژینەوەیە هەموو ئەو ژنانە دەگرێتەوە کە خاوەن کاری سەربەخۆی خۆیانن لە شاری سلێمانین کە ژمارەیان دەگاتە (٤٠)ژن.

## پێنجەم : ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری جۆراوجۆرن و بنەمای سەرەکین بۆ بەدەستهێنانی زانیاری بۆ توێژینەوە (عبدالله، ٢٠٢١: ٨١) . هەربۆیە لەم توێژینەوەیەدا بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان پشت بە ئامرازی چاوپێکەوتن (چاوپێکەوتنی نیمچەکراوە) بەستراوە ، یەکێکە لەو ئامرازانەی زۆر سودی لێوەردەگیرێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە توێژینەوەکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا (حسین ، ٢٠٢١ : ٧٤ ) .

چاوپێکەوتنی نیمچە کراوە لەم توێژینەوەیەدا پشتی پێبەستراوە (٤٠) چاوپێکەوتن لەگەڵ ژنانی خاوەن کار ئەنجامدراون . لەبەرئەوەی نموونەکان تایبەتمەندێتی و جیاوازیان هەیە وهەریەکەیان جیاوازن بە بە پێی کارو پرۆژەکانیان تەنانەت بە پێی تەمەن و ئەزموونیان ، بۆیە پێویست بوو بوارێک هەبێت بۆ زیادکردنی پرسیار لە ناو ڕێنوێنی چاوپێکەوتنەکەدا.

لەم توێژینەوەیەدا هەر چاوپێکەوتنێک لە ماوەی (٣٠-٩٠) خولەکی خایاندوە ، هەموو چاوپێکەوتنەکان بە مۆبایل و ئامێری ریکۆرد کردن تۆمارکراون .

## دووەم : دەرهێنانی ڕاستێتی فۆڕم

لەسەرەتادا توێژەر بە پشت بەستن بە سەرچاوەی زانستی و توێژینەوە هاوشێوەکان و ڕای شارەزایان توانی فۆڕمێکی ( ٣٧ ) پرسیاری ئامادە بکات پاشان بە مەبەستی دەرخستنی ڕاستێتی فۆڕمەکە لە شێوە سەرەتاییەکەی دابەشکرا بەسەر مامۆستای پسپۆڕ لە بەشی (کۆمەڵناسی و کاری کۆمەڵایەتی) ی زانکۆی سلێمانی بە مەبەستی بەدەستهێنانی ڕاستێتی ڕووکەش. لە دوای سود وەرگرتن لە تێبینیەکانیان لە ڕووی لابردن و دارشتنەوەی پرسیارەکان لە شێوەی کۆتایدا تەنیا (٢٦ ) پرسیار پەسەندکران لە لایەن پسپۆڕانەوە.

خشتەی ژمارە (١) ئاستی ڕاستگۆیی پرسیارەکانی فۆڕمی چاوپێکەوتنی توێژینەوەکە دەردەخات

| ژ | ناوی شارەزایان | ژمارەی بڕگە پەسەندکراوەکان | ژمارەی بڕگە پەسەندنەکراوەکان | بڕگە پەسەند نەکراوەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پ.د. نجاة محمد فرج | ٣٦ | ١ | ٢٤ | %٩٧,٢٩ |
| 2 | پ.ی.د.کەژاڵ حسين محمد | ٣٣ | ٤ | ٣٦,٣٢,٢٧,٢٥ | %٨٩,١٨ |
| 3 | پ.ی.د.ڕزگارمصطفى غفور | ٣٧ | سفر | – | %١٠٠ |
| 4 | پ.ی.د.توانا فريدون حسين | ٣٤ | ٣ | ٢٥,٢٢.٢٠ | %٩١,٨٩ |
| 5 | پ.ی.د.لوقمان صالح كريم | ٣٧ | سفر | – | %١٠٠ |
| 6 | محمد پ.ی.د.أمیر خواکرم | ٣٧ | سفر | – | %١٠٠ |
| 7 | د.جوان بختيار بهاءالدين | ٣٠ | ٦ | ٣٦,٣٥,٣٣,٣٢,٣١,٢٨ | %٨١,٠٨ |

لێرەوە دەردەکەوێت کە تێکرای گشتی پەسەندکردنی شارەزایان بۆ تەواوی بڕگەکان (%٩٢,٢) یە ، کەواتە بڕگەکان دەگونجێت لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکە.

# باسی دووەم : خستنە ڕووی کەیسەکان

## کەیسی ژمارە(1)

(ش. ح. ن ) تەمەنی (٤٣) ساڵەو خێزاندارە و خاوەنی (٣) کچە بڕوانامەی بکالوریوسی هەیە ، کاری سەربەخۆی خۆی هەیە و بۆ چەند ساڵێکە کاری بازرگانی دەست پێ کردووە کەل و پەل لە دەرەوەی وڵات دەهێنێت ، بەڵام بۆ ماوەی( ٢ ) ساڵە سەرقاڵە بە کارێکی نوێوە کە بوارێکی تازەیە بە ناوی بورصەی ئەلکترونی بەشێکی لەگەڵ هاوسەرەکەی ئەم کارە ئەنجام دەدات.

سەبارەت بە پاڵنەرەکانی بونی بە ژنی خاوەن کار (ش) دەڵێت ، پەروەردەی خێزانی ڕۆڵی باڵا دەگێڕێت لە دروست کردنی متمانە بەخۆبون لای تاک ئەمەش بە پاڵنەری سەرەکی دادەنێت بۆ بونی بە خاوەن کار ، چونکە (ش) لە خێزانێک گەورەبووە هەر لە منداڵیەوە باوکی باوەڕی بە تواناو لێهاتویەکانی هەبووە وایلێکردووە هەمیشە بە چاوێکی ئەرێنی تەماشای خۆی بکات توانیویەتی پشت بە خۆی ببەستێت لە دامەزراندنی کارەکەی و خۆی سەلماندووە لەو کارە ئەمەش زیاتر دڵنیای کردۆتەوە لەوەی کەسێکی بە تواناو بەهێزە، جگە لەوەی سەردانی کردنی بەردەوامی بۆ دەرەوەی وڵات وایلێکردووە پەیوەندی باش بە هاوپیشەکانی دروست بکات و ڕاوبۆچونیان بگۆڕنەوە بە تایبەت لەگەڵ ژنانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا توانیویەتی سود لە بۆچون و دنیا بینی و ئەزموونی ئەوان وەربگرێت سەرکەوتوبێت و ببێتە پێشەنگ لەم بوارەدا و شوێنی خۆی بکاتەوە لە کۆمەڵگەیەک تەنها تێڕوانینیان بۆ ژن لە چوارچێوەی سنوری ماڵ دەرناچێ ، کە بە ڕای (ش) ئاستەنگی سەرەکییە لە پێش کۆی گشت ژنانی کۆمەڵگەکەی و ئەمەش وایکردووە ژمارەی ژنان لە بازاڕی کارو بازرگانی زۆر کەم بێت و تەنانەت ئەگەر هەشبێت تەنها بۆ ڕازاندنەوەی و سەرنج و ڕاکێشانی کڕیار بەکاردەهێنرێت ، هەروەها پێیوایە لە کۆمەڵگە بە جۆرێکە مامەڵەکردنیان لەگەڵ کەسەکان لەسەر بنەمای ڕووکەشی دەرەکی دەبێت نەک قوڵ بوونەوە و ناسینی وردی کەسەکە کە وادەکات زۆرجار ژنان ناچاربن بە جۆرێک دەربکەون قبوڵ بکرێن لە کۆمەڵگە و زیاتر لەوەی ناخی خۆیان دەرببڕن بۆ نموونە ، (ش) پێیوابوو بۆی لە کێشەکان خۆی ڕزگاربکات و زیاتر بیرو هۆشی لە بەرەوپێشبردنی کارەکەی چڕبکاتەوە هەوڵیداوە جلێک بپۆشێت کە شیاو بێت نەبێتە هۆکار بۆ ئەوی خودی خۆی ڕەت بکرێتەوە یان ڕێگە خۆشکەر بێت تا لەبەرامبەریدا گێچەڵی سێکسی پێ بکرێت ، پێیوایە لە کۆمەڵگە ڕێژەی ژن لەم کارە کەمە بۆیە هاوپیشەکانی لە ڕەگەزی نێر کێبڕکێی ناکەن چونکە هێشتا نەبونەتە جێگەی مەترسی بۆ پیاوان .

تێبینی توێژەر بۆ وتەکانی (ش) ، دەردەکەوێت کە پاڵنەری سەرەکی لای (ش) بۆ بونی بە خاوەن کار ئەوەیە کە کەسیەتیەکی سەرکێشی هەیە و حەز بە ڕیسک دەکات و هەمیشە ئارەزوی خۆسەلماندن دەکات بێگومان بونی بە خاوەن کار باشترین ناوەندە تا خودی خۆی

بسەلمێنێت ئەگەر چی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەیە بەڵام سودی لێوەرنەگرتووە لە بونی بە بازرگان.

## کەیسی ژمارە(2)

(ف ر.ی) تەمەنی (61) ساڵەو خێزاندارە و خاوەنی (٢) کوڕو کچێکە ، کۆلێژی ئەندازیاری بیناسازی تەواو کردوە، خاوەنی کۆمپانیای بەڵێندەرایەتی گشتی و ئەندازیاریە بۆ ماوەی (24) ساڵە کاری سەربەخۆی خۆی دەکات بەبێ ئەوەی هاوبەشی هەبوبێت لە کارەکانی.

دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆیی (ف) ڕاستەوخۆ لە کەرتی حکومی دەست بە کاربووە ، بەڵام هەرگیز هەستی بە ئاسودەیی نەکردووە لەو کارە بەڵکو هەر زوو بە زوو بیری لەوە کردۆتەوە کارێکی تایبەت بە خۆی دابنێت ، چونکە وەک خۆی دەڵێت کەسیەتیەکی سەرکێش و بوێری هەیە حەزی بەوەیە مرۆڤ کارێک بکات کە بگونجێ لەگەڵ حەزو خولیاکانی و کەس ناچاری نەکات کاری بۆ بکات بەڵکو خۆی خاوەن کارو خاوەن بڕیار بێت و بە ئازادانە و سەربەخۆیانە ئەوەی دەیەوێ ئەنجامی بدات و بە چێژەوە ڕۆژەکەی لەگەڵ بەسەر ببات ، سەرەتا (ف) وەک ئارەزویەک دەستی بەم کارە کرد و لە کاری ڕێکخراوەیی بۆ کارو بزنسی تایبەت بە خۆی و بە هەوڵ و ماندووبونی توانی برەو بە کارەکەی بدات و لێرەوە پاڵنەری کارکردنی بۆهەوڵدان و دابینکردنی ژیانێکی خۆش گوزرەران و شایستە بۆ ئەندامانی خێزانەکەی لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئەوەی کە هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنی (ف) بوو لە کارەکەی هێزو تواناو ئاستی متمانەبەخۆبونی بوو لەگەڵ ئەوەی بە پلان و بەرنامە کاریدەکرد و ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر کارەکەی و تەنانەت لە نێو کۆمەڵگەش و توانی متمانەی خەڵکی و ڕێزو خۆشەویستیان بەدەست بهێنێت و بەمەش ڕۆحی سەرکردایەتی لە ناخیدا بەهێزبوو ، چونکە وەک خۆی دەڵێت کارکردن لە کەرتی تایبەت جیاوازترە دەست و دەم کراوەتری دەتوانێت کار بکەیت بەبەراورد بە کەرتی حکومی بەڵام بە ڕای (ف) خوێندن و پرۆگرامی خوێندن هەرگیز ڕێگە خۆشکەر نەبووە بۆ ژنی خاوەن کار بە تایبەت لە کۆمەڵگەی کوردی ، چونکە هیچ بابەتێک ناخوێنرێت کە کار لەسەر برەودان بکات لە کەسێتی و تواناکانی مرۆڤ و هاندانیان بۆ بون بە خاوەن کاری سەربەخۆ، سەبارەت بە ئاستەنگەکانیش (ف) پێیوایە کەسێتی خۆی لە هەموو شتێک بەهێزترەو هیچ شتێک ناتوانێت ڕێگر بێت لە پێش سەرکەوتنەکانی.

تێبینی کردنی توێژەر بۆ وتەکانی (ف) ، دەرکەوت کەسیەتیەکی بەهێزی هەیەو هەموو کارێک بە بەرنامە دەکات و توانیەیەتی بە کاتێکی کەم و هەوڵێکی خاکیانە و داهاتێکی مادی ئاسایی کارێک بۆ خۆی بکات و و دواتر سودی لە کرانەوەی کۆمەڵگەو بە جیهانیبون وەرگرتووە .

## کەیسی ژمارە(3)

(ە. ع. ت ) تەمەنی (٤٢) ساڵە و خاوەنی( ٢ ) کچە، پەیمانگای هونەرە جوانەکانی تەواو کردووە و خاوەنی کۆمپانیای موبیلیاتە سەرەتای دەستپێکردنی کارەکەی بۆ ماوەی( ١١) ساڵ لەمەو پێش دەگەڕێتەوە ، بە هاوبەشی لەگەل هاوسەرەکەی ئەم کارەی ئەنجام دا کە بۆ دیزاین کردنی کەل و پەلەکان دەچونە دەرەوەی وڵات مۆدێلەکانی هەڵدەبژارد ، بەلام پاش کۆچکردنی هاوسەرەکەم بۆ ماوەی (٤ ) ساڵە بەبەردەوامی خۆ کاری کردووە خۆی بووە بە خاوەنی کارەکەو توانیویەتی زیاتر پەرەی پێبدات.

بەڕای (ە) پاڵنەری سەرەکی بۆ بونی بە خاوەن کار دەگەڕێتەوە بۆ گونجاوی پسپۆڕیەکەی لە خوێندن لە جۆری کارەکەی ، چونکە (ە) پەیمانگای هونەرە جوانەکانی تەواوکردووە ئەمەش وایکردووە بەردەوام مامەڵە لەگەڵ ڕەنگەکان بکات و سەلیقە هەبێت لە ڕێکخستنیان ئەمەش یارمەتی دەرێکی باش بووە لە کاری دیزاین و ڕێکخستنی کەل و پەلەکانی ، پێشتر لەماڵی خۆی دەستی پێکردووەو دواتر بیری لەوە کردۆتەوە ئەم خولیایەی بکاتە بزنسێک و داهاتێکی پێ پەیدا بکات کە بژێوی ژیان و گوزەرانی خۆی و ئەندامانی خێزانەکەی برەو پێبدات ، سەرەڕای کرانەوەی کۆمەڵگە بە ڕووی جیهانیبون وایکردووە کە بۆچونی خەڵکی بەرامبەر ژنانی خاوەن کار گۆڕانکاری بەسەردا بێت واتە لە ئێستادا بۆ (ە) ئاسان ترە وەک ژنێک کە لە درەنگانێکی شەو دا بچێتە دەرەوەی ماڵ و ئەو کەل و پەلانەی بۆی هاتووە بۆ پێشەنگاکەی وەریبگرێت لە کاتێکدا زۆربەی ئەوانەشی مامەڵەیان لەگەڵ دەکات لە ڕەگەزی نێرن نەک هەرئەوەندە بەڵکو (ە) پێیوایە ئێستا ژنان سەربەخۆ ترن و ئازادتر هاتوچۆدەکەن ئەوەتا زۆرجار بۆ کڕینی کەلوپەل و ناسینی شتی تازە لە بواری کارەکەی سەردانی دەرەوە دەکات و بەچەند ڕۆژ دەمێنێتەوە بێ ئەوەی کێشەی خێزانی بۆ دروست بکات.

لە گرنگترین ئاستەنگەکانی ، بە ڕای (ە) بریتییە لە قورسی ژیانی وەک ژنێک بە تایبەت کە هاوسەرەکەی نەماوەو ناچارە ڕۆڵی دایک و باوک بۆ منداڵەکانی ببینێت ئەمەوایکردووە ئەرک و بەرپرسیارێتیەکانی قورسترە بە تایبەت ئەوەی پەیوەستە بە هاوسەنگ ڕاگرتنی ژیانی خێزانی و ژیانی کارەکەی ، زۆرجاریش قسەو باس و ڕەخنەکانی خەڵکی ئازاری داوە هەروەها پێیوایە ژن بونی وایکردووە هەندێک لە ئازادیەکانی لەدەست بدات بە تایبەت ئەوەی پەیوەندی بە پۆشینی جل و بەرگ هەیە و ناچارە بۆی لە زۆرێک لە کێشەکان خۆی ڕزگاربکات ئەو جلە بپۆشێت کە خەڵکی پێی قبوڵە نەک ئەوەی حەزی پێدەکات ، چونکە زۆربەی کارمەندو ئەو کەسانەی مامەڵەی لەگەڵ دەکات لەڕەگەزی نێرن لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار ڕووبەڕوی گێچەڵی سێکسی بۆتەوە زیاتر بەشێوەی زارەکی.

بە ڕای توێژەر ، (ە) کەسیەتیەکی بەهێزی هەیە سەرەڕای ئەوەی ژنێکە هاوسەری لە ژیاندا نەماوە ، بەڵام توانیویەتی لەسەر پێیەکانی بوەستێ و بەردەوام بێت لەسەر ئەو کارەی پێشتر

لەگەڵ هاوسەرەکەی بونیادی ناوەو نەک هەرئەوەندە بەڵکو برەوی پێبدات و بێئەوەی پێویستی بەکەس بێت ژیانی گوزەرانی خۆی و (٢) کچەکەی دابین بکات و ، سەرەڕای ئەوەی زۆرجار ڕووبەڕوی قسەو باس بۆتەوە ، چونکە ژنێکە تەنیایە بەڵام هیچ کام لەم قسانە کاریگەری تێنەکردووە و نەبۆتە هۆی ساردبونەوەی لە کارەکەی بگرە توانیویەتی سەرکەوتوبێت و ڕەخنەی کۆمەڵگەو کێبڕکێی هاوپیشەکانی قبوڵ بکات .

## کەیسی ژمارە(4)

(چ. ک. ص ) تەمەنی (٦١) ساڵەو خاوەنی (٣ ) کچە قۆناغی ئامادەیی تەواو کردووە ، لە ئێستادا خاوەنی کۆمپانیای پاکەرەوەیە  بۆ پاکردنەوەی شوێنە گشتیەکان لە سالی (٢٠١٣) دەستی بە کار کرد و بە تەنها کار دەکات و هاوبەشی نیە.

پاڵنەری سەرەکی کارکردنی (چ) دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی منداڵی هەرلەو کاتەوە خەونی ئەوەی هەبوو ڕۆژێک ببێتە خاوەن کاری تایبەت بەخۆی ، جگە لەوەی کۆمەڵێک توانای هەبوو و خاوەن عەقڵیەتێکی بازرگانی بوو بۆیە سەرەڕای ڕێگری خێزانەکەی لە سەرەتا کە بڕوایان بە تواناکانی نەبوو لەبەرئەوەی لە ڕەگەزی مێیە ، بەڵام سوربونی لەسەر بڕیارەکانی و باوەڕی تەواوی بەبیرۆکەکەی و بە هەموو هیوایەکەوە پلانی داناو بەرنامەی داڕشت و سەرئەنجام توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و بەم سەرکەوتنەش توانی باوەڕی تەواوی ئەندامانی خێزانەکەی و بەتاییەت هاوسەرەکی بەدەست بهێنێت لە ئێستادا هاوکاری تەواوی دەکات لە کارەکەیداو پاڵپشتی دەکات و هەروەک ئاماژەشی پێدەدات هۆکاری سەرەکی بۆ بونی بە خاوەن کار دابینکردنی خۆش گوزەرانیە بۆ خۆی و خێزانەکەی ، بەڵام (چ) نکۆڵی لەوە ناکات ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر کۆمەڵگەی کوردی هاتووە تاڕادەیک کارئاسانی بۆ ژنان کردووە تا لە چوارچێوەی ماڵ بێنە دەرەوە و سەرقاڵی کارو چالاکی بازرگانی بن ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جۆری کارەکان زۆرجار کاریگەری دەبێت لەسەر قبولکردنی یان قبوڵنەکردنی لەلایەن کۆمەڵگەوە نەک هەرئەوەندە بگرە شێوازی مامەڵەکردنیان دەکەوێتە سەر جۆری کارەکە ، توانیویەتی لە ڕێگەی کارەکەیەوە جێگەی خۆی بکاتەوەو متمانەی کۆمەڵگە بەدەست بهێنێت و زۆرجاریش بووە لەم ڕێگەیەوە کاری خێرخوازی ئەنجامداوە.

سەبارەت بە ئاستەنگەکان ، (چ) پێیوایە هەموو کەسێک کاتێک کارێک دەکات ئاساییە شکست بهێنێت و زەرەریش بکات هەروەک چۆن قازانج دەکات ، بەڵام گرنگ ئەوەیە بێ هیوا نەبێت بۆیە بەلای (چ) گرنگ نیە ئاستەنگ بێتە ڕێگەت بەڵکو گرنگ ئەوەیە مرۆڤ کاتێک بڕیاری کارێک دەدات ئامانج دیاری بکات و پلان و بەرنامەی هەبێت ئەگەر شکستی هێنا ڕێگەی تازە تاقی بکاتەوە و ئەزموونی لێوەربگرێت و نەهێڵێت دوبارە بێتەوە و تاکە ڕێگری خێزانەکەی بوە

به زیرەکی خۆی توانیویەتی بەسەر ئەم ئاستەنگانە زاڵ بێت ، هەروەها نەبونی پاڵپشتی دارایش لەلایەن حکومەت بە ئاستەنگێکی دیکە دادەنێت.

لەم چاوپێکەوتنە توێژەر بۆی دەرکەوت ، (چ) خاوەن کەسێتیەکی نەرم ونیان و خۆڕاگرە و لە کارێکی بچوک دەستیپێکردووە ، بەڵام دواتر توانیویەتی بە ئازایەتی و بوێری خۆی گەشەی پێبکات و زاڵ بێت بەسەر هەموو ئەو کۆسپانەی خێزانەکەی بۆی دروست کردووە ، کەسێکە ئامانجی تەنها کۆکردنەوەی داهات نیە بگرە کاری خێرخوازیش دەکات لەگەڵیدا .

## کەیسی ژمارە(5)

(ە. ع. م ) تەمەنی (٤١) ساڵەو خاوەنی ( ٢) کچەو بڕوانامەی بکالوریوسی هەیە ، لە ئێستادا خاوەن ئارایشتگایەکە بۆ ماوەی (٢١) ساڵە ئەم پیشەیە دەکات و هەرلە منداڵیەوە ئارەزووی ئەم کارەی کردووە ، چونکە لە خێزانێک بوو خوشکەکانی ئارایشتگایان هەبووە و ئەوان هاندەربوون وە بە هەمان شێوەش خێزانەکەی هەربۆیە هەستی بەبونی ڕێگری نەکردووە لە چوارچێوەی خێزانەکەی.

(ە) پێیوایە چەند هۆکارێک هەن کە پاڵنەری سەرەکی بون بۆ بونی بە ژنێکی خاوەن کاری لەوانە پاڵپشتی کردنی خێزان بۆی و هاندانیان جگە لەوەی ئەو کاتەی بڕیاریدا بۆ یەکەم جار ئارایشتگا دابنێت خوێندکاری زانکۆ بووە و بەمەش توانیویەتی کڕیارێکی باش بۆ کارەکانی پەیدا بکات وەک خۆی ئاماژەی پێدەکات (٤٠٠٠) خوێندکار لەو کاتەدا ناسیویانە و هانیان داوە ، بەڵام لە ئێستادا توانیویەتی بەباشی سۆشیال میدیا بەکاربهێنێت بۆ کاری مارکێتین و ڕیکلام کردن بۆ کارەکانی و تەنانەت وەک یوتوبەریش کاردەکات و زانیاری دەدات لە بارەی جوانکاری بەمەش ناوبانگێکی باشی بۆ خۆی پەیداکردووە ، (ە) دەڵێت هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنی پەیوەستە بەو وێنە ئەرێنیەی بۆ خۆی دروستی کردووە ئەو پەیامە ئەرێنیانەی بەبەردەوامی بە خۆی دەگەینێت کە وادەکات هەمیشە بەجوانی بڕوانێت لە ژیان و لە ناخی خۆیدا هاندەرێکی باش بێت بۆ بەردەوامی و سەرکەوتنی لە کارەکانی.

سەبارەت بە ئاستەنگەکان ، (ە) ، پێیوایە گەورەترین ئاستەنگ ڕووبەڕوی بۆتەوە پەیوەستە بە خزم و کەس و کار کە بەردەوام ڕەخنەیان لێگرتووە ، هەروەها زۆرترین ئاستەنگ لە دەستپێکی کارەکەیدا بووە چونکە لەسەردەمێک دەستی بە کارکردووە کە کاری ئارایشتگا تۆقێنەر بووە و خەڵکی بە چاوێکی نەشیاو تەماشایان کردووە بە ڕادەیەک زۆربەی ژنان سەردانی ئارایشتگایان نەدەکرد ، بەڵام ئێستا بارودۆخەکە باشترە چونکە گۆڕانکاری لە بۆچونی خەڵکی ڕویداوە ئێستا وەک پێشو کاری ئارایشتگا ئەو ترسەی نەماوە ، سەبارەت بە کارمەندەکانی (ە) دەڵێت لەم ڕووەوە هیچ کێشەی نیە چونکە کارمەندەکانی زۆربەیان لە ڕەگەزی مێن و بەمەش کێشەی ئیدارەدانی بۆ دروست نابێت و تەنانەت هاوپیشە پیاوەکانی بە کێبڕکێ کاری نازانێ.

بەبۆچونی توێژەر ، پاڵنەری سەرەکی بوون بە خاوەن کار لای (ە) بریتییە لە خێزانەکەی ، چونکە لەلایەک لە خێزانێک گەورە بووە کە خوشکە گەورەکانی هەمان کاریان کردووە بۆیە زوو بە زوو لەوان فێربووە و لەلایەکی دیکەش زۆر هاوکاریان کردووە تەنانەت لە کاتی سەردانەکانی بۆ دەرەوەی وڵات دایکی چاودێری منداڵەکانی کردووە و ئەمەش کارئاسانی زۆری بۆ کردووە.

## کەیسی ژمارە(6)

( ڕ. ی م ) تەمەنی ( ٦٢) ساڵەو هاوسەرەکەی کۆچی دوایی کردوەو خاوەنی (٣ ) کچە ، بڕوانامەی بکالوریوسی هەیە . لە ئێستادا پزیشکی دەرمانسازیەو کۆگای دەرمانی تایبەت بە خۆی هەیە لە سلێمانی ، پاڵنەری سەرەکی بۆ بون بە خاوەن کار لای (ڕ) بریتییە لە پەروەردەکردنی خێزانەکەی بونی باوکێکی نموونەیی و ڕۆشنبیر کە هەر لە منداڵیەوە هانی کچەکەی بدات بۆ خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامەی زانکۆیی و کارکردن تا بتوانێت سەربەخۆ بێت و پشت بە خۆی ببەستێت و متمانەی بە خۆی هەبێت ، دواتر هاوسەرەکەی هاوکاری بووە پێکەوە خێزانێکیان پێکهێناوە لەسەر بنەمای سۆز و خۆشەویستی و دابینکردنی پێداویستیە مەعنەویەکان و دابەش کردنی ئەرک و بەرپرسیاریەتیەکان ئەمە بە خاڵی سەرەکی دادەنێت لە ژیانیدا .

جگە لەوەی خوێندن بەچەکی دەستی کچان دادەنێت تا بتوانێت متمانەیان بە خۆیان و تواناکانیان هەبێت بۆیە (ڕ) پێیوایە زۆر گرنگە کچان بخوێنن و هەتا هەوڵ بدەن پلەی بەرزتر بەدەست بهێنن ئەوا بۆ داهاتویان گرنگە ، چونکە خوێندن واتە ئازادی و سەربەستی و ڕزگاربون لە کۆت و بەندو چەوساندنەوە ، سەبارەت بە خۆی خوێندن و پسپۆڕیەکەی بە پاڵنەرێکی گرنگی دادەنێت بۆ بونی بە خاوەن کار هەر ئەمەش نا بەڵکو پێیوایە مرۆڤ ئەو ئەزمونەی لە کار فێری دەبێت لە سەرکەوتن و دەیکاتە خاوەن کەسیەتیەکی بەهێز کە بتوانێت ڕووبەڕووی ژیان بوەستێت و زیاتر شارەزا بێت ، (ڕ) پێیوایە کارکردن وات لێدەکات زیاتر تێکەڵاوی خەڵکی بیت و ژمارەیەکی بێشومار لە پەیوەندی دروست دەکەیت.

سەبارەت بە ئاستەنگەکان ، بەهۆی ئەوەی (ڕ) لەگەڵ کوردو عەرەب کاری کردووە ئەزمونی زۆرترە و پێیوایە عەرەب زیاتر هانی ژنان دەدەن بۆ کارکردن بەڵام لە کۆمەڵگەی کوردی بە نەرێنی دەڕواننە ئەو ژنانەی خاوەن کاری سەربەخۆی خۆیانن و تەنانەت گومان لەسەر ڕەوشتیان دروست دەکەن و زۆرجاریش ژنان ناتوانن بەو جۆرە خۆیان نمایش بکەن کە حەزی پێدەکەن واتە ناچارن شێوازی جل و بەرگ و ڕازاندنەوەیان بگۆڕن تەنانەت تۆنی دەنگیان دێت نێرانە بێت و قسەکردنیان توندو زبر بێت تا ڕێگە نەدەن بەرامبەر سنور ببەزێنێ لەگەڵیان ئەمەش بە ڕای (ڕ) ئاستەنگێکی تری پێش ژنانی خاوەن کارە ناچارن لە ژن بونیان وەریش ببنە پیاوێک بۆی شوێنی خۆیان بکەنەوە لە بازاڕی کاردا ، یەکێکی دیکە لە

ئاستەنگەکان پەیوەستە بە کێبڕکێ بە تایبەت لەم سەردەمە کە زۆربووە و زۆرجار دەبێتە کێشە بۆیان.

بەڕای توێژەر ، بواری پسپۆڕی (ڕ) پاڵنەری سەرەکیە بۆ بونی بە ژنی خاوەن کار خوێندن وایلێکردووە هەست بە خۆی بکات شارەزایی پەیدابکات و تێکەڵاو بێت و پەیوەندی دروست بکات ئەمانەش هاندەر دەبن بۆی ببێتە پێشەنگ لە ژیانی تایبەتی و کاردا .جگە لەوەی کەسیەتیەکی توندی هەیە و ئەمەش یارمەتی داوە بۆی بتوانێ بەردەوام بێت سەرەڕای ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی دەبێت و ئەو کێبڕکێیانەی بەرامبەری دەکرێت جێگای خۆی بکاتەوەو بەردەوام بێت لە سەرکەوتنەکانی.

## کەیسی ژمارە(7)

(چ. م. ع ) تەمەنی (٦٠) ساڵەو خیزاندارە و خاوەنی ( ٢) کوڕو کچێکە ،پەیمانگای تەکنەلوجی تەواو کردووە . خاوەنی کارگەی خواردەمەنی ئامادەکراوە ، بەتەنها خۆ خاوەنی کارگەکەیەو و بۆ ماوەی ساڵێکە دەستی بەم کارە کردووە.

(چ) پاڵنەری سەرەکی بۆ بونی بە ژنی خاوەن کار دەگەڕێنێتەوە بۆ حەز و خولیای خۆی بۆ کارەکەی هەر لە منداڵیەوە ئارەزووی کردووە ببێتە خاوەن کاری تایبەت بە خۆی ، گەورەکردنی کارەکەشی هاندانی خێزانەکەی و پاڵپشتی باوان و هاسەرەکەی بووە زیاتر ڕێگە خۆشکەر بوو بۆی بزنسی تایبەت بەخۆی دابمەزرێنێت ، چونکە ئەو کارەشی بڕیاری لەسەر دابوو ئەنجامی بدات قبوڵکراو دەبێت لە کۆمەڵگەو نابێتە لەکە لەسەر خۆی و خێزانەکەی ، هەروەها ئارەزوکردنی بۆ دابینکردنی ژیانێکی شایستە بە خۆی و خێزانی بە پاڵنەرێکی دیکە دەبینێ بە تایبەت لەم سەردەمەی ئێستا کە کاڵاو کەلوپەلەکان زۆر جۆراوجۆرن و هەمیشە سەرنجی مرۆڤ ڕادەکێشێت و بەردەوام ئارەزووی شتی تازە و باشتر دەکەن و ئەمەش پێویستی بە داهاتی باش هەیە تا خێزان بتوانێ ژیانێکی خۆشگوزەران بژی و کرانەوەی کۆمەڵگەش وایکردووە تێڕوانینەکان بۆ ژن گۆڕاون ئێستا ئاساییە ژنێک ئیدارەی بدات ، بەڵام بە ڕای (چ) گرنگترین شتێک وادەکات ژن بتوانێت ئازادانە کاربکات ئەوەیە ئەو کارەی هەڵیدەبژێرێت جێگەی ڕەزامەندی خێزان و کۆمەڵگە بێت و ئاگاداری جل و بەرگ و هەڵسوکەوتی بێت و بتوانێت متمانە بەدەست بهێنێت دواتر هەموو کارەکە بۆی ئاسان دەبێت ، بەڵام (چ) پێیوایە کە خوێندن زۆر گرنگ نیەو تەنانەت دەڵێت ژیانی زۆرێک لە ژنە خاوەن کارەکان تەماشابکەین ڕەنگە ئاستێکی خوێندەواری وای نەبێت گرنگ ئەوەیە مرۆڤ ئیرادەی بەهێزبێت و بڕیار بدات و ئامانجی هەبێت و هەوڵی بۆ بدات.

بەگشتی بەڕای توێژەر ، (چ) کەسێکی گەشبینەو ئەرێنیە و توانیویەتی سود لە شکستەکانی وەربگرێت و بیکاتە ئەزمونێک لە ژیانی کاریدا تا بتوانێ سەرکەوتوبێت و کەسێکە متمانەی

بەخۆی و تواناکانی هەیە دەزانێ چۆن پلان دابنێت و تواناکانی بخاتە گەڕ بۆ بەجێگەیاندنی پلانەکەی.

## کەیسی ژمارە(8)

تەمەنی (٤٢ ) ساڵەو ڕەبەنە بڕوانامەی بکالوریوسی هەیە ، ئێستا خاوەن کاری تایبەت بە خۆیەتی کۆمپانیای ( ڕیکلامی بازرگانی ) ی هەیە ، لە سال ( ٢٠١٣ ) دەستی بەم کارەم کردووە واتە بۆ ماوەی (٨ ) ساڵە بەردەوامە و هاوبەشی هەیە لە کارەکەیدا .

گرنگترین پاڵنەری ئارەزویەتی بۆ ئەم کارە و پێیوایە خوێندن هۆکارنیە ، چونکە بەبڕوای ئەو ئەگەر کەسێک نەخوێندەواریش بێت تەنها بەسە ئارەزووی هەبێت بۆ ئەوەی کارێک ئەنجامی بدات.

پێشتر لە کەرتی حکومی کاری کردووە بەڵام بارودۆخی کوردستان و قەیرانی یەک لە دوای یەک و خراپی باری ئابوری و کەمی موچەو مامناوەندی باری خێزانەکەی هۆکار بوو تا بیر لە کردنی کارێکی دیکە بکاتەوە، بۆیە بە هاوبەشی لەگەڵ هاوڕێکەی بیرۆکەی ئەم کارەیان داهێناو ئامانجیان دارشت و سەرئەنجام دەستیان پێکرد . پێیان خۆش بوو خاوەن کاری تایبەت بەخۆیان بن واتە حەزیان بەوەنەدەکرد لەژێر ڕکێفی کەسێکی دیکە کاربکەن و بەڵکو ئازادانە کاربکەن و داهاتێک بێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیە لاوەکی و جوانکاریەکان سەرفی بکەن کە ئەمەش بە کاری ڕۆتینی لە کەرتی حکومی و داهاتێکی کەمی مانگانە بەدی ناکرێت.

سەبارەت بە ئاستەنگەکان ، ئەم کەیسە جەختی لەسەر ئەوە دەکات کە ڕووبەڕوی زۆر ئاستەنگ بووە لە ماوەی کارکردنی لەوانە ئاستەنگی کلتوری و خێزانی ، بەڵام ئەمانەی کردۆتە پلیکانەی سەرکەوتن و ئەزمونی لێوەرگرتووە و تەنانەت خێزانەکەی پێیان وابووە کە لەسەر ژن بونی ئاستەمە بتوانێ کارێکی لەم شێوەیە ئەنجام بدات و هەرگیز سەرکەوتو نابێت ، پێیوایە ژن بوون بەسە بۆ ئەوەی کۆمەڵگە وا تەماشات بکات کە تۆ ناتوانیت کاربکەیت زوو ماندودەبیت و ڕووبەڕووی ڕەفتاری نەشیاو دەبیتەوە ، بەڕای ئەم کەیسە ژن لەم کۆمەڵگەیە زۆرتر چەواشە دەکرێت و زیاتر بەزەییان بەژنێک دێت کاربکات نەک شانازی پێوە بکەن ئەمەش کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر تێڕوانینەکانی خودی ژنان خۆیان بۆ خۆیان ، بەڕای ئەم کەیسە زۆرجار جل و بەرگ کێشە بۆ ژنان دروست دەکات کاتێک جل وبەرگ کراوەبێت کارئاسانی بۆ دەکرێت ، بەڵام گێچەڵی پێدەکرێت و کاتێک وەک خۆی دەبێت پۆشتەیە و کەسێکی بالاپۆشە ئەوا کارئاسانی بۆ ناکرێت و ئاستەنگی بۆ دروست دەکرێت لە کاردا.

بەبۆچونی توێژەر ، ئەم کەیسە هێندە کاریگەرە بە تێروانینی کۆمەڵگە بۆ ژنی خاوەن کار یان ئیشکەر تەنانەت خۆی حەز بەوە ناکات کچان بخاتە سەر کار وەک کارمەند وەریانبگرێت ،

چونکە ترسی ئەوەی لا دروست بووە کە لەبەر برە پارەیەک ڕووبەڕوی کێشە ببن چونکە کاری ئەم زۆرجار پێویست دەکات تا درەنگانی شەو بمێنێتەوە .

## کەیسی ژمارە(9)

(ص. ص. ف ) تەمەنی (٤٣) ساڵەو خێزاندارە کۆلێژی پزیشکی تەواو کردووە، ئیستا خاوەنی کلینکی پزیشکی تایبەت بە خۆیەتی بۆ ماوەی (١٠) ساڵە ئەم کارە دەکات.

(ص) خوێندن بە پاڵنەری سەرەکی دادەنێت بۆ بونی بە ژنێکی خاوەن کار بە تایبەت ئەو پسپۆڕیەی هەیەتی ، چونکە وەک ئاشکرایە کۆلێژی پزیشکی تەواوکردووەو ئەوەش هۆکاربووە تا بتوانیٚ نۆرینگەی خۆی هەبێت ، بەڵام هەروەک خۆی ئاماژەی پیٚ دەکات ئەمە بەتەنها بەس نیە ، چونکە ئەوەتا زۆرێک هەن کۆلیژیش تەواو دەکەن بەڵام ناتوانن سەربەخۆ کاربکەن بەڵام وەک دەردەکەوێت کەسێتی (ص) زیاتر ڕێگە خۆشکەربووە ، چونکە کەسێتی ئەرێنی لە بیرکردنەوەو و بەدی دەکرێت کەسێکە باوەڕی بە تواناو لێهاتویەکانی هەیەو لە شکست ناترسێت ئەمەش هاوکارێکی باش بووە تا کارەکەی بنیاد بنێت ، بەڵام توانیویەتی لەم کارە پەیوەندی کۆمەڵایەتی باش دروست بکات لەگەڵ کەسانی دیکەو هاوکاری خەڵکی بکات چ لەڕووی مادی یان واتایی سۆز و خۆشەویستی خەڵکی بەدەست بهێنێت و سەرئەنجام سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێناوە.

سەبارەت بە ئاستەنگەکان ، (ص) پێیوایە گەورەترین ئاستەنگی خێزانەکەی بووە بەو پێیەی لە خێزانێک ژیاوە جیاکاری جێندەری بونی هەبووە بە جۆرێک هەموو گرنگی دانێک بۆ کوڕەکان بووە و کچەکان وەک کوڕەکان ئازادو سەربەست نەبون و زیاتر کچەکانی خێزانەکەی کۆت و بەند کراون بەو پێیەی ئەوانیش کاریگەربون بەو کلتورەی تیایدا ژیاون کە کلتورێکە هەمیشە پەروەردەکردنی کچ تیایدا بەمەترسیدار تەماشادەکرێت ، وایکرد سەرەتا ڕێگربن لەوەی ببێتە خاوەن کاری خۆی ، بەڵام وەک دەردەکەوێت (ص) بە زیرەکی خۆیی و بە پلان و بەرنامە بووە ، چونکە پێشتر زانیویەتی کە بۆ بەردەوامبونی لەم کارەی پێویستی بە پشتیوانی خێزان هەیە ، چونکە ڕەنگە زۆر ڕۆژ تا درەنگ بمێنێتەوە یان گەشت بکات بۆ دەرەوەی وڵات بۆیە سەرەتا بڕیاریدا کە ڕازیان بکات ئینجا کارەکەی دەست پێکردووە واتە دژایەتی نەکردون و لەمەشدا سەرکەوتو بوو بۆیە لە ئێستادا بەشێکی سەرکەوتنەکانی دەگەڕێتەوە بۆ پاڵپشتی و هاوکاری خێزانەکەی . بەڵام ئاستەنگێکی تر کە (ص) ئاماژەی پێکرد ئەویش ئەو مەرج و سنورانەیە کە کلتور بۆ ژنی داناوە ئەگەر چی بە زیرەکی و جوانی خەسڵەتە ژنانەکانی لە نەرمونیانی و میهرەبانی بوێری توانیویەتی زۆر بە جوانی کارەکانی بکات و لە زۆرێک لە پیاوان بەهێزترە ، سەبارەت بە پۆشینی جل و بەرگ ئایا کێشەی بۆ دروست کردووە یان نا ، (ص) دەڵێت هەرگیز جل و بەرگ کێشەی بۆ دروست نەکردووە چونکە هەمیشە پۆشاکی

پزیشکی دەپۆشێت و ئەوانەی کاری لا دەکەن لە ڕەگەزی مێینەن بۆیە هەرگیز کێشەی بۆ دروست نەبووە لەم ڕووەوە.

بە بۆچونی توێژەر ، (ص) کەسێکی زۆر بەهێزەو سەرەڕای ڕێگریەکانی خێزانەکەی بەڵام بە ئیرادەو تواناو ئازایەتی خۆی توانیویەتی ڕازیان بکات و بگرە پشتگیر بکەن و هاوکاری بن.

## کەیسی ژمارە (10)

(س.ن. ع) تەمەنی (٣٤) ساڵەو جیابۆتەوەو خاوەنی( ٢) کوڕە و کۆلێژی زانستی تەواو کردووە، ئێستا خاوەنی براندێکی تایبەت بە خۆیەتی بۆ دیزان کردن و ڕازاندنەوەی بۆنەو ئاهەنگەکان ، ماوەی (٦) ساڵە ئەم کارە ئەنجام دەدات .

(س) پێیوایە گرنگترین پاڵنەر بۆ بونی بە ژنی خاوەن کار بریتییە لە خوێندن ئەو پێیوایە خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری تاک و ئەمەش وادەکات مێشکی فراوان و بیرو هزری کراوە بێت و ڕێگە خۆشکەر دەبێت بۆی کەسێک بتوانێت بزنسێکی تایبەت بەخۆی دروست بکات ، (س) دەڵێت پاڵنەرێکی دیکە بۆی ژن ببێت بە خاوەن کار بریتییە لە حەزی بۆ کارەکەی و ئەوەندە کارەکەی خۆشی دەوێت تا ئەو ڕادەیەی هەوڵ دەدات دەرفەتێک بدۆزێتەوە کە بتوانێ بچێتە دەرەوەی وڵات و زیاتر بۆی بخوێنێت تا بتوانێ داهێنەرانە کارەکانی بکات جگە لەمانە (س) ئاماژە بۆ گرنگی پاڵپشتی خێزان دەکات بۆ ژن ئەمەش تەنها لە کاتی دەستپێکی کارەکەی واتە هەر لەسەرەتاوە ئەو پەروەردەکردنەی لە منداڵی بە کچ دەدرێت پێویستە بەجۆرێک بێت گەشە بە تواناکانی بکات و بیکاتە خاوەن کەسێتی بەهێز تا لە داهاتوو ببێتە ئەستێرەیەکی دیاری بواری بازرگانی.

سەبارەت بە ئاستەنگەکان ، (س) پێیوایە کە تەنها ئاستەنگ لە پێش ژنانی خاوەن کار پەیوەستە بەو ڕەخنەو قسەو قسەلۆکانەی توشی دەبێت ، بەڵام (س) خۆی توانیویەتی ئەو ڕەفتارانە قبوڵ بکات وخۆی بەدەستەوە نەداوەو نەیهێشتووە کاریگەری تێبکات بەڵکو ئەو قسانە وایلێکردووە زیاتر متمانەی بەخۆی هەبێت و هەوڵی زیاتر و کاری باشتر ئەنجام بدات.

بەبۆچونی توێژەر ، دەردەکەوێت (س) لەگەڵ ئەوەی ژنێکی تەنیایە و ئەرکی بەخێوکردنی دوو منداڵی لە ئەستۆیە بەڵام حەزی بۆ کارەکەی وایلێکردووە بتوانێت ڕووبەڕوی هەموو قورسی و ئاڵۆزیەکانی ژیان بێت و بەردەوام بێت لە کارەکەی و بتوانێت ببێتە ئەستێرەیەکی دیاری بوارەکەی خۆی و ناووناوبانگی باشی بۆ خۆی دروست کردووە لەشاری سلێمانی.

## کەیسی ژمارە(11)

(ک. ح . ر) تەمەنی (٦٤) ساڵەو هاوسەرەکەی کۆچی دوایی کردووەو خاوەنی (٤) کچ و (٢) کوڕە قۆناغی بنەڕەتی تەواو کردوەو چێشتخانەی تایبەت بە خۆی هەیە، لە ساڵی (٢٠٠٥) دەستی بەم کارە کردووە سەرەتا لە ماڵی خۆی خواردنی دروست دەکرد پاشان کارەکەی گەورە کرد و بە تەنها ئەم کارە دەکات و هاوبەشی نیە.

سەبارەت بە پاڵنەرەکانی (ک) لە خێزانێک پەروەردەکراوە کە خۆی و خزم و کەس و کارە ژنەکانی کاریان کردووە و ئاسایی بووە بەلایانەوە کە کچ لە دەرەوەی ماڵ کاربکات و ببێتە سەرچاوەی دابین کردنی بژێوی ژیانی خۆی و خێزانەکەی و لەگەڵ ئەوەی هاوسەری لە ژیاندا نەماوە و ئەمە نەبۆتە کێشە بۆی بەڵکو توانیویەتی بە کەسێکی بەهێزی خۆی لەسەر پێیەکانی بوەستێت و کارێک بدۆزیتەوە و کە بتوانێ ژیانی خۆی و منداڵەکانی مسۆگەر بکات ، بەڵام وەک خۆی دەڵێت سروشتی کەسێتی خۆی هۆکاری سەرکەوتنیەتی لە کارەکەی ، چونکە کەسێکی بوێرو گورج و گۆڵ و بەگوڕ و تینە لە کاردا هەمیشە ئامانج دادەڕێژێت و پاشان پلان و بەرنامەی بۆ دادەنێت و دواتر هەنگاو دەنێ و بەردەوام هەڵسەنگاندن بۆ خۆی و کارەکەی دەکات و پێش ئەوەی ڕەخنەی لێبگرن خۆی ڕەخنە لە خۆی دەگرێت و بەردەوام هەوڵ دەدات خۆی باشتر بکات و تازەگەری لە کارەکەیدا دەکات ، هەروەها کەسێکی کۆمەڵایەتییەو دەزانێت بە چ جۆرێک پێشوازی لە میوانەکانی دەکات شێوازی بەخێرهاتن و قسە شیرینەکانی هۆکاربووە بۆ زیادبونی کڕیارەکانی و سەرکەوتنی توانیویەتی زیرەکانە سۆشیال میدیا بەکاربهێنێ بۆ بەبازاڕکردنی بەرهەمەکانی و ئەمە وایکردووە لەئێستادا خواردن بۆ دەرەوەی سلێمانی دەنێرێت ناوبانگی دەرکردووە.

سەبارەت بە ئاستەنگەکان ، ئەگەر چی خێزانەکەی هاوکارو پاڵپشتی بووە بەڵام سەرەتا کوڕەکەی ڕێگربووە پێی خۆش نەبووە دایکی خواردن بۆ خەڵکی دروست بکات ، بەڵام دواتر (ک) توانیویەتی بەخۆسەلماندنی لە کارەکەی بڕوا بە کوڕەکەی بهێنێت و ئێستا هاوکارو پشتیوانیەتی ، هەروەها پاڵپشتی دارایی نیە لەلایەن حکومەت ڕاستە (UNDP) هاوکاری کردووە لە کردنەوەی خواردنگەکەی کە ڕێکخراوێکی نەتەوە یەگرتوەکانە بۆ پەرەپێدانی وڵاتان و یارماتیدانیان لە نەهێشتنی هەژاری و بەداستهێنانی گاشەی ئابووری بەردەوام و پەرەپێدانی مرۆیی ، هاوکاری مادی ئەو ژنە خاوەنکارانە دەکات کە خاوەنی پرۆژەی بچوک و مامناوەندن .

بەبۆچونی توێژەر ، (ک) سەرەڕای ئەو ئاستەنگانەی هاتۆتە پێشی و توانیویەتی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت لە کارەکەی و تەنانەت بەردەوام هاوکاری کەسانی تری کردووە و زۆر کەسی فێرکردووە ، لە ئێستادا خواردنگەی خۆی هەیەو ئەمەش بەختەوەرو خۆشحاڵی دەکات .

# کەیسی ژمارە (12)

(ن. م ا) تەمەنی (٤٨) ساڵە و خێزاندارە و خاوەنی(٢) منداڵە و کۆلێژی بازرگانی تەواو کردووە خاوەنی هۆڵی لەش جوانی و ڕاهێنەرە ، لە (٢٠١٦) دەستی بەم کارە کردووە هاوبەشی هەیە لە کارەکەیدا.

بەبڕوای (ن) پاڵنەری سەرەکی بۆ بونی بە ژنی خاوەن کار خولیاو حەزی بۆ کارکردن پاشانیش دابین کردنی ژیانێکی شایستە بۆ خۆی و ئەندامانی خێزانەکەی ، بەڵام (ن) پێیوایە کارکردن لە کەرتی تایبەت بوارت بۆ دەرەخسێنێ تا خۆت بناسی و متمانە بەخۆبونت زیادبکات و پەیوەندی باش دروست بکەیت لەگەڵ کەسانی چواردەورو ببێتە جێگەی باوەڕی ئەوانی تر ، هەرئەوەش نا بگرە ڕۆحی سەرکردایەتیت تیا بەهێز دەکات و دەبیتە بەڕێوەبەری کارێک و دەسەڵاتت دەبێ و فێری ئەتەکێتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەوروبەر دەبیت ، بەڕای (ن) ئەم هەستە بەسە بۆ ئەوەی هاندەرت بێت تا حەز بەوە بکەیت خاوەن کاری سەربەخۆی خۆت بیت ، جگە لەمانە (ن) پێیوایە ڕاستە خێزانەکەی هاندەر نەبون بەڵام پاڵپشتی کردنی کوڕەکەی هاندەرێکی سەرەکی دەست پێکردنی ئەم کارەی بووە ، لە هەموو ئەمانە گرنگتر (ن) کێشی زۆر بووە هەرکات سەردانی شوێنێکی کردووە ناخۆشترین بابەت کە باس کراوە لە پشتی باس کردن بووە لە ناڕێکی کێشی ئەمە زۆر ئازاری داوە هەتا ئەو ڕادەیەی بیری لە کردنەوەی هۆڵێکی لەش جوانی کردووە و لە ئێستادا زۆر دڵخۆشە بە کارەکەی چونکە سودی لێبینیوە لە ژیانی خۆی و توانیویەتی بە وەرزشکردن ببێتە خاوەن لەش و لارێکی ڕێک وجوان.

سەبارەت بە ئاستەنگەکان ، (ن) دەڵێت خێزانەکەی هەرگیز باوەڕیان بە تواناکانی نەبووە و هاندەری نەبوون زۆرجار کە ناچاربووە بەهۆی کارەوە شەو درەنگ گەڕاوەتەوە بە توڕەییەوە پێشوازی لێکراوە لە لایەن هاوسەرەکەیەوە و ، بەڵکو تێڕوانینی کۆمەڵگە ش وا لە ژنان دەکەن سارد ببنەوە و حەزی کارکردنیان نەبێت چونکە ژن لە چاوی کۆمەڵگە تەنها ئەرکی ماڵ و منداڵە ، هەروەها خزم و کەس و کاریش ئیرەیی پێ دەبەن بەردەوام ڕەخنەی لێدەگرن ، بەڵام جل و بەرگ هەرگیز کێشەی بۆ دروست نەبووە ، چونکە بەهۆی کارەکەی جلوبەرگی وەرزشی دەپۆشێت و زیاتر مامەڵە لەگەڵ مێینە دەکات بۆیە لە زۆر کێشەی لەم جۆرە بێبەشە ، ئاستەنگێکی تر بریتییە لە نەبونی پاڵپشتی دارایی حکومەت و نەک هەرئەوەندە بگرە باجیشی لێدەستێنێت ئەمەش وا دەکات قورسی زۆری بۆ دروست دەکات.

بەڕای توێژەر ،(ن) ئەزمونەکانیژیانی هۆکار بووە بە بونی بە ژنی خاوەن کار تەنها بەسە کە ئەم ئەزمونە هاوسەنگی ڕاگرتووە لەگەڵ حەزو خولیاکانی و بەرنامەی باشی داڕشتووە و توانیویەتی بەو بەرنامەیە ئامانجەکانی بەدەست دەهێنێت .

## کەیسی ژمارە (13)

(س. ا.م) تەمەنی (٤٥) ساڵەو خێزاندارە و خاوەنی (٢ ) کوڕو کچێکە بڕوانامەی بکالوریوسی هەیە، لە ئێستادا خاوەنی دوو کافتریایە وسەرپەرشتیاری گشتی خوێندنگەیەکی ئەهلیە ،بۆ ماوەی (٦) ساڵە ئەم کارە دەکات هاوبەشی هەیە لە کارەکایدا.

بە بڕوای (س) بۆ بەڕێوەبردنی پڕۆژەو کاری گەورە خوێندن و بڕوانامە زۆر گرنگە ، بەڵام لە بەڕێوەبردنی کاری بچوک بڕوانامە ئەوەندە پێویست نیە ، ئارەزووکردنی بۆ ئەم کارەو پێشکەشکردنی خزمەتێک بەشارەکەی لەگەڵ بەدەستهێنانی داهاتێک بۆ خۆی و خێزانەکەی ئامانجی سەرەکی کارکردنیەتی.

(س) پێیوایە یەکەم ژن بووە کافتریای داناوە و کۆمەڵێک گەنجی خستۆتە سەر کار و کەسێکی کۆمەڵایەتیەو ژمارەیەکی زۆر هاوڕێ و برادەری هەیە کە هەمیشە بۆنەو ئاهەنگەکانیان دەبەنە لای ئەو ئەوانەش وایلێدەکات هەست بە خۆشحاڵی بکات و ڕۆحی سەرکردایەتی لە ناخیدا گەشەی سەندووە بەمەش وایلێکردووە زیاتر حەز بەکاری سەربەخۆ بکات ، لەلایەکی دیکە پشتیوانی و هاندانی خێزانەکەی بە تایبەت خەسوی کە هاوکاری کردووە لە بەخێوکردنی منداڵەکانی هۆکارێکی دیکە بووە بۆی ببێتە خاوەن کار . بەڕای (س) کرانەوەی کۆمەڵگە تەنها ڕوکەشە و ئەگەر نا ئەوا خەڵکی هەر خاوەنی مێشکێکی داخراون و هێشتا زۆریش هەیە لایان ئاسایی نیەو ئەمەش وایکردووە توشی ڕەخنەی زۆر بۆتەوە بۆ نموونە (س ) ، پێیوایە هێشتا کچان لایان ئاسایی نیە بچنە کافتریاو کاربکەن  بۆیە قورسە ،  بەگشتی خەڵکی تێڕوانینی بۆ ژنی خاوەن کار دوو جۆرە بەشێکی ئیرەیی دەبەن و کێشە دروست دەکەن ، بەشێکی تر دەست خۆشی دەکەن و هاندەرن.

بەڕای توێژەر (س) خاوەن کەسێتیەکی کۆمەڵایەتیەو ئەمەش وایکردووە زۆر بەئاسانی لە هەر کارێک دەست پێبکات سەرکەوتوو دەبێت و ئەو کارەشی هەڵیبژاردووە بێگومان پێویستی بە کەسیەتیەکی بەو شێوازەیە.

## کەیسی ژمارە (14)

(  لەسەر داوای خۆی ناوەکەی لابرا ) تەمەنی (٢٧) ساڵەو لە هاوسەرەکەی جیابۆتەوەو قۆناغی بنەڕەتی تەواو کردوەو کاری تایبەت بەخۆی هەیەو خاوەنی بوتیکی جل و بەرگی ژنانە بۆ ماوەی (٧) ساڵە ئەم کارە دەکات و بە تەنها کاری خۆیەتی.

بە بڕوای ئەم کەیسە خوێندن هۆکارنیە بۆ کارکردن بەڵکو تەنها کات بەفیڕۆدانە ، چونکە مرۆڤ کاتێکی زۆر بەڕێدەکات لە خوێندن و تەمەنی دەڕوات و دواتر تەنها لە کارێکی حکومی بەولاوە هیچی تری دەست ناکەوێت ئەمەش ناتوانێ مرۆڤ بەرەو پێش بەرێت بۆیە پێیوایە

سەرەتا بەکار دەست پێبکەو پارەیەکی باش کۆبکەرەوە دواتر دەتوانی بەو پارەیەی بەدەستت هێنا خوێندن تەواو بکە.

بەڕای ئەم کەیسە بەدەستهێنانی داهات و خۆشگوزەرانی هۆکار نیە بەڵکو ترسی لەوەی ببێتە ژنی ماڵەوە پاڵنەری سەرەکی کارکردنی بووە چونکە بەڕای ئەو بون بە ژنی ماڵ واتە ئەنجامدانی کارێکی ڕۆتینی دوبارە بۆوە کە وادەکات مرۆڤ هیچ ئەنجامێکی نابێت بۆیە کارکردن هاوکاری مرۆڤ دەکات تا بتوانێ ڕۆحی متمانەبونی لا دروست بکات و ئەزمونی باشی پێ دەدات و ببێتە کەسێکی بەهێز و ئەتوانێ لە کەسانی دەوروبەری بەباشی بگات و فێر دەبیت پشت بە خۆت ببەستیت ، جگە لەوەی سەربەخۆی ئابوریت بەدەست دەهێنێت و دەتوانێت بە ئازادانە ئەو داهاتەی بەدەست هێناوە بەکاری بهێنێت و هەست کردن بە بەرپرسیارێتی لە کەسەکان دروست دەکات و وا لە مرۆڤ دەکات بەرگەی ناڕەحەتیەکانی ژیان بگرێت و ئیدارەی بەهێز بێت و فێری خۆڕاگری و ئارامی دەکات ئەمانە هەمووی بەڕای ئەم کەیسە گرنگە و دەبێتە پاڵنەرێک بۆی مرۆڤ حەز بەوە بکات ببێتە خاوەن کاری خۆی ، لەلایەکی دیکە ئەم کەیسە پەروەردەکردنی خێزانی و بە تایبەت بونی باوکێکی بەهێز لە ژیانی کە هەر لە منداڵیەوە فێری کردووە لەسەر پێیەکانی بوەستێت و تەنانەت لە دوای جیابونەوەشی هەرگیز لێی دورنەکەوتونەتەوە و دەستیان گرتوە و نەیان هێشتوە بڕوخێت و هێزێکی ئەرێنیان پێداوە و یارمەتیان داوە ئەمەش پاڵنەرێکی دیکەی کارکردن بووە بەدەستهێنانی ناوناوبانگ و پلەو پایەی کۆمەڵایەتی هۆکاری سەرەکی بون بە خاوەن کاری نەبووە ، چونکە وەک خۆی دەڵێت پێشتر لە ڕێگەی سۆشیال میدیا ئەم ناوبانگەی بەدەست هێناوە ، بەڵام ئەمە کارئاسانی بۆ کرد تا سەرکەوتوبیت لە کارەکەی.

سەبارەت بە ئاستەنگەکان ، (ئەم کەیسە) پێیوایە تێڕوانینی کۆمەڵگە گەورەترین ئاستەنگە ئەوان هەرگیز باوەڕیان بە تواناکانی ژن نیە و بگرە پێیان وایە لە پشت هەر ژنێکی سەرکەوتوو پیاوێک هەیە جا ئیتر کەسێکی سیاسی بێت یان دەوڵەمەندێک و ناودارێک بێت وایدەبینین ژن کەسێکی لاوازە و ناتوانێ بزنسی خۆی هەبێت و پێیوایە دین و کلتور تەواوی کۆمەڵگەی کۆنترۆڵکردووە ، ژن تەنها لە چوارچێوی ماڵدا دەبێت و هەرکات کە دێتە دەرەوە ئەو کات دەکەونە توانج لێدان و قسە بۆ دروست کردنی و ناوزڕاندنی ئەمەش زۆرجار بێزاری کردووە هەتا ڕادەیەک خەریک بووە بوتیکەکەی دابخات ، بەڵام دواتر لەبەرئەوەی متمانەی بەخۆی و تواناکانی هەبوو پاشگەز بۆتەوەو وزیاتر کاری کردوەو وزیاتر هەوڵی خۆسەلماندنی داوە.

سەبارەت بە جل وبەرگ پرسیارمان لێکرد و ئەم کەیسە پێیوابوو کە هەمیشە کێشەی بۆ دروست دەبێ بەهۆی جلو بەرگی و خۆڕازاندنەوەی و زۆرجار قسەی ناخۆشی بەرامبەر کراوە ، چونکە وەک خۆی دەڵێت پۆشتە نیەو بەدڵی خۆی جل دەپۆشێت ، سەبارەت بە گێچەڵی

سێکسی وەک خۆی دەڵێت بەڵێ ڕووبەڕوی گێچەڵ بۆتەوە و بەتایبەت کە چۆتە لای خاوەن کارێکی پیاو هەستی بەوە کردووە بەجۆرێکی نەشیاو قسەو مامەڵەی لەگەڵ دەکات و ئەمەش وایلێکردووە هەست بە بێزاری بکات.

بە ڕای توێژەر ، (ئەم کەیسە ) کەسێکی ئازادو سەربەخۆیەو هەرگیز گوێ بە کۆت و بەندی کۆمەڵگە نادات و زۆر جار ئەم کێشەیەی بۆ دروست کردووە ، بەڵام توانیویەتی بەسەریدا زاڵ بێت و هەر بەردەوام بێت لە کارەکەی و سەرکەوتنی بەدەست هێناوە.

## کەیسی ژمارە (15)

(ن. ئ. ع ) تەمەنی (٣١) ساڵەو خێزاندارە و خاوەنی کچێکە و بڕوانامەی بکالوریوسی هەیە، لە ئێستادا کاری دیزاینەری کەل و پەلی ناو ماڵ دەکات ، بۆ ماوەی (٤) ساڵە ئەم ئیشە دەکات و هاوسەرەکەشی هاوبەشە لەگەڵیدا .

(ن) پاڵنەری سەرەکی کارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ حەزو ئارەزوی خۆی بۆ کارکردن بە تایبەت کە هەر لە منداڵیەوە ئارەزوی ئەوەی کردووە سەربەخۆ کاربکات ، جگەلەوە دەستەبەرکردنی بژێوی خۆی و خێزان و هاندانی هاوسەرەکەی توانیویەتی لە ماوەیەکی کەم ئەم کارەی دەست پێ بکات جگە لە سروشتی خۆی کەسێکی ئارام و خۆڕاگرە و نەرم و نیانە و بە جوانی مامەڵە لەگەڵ کڕیارەکانی دەکات ئەمانە هەمووی هاوکارن لە سەرکەوتنی لە کارەکەی ڕاستە وەک خۆی دەڵێت سەرەتا ترسی هەبووە و دودڵ بووە لەوەی دەست پێبکات یان نا ، بەڵام لە دواتر بڕیاری داوە و ئامانجی دارشت و بە هاوکاری هاوسەرەکەی دەستی پێکرد بەبڕوابەخۆبونی وایلێهات ، لە ئێستادا پەشیمان نیە لەم کارەی کردویەتی و پێیوایە هیچ شتێک مەحاڵ نیە تەنها ئەوە بەسە کەسێکی دڵسۆز دەستت بگرێت.

سەبارەت بە ئاستەنگەکان ، (ن) پێیوایە بەشێکی پەیوەستە بە کەسێتی هەندێک تاکی کۆمەڵگە کە ئیرەیت پێ دەبەن خۆیان هیچ هەوڵێک نادەن و تەنها ئیرەیی بە کەسانی سەرکەوتو دەبەن بەمەش بە قسەکانیان بێزاریان دەکەن ، بەڵام سەبارەت بە جل و بەرگ هیچ کێشەی نیە چونکە بەڕای (ن ) هەرگیز جلوبەرگ کەسێتی مرۆڤ دەرناخات و ئەمەش لە هەموو جیهان وایە بۆیە مرۆڤ بۆی سەرکەوتو بێت دەبێت بزانێت چی دەپۆشێت و بۆ کوێ تا سەرقاڵی ئەم کێشەیە نەبێت.

سەبارەت بە کێبڕکێی پیاوان ، (ن) دەڵێت هەندێک هاوکارن و هەندێک کێبڕکێی نادروستی لەگەڵ دەکەن بەڵام (ن) توانیویەتی بە ئازایەتی و زیرەکی خۆی برەو بە کارەکانی بدات ئەم کێبڕکێیە نەیوەستاندووە.

بۆچونی توێژەر ، لەبارەی کەسێتی (ن) کەسیەتیەکی بەهێزی هەیە و بونی هاوسەرەکەی لەگەڵیدا لە کارەکەی کارئاسانی بۆ کردووە و لە زۆرێک لە کێشەکان ڕزگاری کردووە و کەسێکە دەزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ دەوروبەری بکات ئەمەش زۆر هاوکار بووە لە سەرکەوتنی لە کارەکەی.

## کەیسی ژمارە (16)

( ڕ . م. ئ ) تەمەنی (٣٤) ساڵەو خێزاندارە  خاوەنی کورێک و (٢) کچە کۆلێژی بازرگانی تەواو کردووە ، لەئیستادا خاوەنی کارگەی شیرینیە بۆ ماوەی (٩) ساڵە ئەم کارە دەکات و بە تەنها کاری خۆیەتی .

بەڕای (ڕ) پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو سۆشیال میدیا زۆر هاوکاری بووە ، چونکە لە ڕێگەی یوتوبەوە زانیاری وەرگرتوەو پەرەی بە کارەکەی داوە  ئەمەش هۆکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ خوێندن  کە کارئاسانی بۆ کردووە ،حەزو ئارەزوی بۆ کارەکەی و کەسایەتی خۆشی هاوکاربووە ، جگە لەوەی دابین کردنی بژێوی ژیانی خێزانەکەی پاڵنەرێکی دیکەیە ، کارکردن سودی زۆری پێگەیاندوە لەلایەک هەست کردن بەبەرپرسیارێتی و دواتر متمانە بەخۆبونی زیادی کردوە . هەرچەندە دایکی و خوشکەکەی زۆر هاندەری بون هەربۆیە سەرەتا لە ماڵەوە دەستی پێکرد لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوەکارەکەی گەورەی کرد هەتا بووە خاوەن کارگەی تایبەت بە خۆی ئەمەش دەگەڕێنێتەوە بۆ سروشتی کەسێتی خۆی چونکە ئەم کارەی بەئاسانی نەکردووە چەندین ئاستەنگ ڕوبەڕووی بۆتەوە ڕەنج و ماندوبونی زۆری چەشتووە تا ئەم براندەی دامەزراندووە  .

سەبارەت بە ئاستەنگەکان ، (ڕ) دەڵێت ڕاستە لە سەرەتادا هاوسەرەکەی ڕازی نەبوو کاربکات ترسی لەوەی سەرکەوتو نەبێت و زەرەری مادی بکات بەڵام بە هەوڵ و ماندوبونی توانی ڕازی بکات و لە ئێستادا زۆر هاوکاریەتی، بەڵام (ڕ ) پێیوایە تێڕوانینی خەڵکی بەرامبەر بە ژنانی خاوەن کار گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە ، ئەمیش دەکەوێتە سەر جۆری ئەو کارەی ئەنجامی دەدەیت ئایا کۆمەڵگە چ کارێک بە شیاو دەزانێت ، هەرلەبەر ئەوەشە خەڵکی زۆر بڕوایان بەکارەکەیەتی و زۆر گونجاوە لایان بەردەوام هانی دەدەن دەست خۆشی لێدەکەن پێیان و وایە کارەکەی زۆر جوانە خەڵکی پێویستی پێیەتی .

تێبینی توێژەر بۆ وتەکانی (ڕ) ، دەردەکەوێت  خاوەن کەسیایەتیەکی هێمن و لەسەرخۆیەو ئارامی  هەیە لەگەڵ کڕیارەکانی بە نەرم ونیانی مامەڵە دەکات ، یان ئەو کارەی دەیکات لەلایەن خێزان و کۆمەڵگەکەیەوە قبوڵکراوەو  بۆتە جێگەی شانازی و کارئاسانی بۆ کردووە ، هەربۆیە (ر)  ئەمە بە هۆکاری سەرەکی بەناوبانگ بونی دادەنێت لە کارەکەی ، بەتایبەتی کاری شیرینی دروستکردن کە خواستی زۆر لەسەرە لەلایەن خەڵکیەوە .

# كەیسی ژمارە (17)

(ن. س. ا) تەمەنی (٤١) ساڵەو خێزاندارە و خاوەنی ( ٢) کوڕە کۆلێژی بازرگانی تەواو کردووە ، ئێستا خاوەنی سەنتەری لەش جوانیە بۆ ماوەی ( ٤) ساڵە ئەم کارە دەکات  و هاوبەشی هەیە لە کارەکەیدا.

حەزو ئارەزوی (ن) بۆ کارەکەی و دابین کردنی داهاتی زیاتر تا بتوانێت ژیانی خۆی و خێزانەکەی بەرەو پێش بەرێت لە ڕووی ئابوورییەوە بە هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی ئەم کارە دەزانێت , سەرەڕای ئەوەی باوەڕی بە کەسایەتی خۆی هەیە و دەتوانێت سەرکەوتو بێت لەو ئیشەی دەستی پێکردووە لێرە زیاتر هەست بەبونی خۆی دەکات و زۆر دڵخۆش دەبێت دەبینێت خەندە دەخاتە سەر لێوی نەخۆشێک لەسەر داوای پزیشک هاتۆتە سەنتەرەکەی و چارەسەر وەردەگرێ یان کاتێک دەبینێت ئومێد بۆ کەسێک دەگەڕێنێتەوە بە تەواوی بێ چارەیە لەبارەی شێوەی جەستەی ، یان کاتێک بە گروپ وەرزش دەکەن و دڵخۆش دەبێت بە بینین و دڵخۆش کردنی گروپەکەی ، ئەمانە بۆ (ن) زۆر لە داهات گرنگترە بە تایبەت کاتێک هەست دەکات خزمەتێکی مرۆیی پێشکەش کردووە.

(ن) پێیوایە خێزان و شێوازی پەروەردەکردنی کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر دروستکردنی کەسێتی تاک بە تایبەت دایک کە کۆڵەکەی ماڵ و بەرپرسی یەکەمە لە پەروەردەکردنی منداڵ و ئەو بڕیاردەرە لە ناوخێزاندا ، (ن ) دەڵێت دایکی زۆر هانی داوەو ئامۆژگاری کردوە تا لەسەر پێیەکانی خۆی بوەستێت و بخوێنێت کاربکات و پارەی خۆی هەبێت و چاوی لەدەستی کەس نەبێت ئەمە هەر زوو بە زوو لە ناو ناخی چەسپی و بوو بە کەسێکی چالاک و گورج و گۆڵی و پڕە لە وزە، ئەگەر چی ئەزمونێکی زۆری هەیە لە کارکردن بەڵام لەم کارەی ئێستا هەست دەکات حەزو خولیای خۆیەتی و ئامادەنیە بیگۆڕێت واتە ئەزمونی هەیە لە ژیانی پیشەدا و ئێستا زۆر بەهێزترە بەبەراورد بە پێشوتر و زۆر بوێرانە و بێ ترس کاردەکات.

سەبارەت بە ئاستەنگەکان ، (ن) دەڵێت هەر ژنێک هاوسەرداربیت و منداڵ و ماڵی هەبێ قورسترە و بەرپرسیارێتی زیاترە  وەک کچێکی سەڵت نیە کە جگە لە کارەکەی بەرپرسیارێتی دیکەی نیە ، دەڵێت ڕاستە خێزانەکەی ڕێگر نەبوون بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە دوچاری کێشە نەبۆتەوە بە تایبەت لەگەڵ هاوسەرەکەی ڕەنگە زۆر جار بۆ خۆدورخستنەوە لەبەریەک کەوتنی لەگەڵ هاوسەرەکەی ناچار بووە کارەکەی بەجێ هێشتووە و هاتووەتە ماڵەوە تا خواردن بۆ منداڵەکانی ئامادە بکات تەنها بۆ ئەوەی هاوسەرکەی توڕە نەبێت.

سەبارەت بە تێڕوانینی کۆمەڵگە ، (ن) پێیوایە کۆمەڵگەو بیروباوەڕی خەڵکی لە ئێستادا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە بە تایبەت لە بابەتی پەیوەست بە چونە دەرەوەی ژن لە ماڵ و کارکردنی لە بوارەکەی خۆی یان لە هەر بوارێکی تر ئەگەر چی هەر لە نێو هەمان کۆمەڵگەش جیاوازی هەیە لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر هەر ئەم کارەی لە گەڕەکێکی وەک (بەختیاری ) کە

یەکێکە لە گەڕەکە کراوەکانی شاری سلێمانی ئەوا زۆر بەئاسایی قبوڵ دەکرێت و کێشەی نیە لە کاتێکدا لە شوێنێکی تری وەک گەڕەکێکی داخراودا ڕەنگە قبوڵ نەکرێت و ببێتە کێشە ، (ن) پێیوایە پێش دەست پێکردنی هەر کارێک دەبێت مرۆڤ بزانێ ئەو کارە لە چ شوێنێک جێگەی دەبێتەوە لەوێدا دایبمەزرێنی . ، تەنانەت زۆرجار لەگەڵ هاوپیشە ژنەکانی ڕوبەڕووی ململانێ و کێشە بۆتەوە کاتێک کۆدەبنەوە لە یەکیەتیەکەیان هەموو حەز دەکەن پاشقول لەیەکتر بگرن کەس هاوکاری کەس ناکات و بگرە کێشەت بۆ دروست دەکەن.

تێبینی توێژەر بۆ وتەکانی (ن) ، کەسێکی بوێرو ئازایە هەرگیز نەکەوتۆتە ژێر کاریگەری خێزانەکەی و ئەو کەسانەی ئیرەیی پێدەبەن و دەیانەوێت لە کارەکەی ساردی بکەنەوە ، لە کۆتادا دەبێ مرۆڤ بوێر بێت گوێ بۆ ئەو کەسانە نەگرێت ڕێگری بۆ دروست دەکەن و ئیشی لێ قورس دەکەن ئەگەر نا هەرگیز ناتوانێ یەک هەنگاو بچیتە پێشەوە.

## کەیسی ژمارە ( ١٨ )

( ه. م. م ) تەمەنی (٣٩)ساڵەو خێزاندارە و خاوەنی کچێکە بڕوانامەی بەکالوریۆسی هەیەو ئیستا کاری تایبەت بەخۆی هەیە کە سەنتەری جوانکاریە ، بۆ ماوەی ( ٦) ساڵە ئەم کارە دەکات و بە تەنها کاری خۆیەتی.

بەڕای (ه) سروشتی کەسایەتی خۆی ڕێگە خۆشکەر بوو تا ئەم کارە هەڵبژێرێت ، دەڵێت ژنان بەگشتی و ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەت زۆر گرنگە هەوڵ بدەن کارێک هەڵبژێرن و ئەنجامی بدەن بگونجێت لەگەڵ خولیاو ئارەزویان ،(ه) پێیوایە ئەم هەستە دەبێت لەناو خودی خۆتدا بەرجەستەی بکەیت ، خۆت باسی خاڵی لاواز و بەهێزی خۆت بکەیت بەردەوام کار لەسەر خۆت بکەیت تا دواتر هەست بە بونی خۆت بکەیت و ببیتە خاوەن کەسایەتیەکی بەهێز و واتلێدەکات سەرکەوتوو بیت لە کارەکەت .

سەبارەت بە ئاستەنگەکان ، (ه) دەڵێت جگە لەوەی بوون بە خاوەن کار بە هەموو ژنێک ناکرێت بە ڕاستی پێویستی بەوە هەیە جۆرێک لە سیفاتی سەرکردایەتی لە ناو کەسێتیدا بوونی هەبێت تا بتوانی لەلایەک ئیدارەی کارو کارمەندان بکەیت لەلایەکی دیکە روبەڕووی کێشەو ئاستەنگەکان ببیتەوە ، بەڕای (ه) لە وڵاتی ئێمە چەند قۆناغێکی خوێندن دەبڕیت و پاشان دواتر تۆ کاری لەسەر ناکەیت بۆیە خوێندن بە بنەمای سەرەکی نابینێت بۆ بوون بە خاوەن کار بەڵکو حەزو ئارەزوو بە بنەمای سەرەکی دەبینێت بۆ کار هەڵبژاردن .

(ه) کارمەندەکانی لە ڕەگەزی مێیە و خۆشی زیاتر حەز دەکات خزمەت بە ڕەگەزی مێ بکات و دەڵێت ئەوانەشی سەردانی دەکەن زیاتر ڕەگەزی مێن ، (ه) هۆکاری ئەمەش دەگەڕێنێتەوە بۆ کلتوور پێیوایە ئێمە وا پەروەردە نەکراوین بەیەکەوە هەردوو ڕەگەز کاربکەین یان وا پەروەردە نەکراوین پیاوێک بە مرۆڤ ببینین پێش ئەوەی بە پیاو ببینین ئەوە کێشەکەیە.

سەبارەت بە ئاستەنگەکان ، (ە) لە خێزانێک ژیاوە و گەورە بووە وەک هەر خێزانێکی تەقلیدی نێو ئەم کۆمەڵگەیە کاریگەری کلتووری نێر سالاری خێڵەکی وایکردوە لە سەرەتادا ڕازی نەبن وەک مێیەک بچێتە بازاڕی کارو بازرگانی ، نەک لەبەرئەوەی متمانەیان پێی نیە بەڵکو لەبەرئەوەی ترسیان لەو کلتوورە هەیە کە بەرپەرچی ئەم کارە دەداتەوە بۆ ژن و ترسیان لە قسەو قسەلۆک هەیە و ترسیان لە ناموس و شەرەف و ئابڕووچون هەیە ، بەڵام (ە) توانیی بە ئازایەتی و چاونەترس و بە زۆرەملێ و بوێری خۆی و بەسەرکەوتنەکانی ڕازی کردن .

سەبارەت بە حکومەت (ە) دەڵێت حکومەت هیچ پاڵپشتیەکی دارایی نەکردوە چونکە کاتێک مرۆڤ کارێک دەکات یان پرۆژەیەکی هەیە پێویستە قەرز لە بانک بکات یان حکومەت ئاسانکاری بۆ بکات بۆ ئەوەی سودێکی مادی هەبێت بۆ کارەکە بەڕای (ە) ئەمە لە کۆمەڵگەی ئێمە ئەستەمە بۆ ژنان دەستەبەری بکەن.

)ە) دەڵێت ڕاستە گێچەڵی سێکسی پێنەکراوە ئەگەر چی لە وڵاتی ئێمە گێچەڵکردن زۆر زۆرە بەرامبەر بە ژنان ، واتە ئەگەر پیاوێک لە پشت نەبێت ئەوا زۆر قورس دەبێت کار بکەیت و ڕەنگە ڕوبەڕووی گێچەڵی سێکسی ببیت ئەمەش کاریگەری نەرێنی دەبێ لەسەر کارەکەو دواجار واتلێدەکات کارەکەت لە دەست بدەیت وازبهێنیت.

تێبینی توێژەر بۆ وتەکانی (ە) ، ئەگەر چی ماوەیەک دەبێ زۆرینەی ژن هاتونەتە بوارەکەو توانیویانە جێ دەستی خۆیان بەجێ بهێڵن و شوێنی خۆیان بکەنەوە لە بواری کارو بازرگانی ، بەڵام بە پێی قسەکانی (ە) لە کۆمەڵگەی کوردی بوون بە خاوەن کاری تایبەت بۆ ژن ئاسان نیە ماندووبونی دەوێ جا بە جەستە بێ یا بە دەروون و زۆرجاریش ناچارت دەکەن واز لەجوانی و ژنێتیت بهێنیت بۆ ئەوەی خۆت بگونجێنیت یان واز لەکارەکەت بهێنیت تەنها بۆ ئەوەی بتوانیت بەردەوام بی لەو کارەی حەزی پێ دەکەیت.

## کەیسی ژمارە (١٩)

( ئێ. خ) تەمەنی (٣١ ) ساڵەو خێزاندارە و خاوەنی کچێکە بڕوانامەی ماستەری هەیە لە بازرگانی ، لەئێستادا خاوەن کارگەیەکی جل و بەرگی تایبەت بە ژنانی هەیە و هەروەها وەکالەتی چەند براندێکی هەیە ،تەنها خۆی خاوەنی کارەکەیە .

سەبارەت بە پاڵنەرەکانی بونی بە ژنی خاوەن کار ، (ئێ) ئاماژە بەوە دەکات یەکەمین پاڵنەری بریتیە لە سروشتی کەسایەتی خۆی کە زۆر تەماحی هەیەو ڕازی نیە بەوەی کارێک بکات و لە کوتایی مانگەکە بڕە داهاتێکی دیاریکراو وەربگرێت ، بۆیە هەمیشە هەوڵی داوە کاربکات و خۆی ماندو بکات و لەبەرامبەردا داهاتێکی باش پەیدا بکات وبگرە بەردەوام لە زیادبوندا بێت تا بتوانێت ژیانێکی شایستە بۆ خۆی و ئەندامانی خێزانەکەی دابین بکات ، وە سیفەتێکی دیکەی (ئێ) ئەوەیە هەرکات بیەوێت کارێک بکات بیرۆکەیەک دێت بە مێشکیدا ڕاستەوخۆ پلانی بۆ

دادەڕێژێت و سور دەبێت لەسەر بەئەنجام گەیاندنی ، تەنانەت جۆری خوێندنەکەشی هاوکاری بووە چونکە بەشی بازرگانیی تەواو کردووە.

سەبارەت بە ئاستەنگەکان ، (ئ) دەڵێت وەک هەر کچێکی رۆژهەلاتی هەمیشە چاوو ترسی خێزانەکەی بە دواوە بووە سەرەتا ئەمە وایکرد ڕێگری لێبکرێت لەلایەن باوانیەوە، بەڵام هێندە تەماحی هەبووە ڕوبەڕوویان وەستاوەو باوەڕی پێهێناون بەوەی ئیرادەیەکی بەهێزی هەیەو دەتوانێت سەرکەوتوو بێت ڕاستە زۆرێک لە ژنانی دیکەی کۆمەڵگەکەی خولیاو ئارەزوو ئامانجیان هەیە بەڵام خێزان و کۆمەڵگە ڕێگریان لێدەکات و ناهێڵن یەک هەنگاو بچنە پێشەوە ، تەنانەت (ئ) ئاماژەی پێدا لە کارەکەشی هاوپیشەکانی هاندەری نین و هەوڵیان ناشرینکردنی کارەکەیەتی و ئەمەش زیاتر دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئیرەیی و کەم و کورتی کۆمەڵگە ، چونکە زۆربەی خەلکی ئارەزوی کارکردنیان نیەو حەزیش ناکەن تۆش کاربکەیت هەرچەندە کارەکەی بەشیاو دەزانێت و کارێکی ژنانەیەو دەبوایە ڕێگری نەبوایە ، لەبەرئەوە کارەکەی پێویستی بە خەڵکی و بۆچونی ئەرێنی خەڵکیە واتە هەتا خەڵکی کارەکەیان بە دڵ بێت ئەمە زیاتر بازاڕی باشتر دەکات بۆیە زۆرجار ئەمە دەبێتە ڕێگری بۆی.

تێبینی توێژەر بۆ وتەکانی (ئ) ، دەردەکەوێت کە (ئ) کاری دیزاین کردنی جل و بەرگ بە کارێکی شیاو دەزانێت بۆ ژن ، پێیوایە کە ژنان دەتوانن هەر بەشێوازی ژنانەکەی خۆیان بمێننەوە وەک هەندێک کاری دیکە نیە ناچارت دەکات ببیتە پیاو تا بتوانی جێگای خۆت لەو کارە بکەیتەوە ، بۆیە پێویستە ژنان بجەنگن لە پێناو ئازادی بونتان وگەشتنتان بەکاری گەورە بۆ ئەوەی ئاستەنگ و بەربەستەکان کەمتر بێتەوە و خێزان و کۆمەڵگەش قبوڵی دەکەن.

## کەیسی ژمارە (٢٠)

( س. م . م) تەمەنی ( ٢٧ ) ساڵە و ڕەبەنە کۆلێژی ئەندازیاری تەلارسازی تەواو کردووە ، لە ئێستادا کاری دیزاین کردنی ناوماڵ و ڕێکخستن دەکات بۆ ماوەی (٣) ئەم کارە دەکات و بەتەنها کاری خۆیەتی .

ئەوەی زۆر هاوکاری (س)ی داوە جۆری ئەو پسپۆریە بوو لە کە تیا بەدەستی هێنابوو وەک ئاماژەی پێکرد ئەندازیاری تەلارسازی تەواو کردوە و ئەمەش زۆر هاوکاری کردووە لەبەرەوپێش چونی کارەکەی ، بۆیە حەزی کردووە خۆی کاربکات و چاوی لە دەستی خێزانەکەی نەبێت ئەگەر چی ئەوان پارەدار بوون ،بەڵام حەزی کردووە لەسەر پێیەکانی خۆی بوەستێت.

(س) سەرکەوتنەکانی دەگەڕێنێتەوە بۆ شێوازی ئەو پەروەردەیەی لە منداڵیەوە لە باوانی وەریگرتووە ئەوان فێریان کردووە متمانەی بە خۆی هەبێت وپشت بە خۆی ببەستێ و ڕێگەیان پێداوە بچێتە دەرەوە بخوێنێت و دنیا ببینێت و سود لە ئەزموونی وڵاتە پیشکەوتوەکان

وەربگرێت و بیگوازێتەوە  بۆ ناو کۆمەڵگەکەی ، فێریان کردوە شەرم نەکات و هەنگاو بنێت و تەنانەت ترسی تیکەلاو بونی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر نەبێت  ئەمانە هۆکار بون لەوەی کەسیەتیەکی بەهێزی هەبێت و بتوانێت کارەکانی بە سەرکەوتویی ئەنجام بدات و متمانەی کۆمەڵگەش بۆ بەرهەمەکانی بەدەست بهێنێت ،سەرەڕای ئەوەی لە ڕێگای تەکنولۆجیای نویَ و سۆشیال میدیا توانیویەتی ئاگاداری هەموو ئەو نوێکاری و تازەگەریانە بێت لەبواری کارەکەی ڕوودەدات لە جیهان و بەمەش دواناکەێت و بەردەوام  دەبێت لە بەرەپێشبردنی کارەکەی و هەمیشە توانیویەتی ڕیکلامی بازرگانی بۆ کارەکەی بکات و بازاڕ پەیدا بکات .(س) خۆی بەکەسێکی جیاواز دەبینێت بە بەراورد بە هاوڕێکانی کە هەمان پسپۆری ئەویان تەواو کردووە و هەر وەک خۆیان ماونەتەوە لەیەک شوێندا وەک (س) کاری سەربەخۆی خۆیان نیە پشت بە خۆیان نابەستن.

سەبارەت بە ئاستەنگەکان ، (س) دەڵێت تا ئێستا حکومەت پالپشتی دارایی نەکردوە لە بارەی ئەوانەشی کاریان لەگەڵ دەکات زیاتر لە ڕەگەزی نێرن چونکە کارەکەی وا دەخوازێت خۆی تەنها دیزاین دەکات و کوڕەکانیش کەل و پەلەکانی بۆ ڕێکدەخەن ، دەڵێت کچان ناتوانن ئەو کارە قورسانە ئەنجام بدەن.

)س) گێچەڵی سێکسی پێکراوە لەلایەن خاوەن کارو هەروەها کڕیارەکان چونکە کارەکەی دیزاین کردنی شوێنەکانە ، دەڵێت زۆر جار تەلەفۆنی بۆ کراوەو داوای لێکراوە کە بچێتە شوێنێک دیزانیان بۆ بکات بەڵام هەر زۆر زوو هەستی بەوە کردووە کە ئەو کارە  ڕاست نیەو نەچووە ، پێیوایە ڕاستە هەوڵی ئەوە دراوە گێچەڵی سێکسی پێبکرێت ، بەڵام(س) دەڵێت دەکەوێتە سەر هەڵوێست و کەسایەتی خۆت چۆن وەڵام دەدەیتەوە.

تێبینی توێژەر ، لە تێبینی وتەکانی  (س)  دەرکەوت حەزی بەسەرکەوتنی بەرەو لوتکە هەیە و دەیەوێت پشت بە خۆی ببەستێت و حەزی بەکاری سەربەخۆیە، ئەمە جگە لە کەسایەتی خۆی کە بوێرەو حەزی لەسەر کێشیە و ناترسێت لە ریسک. تەنانەت سودی لە سۆشیال میدیا وەرگرتووە ئەگەر چی سۆشیال میدیا چەکێکی دوو جەمسەرەو بەکارهێنانی وابەستەیە بە خودی خۆتەوە واتە بەباشی بەکاری بهێنی سودی دەبیَ وخراپ بەکارهێنانی زیان بە خۆت و کۆمەلگەش دەگەیەنێت ، لێرەدا (س) تەنها بۆ مەبەستێک بەکاریهێناوە سەربەخۆ بونی ئابوری بە ئامانجی سەرەکی کارەکەی زانیوە واتە کارەکەی تەنها ئامرازێک بووە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە کە خۆشی ژیان بوو .

# کەیسی ژمارە (٢١)

(س. ئ. ع ) تەمەنی (٣٦) ساڵە و ڕەبەنە بڕوانامەی ماستەری هەیە لە کارگێڕی کار ، لە ئێستادا یەکێکە لە دامەزرێنەری خوێندنگەیەکی ناحکومی و هەروەها لە کاتی دروستبونی ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆمپانیایەکی پاکژکەرەوەی داناوە بە هاوبەشی لەگەڵ باوکی کارەکانی ئەنجام داوە .

(س) بڕوای وایە تواناو لێهاتویی مرۆڤ کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر بوون بە خاوەن کار نەک بڕوانامەو خوێندن ، (س) زۆر کەس دەناسێت بڕوانامەی بەرزیان هەیە بەڵام توانای ئیدارەدانی کارێکیان نیە، هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنەکانی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەزموونی لە کارکردن کە لە شتێکی زۆر سادە دەستی پێکردوەو لە ئێستادا ئیدارەی کۆمپانیاو خوێندنگەیەک دەکات ،بۆیە پێیوایە مەرج نیە تۆ بەچی دەست پێ ئەکەیت گرنگ ئەوەیە دەست پێ بکەیت و دواتر بە ئەزمون کردن دەگەڕێیتەوە ئەو کارەی خۆت ئارەزووی دەکەیت و خۆتی تیا دەبینیتەوە ، دواتر خوێندن کار ئاسانیت بۆ دەکات ، (س) پێیوایە سەرەتا خوێندن هۆکار نەبوو بۆ ئەوەی ببێت بە خاوەن کار بەڵام لە دوای دەست پێکردنی کارەکەی بە گرنگی زانی بخوێنێت بۆ ئەوەی بتوانێت برەو بە کارەکەی بدات بۆیە بەشێکی هەڵبژارد کە سودمەندبێت لێی ئەویش بەشی کارگێڕی بوو.

سەبارەت بە ئاستەنگەکان ، (س) لە خێزانێکی خێڵەکی گەورەبوە خێزانێکی نەریت سالاری کە هەموو شت بۆ ژن عەیبەیە و ژن ئەرکی تەنها ناوماڵ و خزمەتکردنی ئەوانی ترە زۆر قورس بوو بۆ خێزانەکەی بڕیار بدەن لەوەی کچەکەیان لەو قاڵبە بێتە دەرەوە کە مێشک و زەینیانی داگیر کردبوو ، لەگەڵ ئەوەشدا بە جۆرێک پەروەردەکرابوو ئازاو چاونەترس سڵ لە هیچ شتێک و هیچ کەسێک نەکاتەوە تەنها پشتی بە خێزانەکەی ببەستێت بۆیە ئەم شێوازی پەروەردەیەی هەر لەو خێزانە وەرگرتبوو ڕێگریان لێ کردبوو ئەمەش وایلێکرد ڕووبەڕوویان بوەستێت  و ڕازی نەبێت بە مەرجەکانیان بەڵام بە شێوازی دژایەتی کردن نا بەڵکو بەمیانڕەوانە هەوڵیدا بە هێمنی ڕازیان بکات ،

هەڵبژاردنی کارەکان بۆی قورس و دژوار بوو چونکە وا پێویستی دەکرد شتێک هەڵبژێرێت هەر زوو لە کۆمەڵگەکەی بەرپەرچ نەدرێت و  نەیوەستێنن ، ئەمیش وەک هەر کچێکی زیرەک بە ئازایەتی خۆی توانی زاڵ بێت بەسەریدا، بەڵام (س)  ماندوبونی زۆری چەشتوە بۆی پەشیمان نیە ، پێی وایە داهات و سەرمایە هیچ سودێکی نیە ئەگەر عەقڵێکی باشت نەبێ کە ئیدارەی بکەیت واتە ڕاستە باوکی پاڵپشتی دارایی کردوە بەڵام زیرەکی و توانای خۆی نەبوایە ڕەنگە هەموو پارەکەی بەهەدەر بچوایەو نەیتوانیایە بگاتە ئەم قۆناغەی ئێستا.

بەسەرنجدان و تێبینی توێژەر بۆ وتەکانی (س)، ڕاستە توانایەکی لەڕادەبەدەری هەیەو حەزو ئامانجی هەیە بۆ بەهەدەر بچێت و بۆ لە کارێک سەرفی نەکات سودێکی هەبێ بۆ خودی خۆی

و بۆ خیزان و هەم بۆ کۆمەڵگەش، باوکی کەسێکی سەرمایەدار بووە و خۆیشی توانایەکی باش و خەونی هەبووە هەربۆیە توانی باوکی ڕازی بکات بە لایەنی مادی و خودی خۆیشی بە بیرۆکەکانی کە پێکەوە کارێکی ناوازەیان ئەنجامداو سەرکەوتو بوون .

## کەیسی ژمارە (٢٢)

( ک.ئ. ع ) تەمەنی (٢٧) ساڵەو ڕەبەنە خوێندکاری زانکۆیەو لە ئێستادا کۆمپانیای مارکێتینی هەیە ، بۆماوەی ساڵێکە ئەم کارە دەکات و هاوبەشی هەیە لە کارەکەیدا .

(ک) کەسێتی بەجۆرێکە زۆر گرنگی بە پەیوەنیە کۆمەڵایەتیەکان دەدات و بەردەوام بە ڕوویەکی خۆشەوە لەگەڵ هاوڕێ و کەسانی دەوروبەری مامەڵە دەکات هەربۆیە ئەم خاڵە هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنی بوو لە کارەکەی ، چونکە کاری مارکێتین پێویستی زۆری بە دروست کردنی پەیوەندی هەیە لەگەڵ کەسانی چوار دەور هەروەها خێزانەکەشی زۆر هاوکاری بوون بەردەوام هاندەری بوون بۆی سەربەخۆبێت لە ڕووی ئابوری و پشت بەخۆی ببەستێت و و چاوی لەدەستی کەس نەبێت، (ک) دەڵێت دەبێت ئاگاداربیت چۆن کار بکەیت و چۆن مامەڵە لەگەڵ دەوروبەر بکەیت و باوەڕ بەخۆبون هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنە ، لەگەڵ بونی بەرنامەو پلان بۆ خۆت و خێزان و کارەکەت ئەو کات کێشەت بۆ دروست نابێت و هاوسەنگی ڕادەگریت.

جگە لەوەی (ک) ناوی خۆی خۆش دەوێت وە حەزێکی زۆری بۆ کارەکەی هەیە ئەمە زۆر بە گرنگتر دەزانێت لە ناوبانگ پەیداکردن و بە خاڵی سەرکەوتنی دادەنێت ، چونکە خەڵکی متمانەیان پێ کردوە و ئارەزووی ئەوەیان کردووە کاری لەگەڵ بکەن ، سەرەڕای ئەوەی (ک) دەڵێت تەکنەلۆجیای نوێ زۆر گرنگە بۆ کارەکەی و پێویستی پێیەتی و هەتا ئەو ئاستەی ئەگەر سۆشیال میدیا نەبوایە نەیدەتوانی سەرکەوتو بێت .

بەگشتی ئەو کارمەندانەی کاری بۆ دەکەن لە ڕەگەزی مێن (ک) پێیخۆشە وەک هاوکاریەک بۆ هاوڕەگەزەکانی تا زیاتر دەرفەت و هەلی کارکردن لە پێشیان بێت و لەگەڵ هاوپیشە ژنەکانیشی پەیوەندیان زۆر باشە و هاوکاری یەکتری دەکەن و ئەم هاوکاریە زۆر بە گرنگ دەزانێت تا ژنان بتوانن شوێن دەستی خۆیان بەجێ بهێڵن لە کۆمەڵگە.

سەبارەت بە ئاستەنگەکان ، (ک) دەڵێت کارەکەمان لەگەڵ مرۆڤەو هەموو لەیەک ناچین و وەک یەک بیرناکەنەوە و جیاوازین بۆیە کەمینەش هەیە منی پێ قبوڵ ناکرێت و ڕەنگە هۆکارەکەی ڕەگەز پەرستی بێت یان زیاتر .

بە ڕای (ک) گێچەڵ پێکردنی سێکسی بە مێینە لە کۆمەڵگەی کوردی بونی هەیە و گێچەڵی پێکراوە بۆ کارێک چۆتە لای پیاوێک خێرا ژمارەکەی وەرگرتووە و دواتر پەیوەندی پێوە کردوە و هەندێک قسەی کردووە پێویست نەبوە، بەڵام هەر زوو بە توندی وەڵامی داوەتەوە و

وەستاندویەتی لە شوێنی خۆی تا دوبارە نەبێتەوە ، دەڵێت کەسێتی ژن هۆکارە بۆ ئەوەی گێچەڵی سێکسی پێبکرێت ئەگەر سنووری بۆ دانەنێت ئەوا بەردەوام ڕوبەڕووی دەبێتەوە لە تەواوی ژیانی کارکردنیدا.

تێبینی توێژەر بۆ وتەکانی (ک) ، دەردەکەوێت کرانەوەی کۆمەڵگە بە ڕووی جیهان و پیشکەوتنی تەکنەلۆجیا وای کردووە گۆڕانکاری بەدی بکرێت لە کۆمەڵگە ئەمە کاریگەری هەبووە لەسەر تێڕوانینەکان بۆ ژنی خاوەن کار ئێستا کۆمەڵگە ڕێگری بۆ دروست ناکات بگرە ئاسانکاری بۆ دەکات وەک لە کۆمەڵگەی کوردی کە خەڵکی ئاشنان بە کلتووری وڵاتان و شێوازی کارکردنیان و ڕەوشی ژنان باشترە.

## کەیسی ژمارە (٢٣)

(ت. م ) تەمەنی (٢٧) ساڵە و خێزاندارە و بڕوانامەی بکالوریوسی هەیە ، لە ئیستادا کاری ریکلام کردن و بەڕێوەبردنی تۆڕە کۆمەلایەتیەکان و چاپەمەنی دەکات، بۆ ماوەی (٤ ) ساڵە ئەم کارە دەکات و بە تەنها کاری خۆیەتی .

بە ڕای (ت) خوێندن ڕۆڵی باڵا دەگێڕێ لە هاندانی تاک بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن بزنسی خۆی چونکە زانکۆی ئەمریکی بەشی بازرگانی تەواوکردووە و خۆشبەختانە ئەو بەشەی تەواویکردووە زۆر هاوکاری بووە لە بڕیاردانی بەوەی کاری سەربەخۆی خۆی هەبێت و سەرکەوتوبێت ، پێشتر چەند کارێکی کردووەو ئەزمونێکی زۆری کۆکردۆتەوە زۆر زانیاری فێربووە وایلێکردوە ئێستا زیاتر سووربێت لەسەر ئەوەی دەربکەوێت .

(ت) دەڵێت هەموو ئەوەی پێی گەیشتوە دەیگەڕێنێتەوە بۆ خێزانەکەی بە گشتی و دایکی بەتایبەتی چونکە دایک سەرەکیە لە ماڵدا ئەو یارمەتی دەری بووە وزەی پێ بەخشیوە ، بەڕای (ت) مەرج نیە خێزان دەوڵەمەندبێ یان هەژار تا منداڵی خاوەن کەسێتی بەهێز دروست بکات کە یارمەتیدەر بێ بۆی بتوانێ پشت بەخۆت ببەستێت ، بتوانێ ئەرکانەی هەیەتی وەک پێویست جێبەجێی بکات ڕەنگە قورسیش بێت بۆ مرۆڤ بتوانێ هاوسەرێکی زۆر باش و دایکێکی زۆر باش و کابانێکی ماڵ بێت پەیوەندیەکانی بە خزم و کەس و کاریەوە بەهێزبێ و لەهەمان کاتدا خاوەنکارێکی سەرکەوتوو بێت ئەمە قورسە و ناشکرێت ، مرۆڤ دەتوانێ تەنها تواناکانی لەیەک بوار دیاری بکات تا بتوانی سەرکەوتو بێت.

سەبارەت بە ئاستەنگەکان ، (ت) پێیوایە تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ ژنانی خاوەن کار بەجۆرێکە کە هەر ژنێک کارێکی هەبێت ئەبێت پیاوێک لە پشتی بێت ئیتر ئەگەر باوکی بێت یان مێرد یان بە ڕێگەی نادروست واتە باوەڕیان بەوە نیە هەر ژنێک سەرکەوتو بێت رەنجی شانی خۆیەتی ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە بڕوای (ت) توانای خۆی هەیە و ئەوانی تری سەرپشک کردووە گەر بڕوایان بە توانای هەیە یان نیە ، چونکە خاوەنی کۆمپانیایەکی گەورەیەو گرێبەستی کردووە

لەگەڵ  کۆمپانیا زەبەلاحەکان و ئەمەش بەسەرکەوتنی دەزانێ . ئەگەر چی لەگەڵ هاوپیشە کورەکانی لە هەموو ڕوویەکی وەک توانا – بڕوانامە – لێهاتویی یەک بون  بەڵام زیاتر گوێ بۆ ئەوان دەگیراو زیاتر گرنگی بە تواناکانی کوڕەکان دەدرا و وەک ژنێک فەرامۆش کرابوو ئەمەش وایلێکرد هەست بە  جیاکاریە جێندەرەکانی نێو کۆمەڵگەکەی بکات ،(ت) دەڵێت ڕاستە لە کۆمەڵگەی ئێمە ژن بە گشتی بە توانان بەڵام کلتورو خێزان هەر لە سەرەتای تەمەنیان سەرکوتیان دەکەن و ڕێگایان پێنادەن توناکانیان دەربخەن و کاری لەسەر بکەن و گەشەی پێبدەن دواتریش تاوانباریان دەکەن بەوەی لاوازن.

تەنانەت پۆشینی جل  بەرگ کێشەی بۆ دروست کردووە ، دەڵێت ئەگەر جلەکەت فەرمی نەبێت جوان و سەرنج ڕاکێش بێت و کێشەت بۆ دروست دەبێت ئەو کات خەڵک بڕوای بە توناکانیش نابێت ، بەڵام ئەگەر بە جلی فەرمی بچیتە سەر کار ئەو کاتە بە جۆرێکی تر سەیرت دەکەن و زیاتر متمانەت پێدەکەن.(ت) دەڵێت زۆرجار  هاوپیشەکانی هاوکاریان نەکردووە و بگرە زۆر ئازاریان داوەو کێبڕکێی نادروستیان لەگەڵ کردووە و ویستویانە کارەکانی ببەن واتە بە هەموو جۆرێک دژایەتیی کراوە ، هەروەها پیاوە خاوەنکارەکانیش دژایەتی دەکەن لەسەر کارەکەی زۆریان خاوەن کۆمپانیان و زۆر جاریش ئۆفەریان پێشکەش بە کارمەندەکانی کردووە بۆ ئەوەی لای ئەوان کاربکەن.

تێبینی توێژەر بۆ وتەکانی (ت) ، پەروەردەکردنی خێزان زۆر گرنگە بۆ دروستکردنی کەسێتی مرۆڤ سەرەتا منداڵ تەنها پەڕەیەکی سپیە دەدرێتە دەست خێزانەکەی و ئەوان بڕیار دەدەن چۆنیان بوێت دروستی بکەن ، بۆ (ت) ش خێزانەکەی لە هەموو هۆکارەکان گرنگتر بووە چونکە ئەگەر خێزانەکەی هاوکاریان نەکردایە ڕەنگە کێشەو گرفتی بۆ دروست ببوایە و ئاسان نەبوایە ، یان توانای لێک تێگەیشتنی لەگەڵ هاوسەرەکەی نەبوایە بۆ چارەسەری کێشەکانی ئەوا نەیدەتوانی ژیانێکی ئارام بەسەرببات چونکە بە هاوکاری و یارمەتی هەردوو لانەبوایە نەیاندەتوانی  کارێکی باش پێشکەش بکات .

.

## کەیسی ژمارە (٢٤)

(ت. ئ .م ) تەمەنی (٣٧) ساڵەو خیزاندارە خاوەنی کچێکە بڕوانامەی زانکۆی هەیەو بەشی گرافیک دیزاینی تەواو کردووە ، لە ئێستادا خاوەنی سەنتەری تاتۆیە ، بۆ ماوەی هەشت ساڵە ئەم کارە دەکات و هەروەها کاری شێوەکاریش دەکات و بە تەنها کاری خۆیەتی  ( ت) پێیوایە خوێندن پاڵپشتی باشی مرۆڤ دەکات بۆ سەرکەوتنی لە کارەکەی بە تایبەت ئەگەر ئەو کارەی دەیکات لە بواری پسپۆریەکەی بێت ، چونکە (ت) کەسێکی هونەرمەندەو (وێنەکێشە) بۆ کارەکەی پێویستە دەستی وێنەکێشانی هەبێت ، بەڕای (ت) کاری تاتۆ وردەکاری زۆری دەوێت

و هەموو کەس ناتوانێ ئەنجامی بدات بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خوێندن و پسپۆڕی بە تەنها هۆکار نیە ڕەنگە بونی سەلیقە کارئاسانیت بۆ بکات.

سەبارەت بە ئاستەنگەکان ، (ت) دەڵێت لەم کۆمەلگەیەدا زەحمەتە ژن دەربکەوێت بەردەوام هێرشی دەکرێتە سەرو قسەو قسەلۆکی بۆ دروست دەکرێت بە تایبەت لەم ڕۆژگارەی ئەمرۆ و زاڵبونی تەکنەلۆجیا بەسەر تەواوی کایەکانی ژیان بۆیە هەمیشە حەزی کردووە کە کارەکەی ناوبانگی  هەبێت تا لەو کێشانە دورەپەرێزبێت و زیاتر کار لەسەر بەرەو پێشبردنی کارەکەی بکات .

ئاستەنگێکی تر ، هاوسەرەکەی زۆر ڕێگر بووە (ت) ئەمەی لەلا ئاسایی بووە بۆ پیاوێک لە کلتورێکی نێر سالاری گەورەبێ و ئەو بۆچونە لە مێشکی جێگیربوبێت کە ژن تەنها شوێنی ناوماڵەو ئەرکی بەخێوکردنی منداڵ و ماڵ پاکردنەوە و چێشت لێنان و خزمەتکردنی پیاوە ، بۆیە ئاستەنگی زۆری بۆ دروست کردووە لەسەرەتاوە بەڵام  سوور بوو لەسەر کارکردنی ، چونکە هاوسەرەکەی پاساوی نەبوو ڕاستە حەز ناکات لە دەرەوە کاربکات بەڵام لە بەرامبەریشدا خۆشی بژێوی ژیانیانی دابین نەکردووە، بەڵام (ت) هەر لەسەر قسەی خۆی کاریکردووەو  هەرچەندە تا ئیستاش هەر ڕازی نیەو ڕێگری زۆری بۆ دروست دەکات چونکە ڕێگا نادات هەموو کات بچێتە سەر کار و خەڵک پەیوەندی پێوە بکات و تا کاتی درەنگ بمێنێتەوە لە شوێنی کارو بۆیە زۆر جار لەسەر ئەم شتانە دەبێتە دەمەقاڵێیان ، نەک هەر هاوسەرەکەی لە ڕووی دارایی هاوکاری نەکردوە حکومەتیش پاڵپشتی دارایی نەکردوە هەموو ئەرکەکە لەسەر شانی خۆی بووە تەنها خۆی پارەی کۆکردۆتەوەو ئەم سەنتەرەی داناوە.

تێبینی توێژەر بۆ وتەکانی (ت ) ، بۆ ئەوەی خۆی لە کێشە بەدوربگرێت زۆرجار بە قسەی هاوسەرەکەی کردووە ، بەڵام  لە کارکردنی هەر بەردەوام بووە ئەگەر چی ئەمە قورسە ، چونکە بە راستی ماندوی دەکات لە ڕووی دەروونیەوە ڕەنگە ئەگەر ڕێگری هاوسەرەکەی نەبوایە باشتر کاری بکردایەو و گەورەتری بکردایە ،چونکە کارکردن بە مێشکی سەرقاڵیەوە ئاسان نیە.

## کەیسی ژمارە (٢٥)

 (خ. س  ) تەمەنی (٢٥) ساڵە و ڕەبەنە و بڕوانامەی بکالوریوسی هەیە ، لە ئیستادا کاری فۆتۆگرافەری دەکات بۆ ماوەی( ٤ ) ساڵە ئەم کارە دەکات.

لە وتەکانی (خ) دەرکەوت کە حەزی بۆ کارەکەی بەپاڵنەری سەرەکی دەزانێت ، چونکە بە سروشتی خۆی کەسێکی ئەرێنیە و بە گەشبینی سەیری ژیان و داهاتوو دەکات و زۆر چالاکە و بەردەوام لە جوڵەدایە متمانەی زۆر بە خۆی و بە تواناکانی هەیە ئەتوانێت ئیشی باش بکات و زۆر حەزی بە کارکردنە، کاتێک دەستی بە کارەکەی کرد وەک ئەوەنەبوو بەرنامەو پلانی بۆ

دانابێت تەنها وێنەی ئاسایی دەگرت و زۆر جوان بوو بە دڵی خێزان و هاوڕێکانی بوو ئەمەش بوو بە هاندەری تا بیکات بە بزنس و هۆکاربوو بۆ دابین کردنی بژێوی ژیان و باشتر کردنی گوزەرانی ، ڕاستە بەهرەکەی هەبوو بەڵام بیری نەکردبۆوە ڕۆژێ لە ڕۆژان بیکاتە کاری بازرگانی ، چونکە خێزانەکەی زۆر هاندەرین وڕێگریی بۆ دروست ناکەن ، (خ) دەڵێت ڕەنگە بەهۆی ئەوەوە بێت کە متمانەیان پێی هەیەو خۆشی ئامۆژگاریەکانی خیزانەکەی بە هەند وەرگرتووە واتە کەسێتی مرۆڤ خۆی هۆکارە کە بتوانێ متمانەی خێزان بەدەست بهێنێت و کاربکات تەنها بۆ کارکردن بێت و هەڵە نەکات و بەڕێکی ئیشەکانی بکات ئیتر بۆ خێزان ڕێگری لێ دەکات و یان بۆجیاوازی لە نێوان هەردوو ڕەگەزەکە دەکات ، تەنانەت تێڕوانینی کۆمەڵگەش هەر پەیوەستە بە کەسێتی ژنەکە خۆی چونکە کۆمەلگە تەماشات دەکات ئەگەر تۆ خۆت متمانەت بە خۆت نەبێ و بترسی ئەوا کۆمەڵگەش متمانەت پێناکات ، لەبەرئەوە لە ئێستادا کارکردن بۆ ژنان زۆر ئاسانەو دەتوانن بچنە بواری بازرگانیەوە بەو پێیەی سۆشیال میدیا وایکردووە  وەک ژنێک لە ماڵی خۆت دابنیشیت و ئیشەکانت لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە نمایش بکەیت هەرئەوە کڕیارت بۆ دەستەبەر دەکات واتە تەنانەت پێویست ناکات بچیتە دەرەوە.

سەرنج و تێبینیەکانی توێژەر بۆ (خ) ، زۆر ئاستەنگی ڕووبەڕوو نەبۆتەوە چ لەلایەن خێزانە یان کۆمەڵگەوە پێیوایە هەموو کارێک دەکەوێتە سەرئەوەی چی پێشکەش دەکەیت ئایا ئەو کارە بۆ کلتورەکەت شیاوە یان نا ئەگەر شیاو بێ ئیتر کۆمەڵگە بۆ کێشەت بۆ دروست دەکات ، (خ) چونکە هەموو کارێک بۆ کوڕیش و کچیش زەحمەتە واتە سەرەتا بە کاری سادەو بچوک دەست پێبکەو دواتر  بزانە وەڵامدانەوەی کۆمەڵگە چۆنە پێی قبوڵە یان نا.

## کەیسی ژمارە (٢٦)

 (س. م) تەمەنی (٣٤) ساڵەو هاوسەرەکەی کۆچی دوایی کردووە خاوەنی (٣) کچەو بڕوانامەی دبلۆمی هەیە ، لە ئێستادا  خاوەنی دایەنگەو باخچەی ساوایانە ، بۆ ماوەی حەوت ساڵە ئەم کارە دەکات و هاوبەشی هەیە لە کارەکەیدا.

(س) ئاماژەی پێکرد هاوسەرەکەی کۆچی دوایی کردوەو (٣ ) کچی هەیە ئەمە زۆر قورس بوو بۆ یەکێک بە تەنها بتوانێت بژێوی ژیانی خۆی و خێزانەکەی دابین بکات،  بۆیە بیری لەوە کردۆتەوە پێویستە کارێکی سەربەخۆی هەبێت پێداویستیەکانی پڕبکاتەوە بێ ئەوەی پێویستی بە یارمەتی کەس هەبێ وە ئەمە بە هۆکاری سەرەکی کارکردنی دادەنێت ، پێیوایە ئەگەر کاری باش بکەیت دەبێت تەماشای گیرفانت بکەیت و بزانیت چەندت پێیەو بەقەد ئەو بڕە پارەیەی پێتە کاربکەیت تا زەرەر نەکەیت ، سەرەتا لەگەڵ هاوبەشەکەی بەکارێکی بچوک دەستیان پێکرد و دواتر لە قازانج کارەکەیان گەورەتر کرد ، (س ) کارەکەی بە ئەرکێکی پیرۆز و سەرەکی دەبینێت کە ئاگاداری منداڵە و مامەڵەکردنی لەگەڵ خێزانەکانیاندایە بۆیە ڕێگری بۆ دروست نەبووە لەلایەن خێزانەوە و زۆر پشتگیریان کردووە . (س) دەڵێت ڕاستە ئەم کارەی

هەڵبیژاردووە ئاسان نیە و ئەرک و ماندوبونی زۆری دەوێ قورسە بتوانیت بەپرسیاریتی کۆمەڵە منداڵێک بگریتە ئەستۆ بەڵام بەباشی شان بە شانی ستافەکەی کە کۆمەڵە ژنێکی بەتوانان  پێکەوە کاریکردووە و بە هەماهەنگی یەکتر جوانترین کاریان کردووە.

تێبینی توێژەر ، لە وتەکانی (س) دەردەکەوێت کەمترین کێشەی ڕووبەڕوو بۆتەوە چونکە مامەڵەی لەگەڵ منداڵ و خێزاندا هەیە ، کەمتر کۆمەڵگە ڕەخنەی لێگرتووە و قسەی بۆ دروست کردووە بە چاوێکی تر سەیرکراوە واتە لەو قاڵبە دەرچووە کە کۆمەڵگە تەماشای بکات چونکە کارکردن لە کەرتی پەروەردە کێشەی کەمترە لای خەڵکی پیرۆزە ، یان زۆرترین لە کارمەندەکانی لە ڕەگەزی مێ کاری باخچەو پەروەردەکردنی منداڵ زیاتر بە ژن دەکرێت ئەمەش کارئاسانی زیاتری بۆ کردوە.

## کەیسی ژمارە (٢٧)

(ک. ا. م) تەمەنی (٤٦) ساڵە و خیزاندارە و خاوەنی سێ کچ و کوڕێکە بڕوانامەی دبلومی هەیە ، لەئێستادا خاوەنی چەند دایەنگەو باخچەیەکە لە شاری سلێمانی بۆ ماوەی هەشت ساڵە لەم کارە بەردەوامە و تەنها کاری خۆیەتی .

لە ڕاستیدا (ک)  ژنی ماڵەوەبوو هاوسەرکەی مامۆستا بوو ئەمەش هەستێکی زۆر ناخۆشی لە ناخیدا دروست کرد بوو هەستی بەکەمی دەکرد بە تایبەت بە سروشتی خۆی کەسێکی سادە نیە بە ژیانێکی سادە ڕازی نابێت واتە بەو بارودۆخەی زۆر خەفەتی دەخوارد و هەستی بە لاوازی و بێ دەستەڵاتی دەکرد جگە لەوەی کەسێکی چاو نەترس و سەرکێشە و زۆر بڕوای بە خۆی هەیە و هەرکات بیرۆکەیەک هاتبێتە مێشکی و بەرنامەی بۆ داڕشتوە هەرگیز پاشگەز نەبۆتەوە هەتا کارەکەی بەدی هێناوە ، ئەمانە وای کرد هەوڵ بدات کارێکی سەربەخۆی خۆی ئەنجام بدات ، (ک) وەک ئاماژەی پێدا دەڵێت ڕاستە بە کارێکی بچوک دەستی پێکرد چونکە هاوبەشی نەبوو تەنها دەست مایەیەکی کەمی بەدەستەوە بوو بەڵام بە زیرەکی خۆی و بە هەوڵ و ماندوبونی  توانی لە ماوەیەکی کەمداکارێکی گەورە  بگات و لە بری دایەنگەیەک چەندین باخچەو دایەنگەی  تر دابمەزرێنێت.

شێوازی پەروەردەی خێزانەکەی ڕۆڵی باشی هەبوو باوکی هەمیشە هاندەری بووە بۆ ئەوەی کاری خۆی بکات ، لەلایەکی دیکەش خوشکەکانی زۆریان لەم بوارە کاردەکەن و ئەمەش وایکردووە زیاتر سەرکەوتوبێت لە کارەکانی.

سەبارەت بە ئاستەنگەکان ، (ک) دەڵێت دەرچونی لە ماڵ و لەو قاڵبەی تێیدا ژیاوە زۆر قورس بوو بۆ هاوسەرو منداڵەکانی پێشتر ئەوان وا ڕاهاتبوون لەسەر ماڵی پاک و خاوێن و نانی گەرم و خزمەتکردنی بەردەوامیان ، تەنها ئەرکە ڕۆتینیەکانی جێبەجێ دەکرد ئەرکەکانی ژنێک ڕۆژانە لە ماڵەوە ، کاتێک کە بڕیاری کارکردنیدا سەرەتا هاوسەرەکەی زۆر سەغلەت بوو ڕازی

نەبوو چونکە ئەو پێی وابوو کاری ژنەکەی تەنها لەنێو ماڵ و منداڵ بەخێوکردنە ، لەلایەکی تر زۆر ترسی لەوە هەبوو ئەو برە پارەیەی لە کارەکە خەرجی دەکات بەهەدەر بچێ و بفەوتێ هەرلەبەرئەوەی ژنەو متمانەی پێی نیە .

یەکێکی تر لە ئاستەنگەکان کە ڕوبەڕووی (ک) بۆتەوە لە شوێنی کارەکەیەتی کە زۆر جار هاوپیشەکانی کێبرکێی دەکەن و توشی کێشەی دەکەن ، چونکە زۆرێک پێیان وایە ناخۆشە دەبینن ژنێک لە کارێکدا سەرکەوتوە یان هاوڕێ و کەسە نزیکەکانی ڕەخنەی لێدەگرن هەوڵ دەدەن ساردی بکەنەوە لە هەنگاوەکانی سەرکەوتن.

تێبینی توێژەر بۆ وتەکانی (ک ) ، کارەکەی بە دەستکەوتێکی واتایی زۆر گەورە دائەنێت کە وانەیەکی زۆر گەورەی پێداوە لە ژیانیدا کە ئاستی متمانەبەخۆبونی بەرز کردۆتەوە ، هەرچەندە کارەکەی خزمەتکردنە بە کەرتی پەروەردە بەڵام ڕووبەڕوی ڕێگرو ئاستەنگ بۆتەوە لەلایەن هاوسەرو کەسە نزیکەکانی کە (ک) ئەمە ناودەبات بە ئیرەیی بردن یان کەمکردنەوەی توانای ژن

## کەیسی ژمارە (٢٨)

(س. س . ص ) تەمەنی (٣٥)ساڵە و خێزندارە خاوەنی (٢) منداڵە و بڕوانامەی ماستەری هەیە لە پێست و جوانکاری ، لە ئێستادا خاوەنی سەنتەری جوانکاریە بۆ ماوەی ٢ ساڵە ئەم کارە دەکات بەتەنها کاری خۆیەتی.

(س) دەڵێت پشتیوانی و پەروەردەکردنی خێزانەکەی زۆر یارمەتیدەری بووە بەردەوام پاڵپشتی بوون هەتا توانیویەتی بچێتە زانکۆ و کۆلێژی پزیشکی تەواو بکات ، دەڵێت ئەگەر هاندان و هاوکاری ئەوان نەبوایە ڕەنگە نەیتوانیایە نمرەی باش و پێویست بەدەست بهێنێت و کۆلیجی پزیشکی تەواو بکات، دواتر خوێندنەکەی کە زۆر حەزی پێی دەکردو هەر ئەو کاتەی خوێندکار بوو بڕیاری دا ئەم پسپۆڕیە (لە پێست و جوانکاری ) هەڵبژێرێت و لەو ڕێگایەوە خزمەتێک بە ژنان بگەیەنێت ، لەلایەکی دیکە کەسێتی خۆی بە هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنی دەزانێت ئەگەر کەسێک نەبوایە بیری بکردایەتەوە و ئامانج و بەرنامەی هەبێت و هاوسەنگی ڕابگرێت لە نێوان کارەکەی و ماڵەکەی ئەوا نەیدەتوانی کۆنترۆڵی بکات و بەمجۆرەی ئێستا سەرکەوتو نەبوایە . یەکێکی تر لەپاڵنەرەکانی سۆشیال میدیایە کە زۆر ئاسانکاری بۆ کردووە توانیویەتی زیاتر دەربکەوێت وەک ناوەندێکی بازاڕکردن و ڕیکلامکردن سودی باشی لێوەربگرێت .

سەبارەت بە ئاستەنگەکان ، (س) پێیوایە سروشتی مرۆڤایەتی وایە هەتا کەسێک وردبێتەوە بە کارێک ئەوا زیاتر ئیرەیی پێ دەبرێت ، (س) هەستی بەوەکرد لە نێو هاوپیشەکانی لە بری کێبرکێ ئیرەیی پێدەبەن و بێگومان ئەمەش بێزاری دەکات ، پێیوایە پێویست ناکات خەڵکی بەو جۆرە بیربکەنەوە ئەوە مەیدانەو با ئەوانیش کاربکەن وسەرکەوتوبن واتە هەرکەسەو بە

پێی تواناو لێهاتویی و ئازایەتی خۆی کاربکات و سەرکەوتووبێت ئیتر چی پێویست بە ئیرەیی و ڕق ناکات . (س) ئاماژەی بەوەدا کە کردنەوەی سەنتەرێکی گەورە ئاسان نیەو پارەی دەوێت بۆیە بەتەنها نەیتوانیوە ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆی بۆیە لەگەڵ هاوسەرەکەی ودایکی هاوبەشن واتە نەبونی پاڵپشتی دارایی بەکێشەی گەورە دەبینێت لە دەستپێکی کارکردندا .

تێبینیکردنی توێژەر بۆ وتەکانی (س) ، دەردەکەوێت (س) خێزانەکەی و مێردەکەی زۆر هاوکاری بوون ئەمەش کارئاسانی باشی بۆ کردووە ، تەنانەت کۆمەڵگەش کارەکەیان بە دڵە چونکە کاری پزیشکی لە کۆمەڵگەی ئێمە بە چاوی پیرۆزەوە تەماشای دەکەن و کارێکی قبوڵکراوە تەنانەت بۆ کاتێکی درەنگ مانەوە لە شوێنی کارەکەی هیچ کێشەی بۆ دروست نەکردوە ، واتە ڕێکخستنی کات و کار یارمەتیدەریکی باش بووە بۆی بتوانێت زیاتر بیرو هۆشی بەسەر کارەکەی چڕ بکاتەوەو زیاتر خۆی سەرقاڵی ئیش و کاربکات و ئیدارەی باشی بکات.

## کەیسی ژمارە (٢٩)

(ب. ا ) تەمەنی (٢٨) ساڵەو ڕەبەنە بڕوانامەی بکالۆریوسی هەیە ، لە ئێستادا سەنتەریکی جوانکاری نینۆکی هەیە بۆ ماوەی چوار ساڵە ئەم کارەدەکات و بەتەنها کاری خۆیەتی.

(ب) کەسێتی بە هاندەری سەرەکی دەبینێنێت بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت خاوەن کارێکی بە تواناو لێهاتوبێت ئەوا پێویستە سەرکردەیەکی زیرەک و باش بێت چونکە لە کاردا ئیدارەدانی کارو ستافێک ئاسان نیە جگە لەوەی هەر ڕۆژە و ڕووبەڕووی کێشەیەک دەبیتەوە پێویستت بە ئاستێکی باش لە هێزو وزە دەبێت تا بتوانی کۆنترۆڵی بکەیت چونکە لە کاردا ڕۆژێکت خۆش بێت ڕەنگە دە ڕۆژت ناخۆش بێت ئەبێت بزانیت چۆن مامەڵە لەگەڵ کێشەکان دەکەیت جا ئەو کێشانە بێ کە لەنێو خودی کارەکە ڕوودەدات یان لە دەرەوەی کارەکە .بەڕای (ب) مرۆڤ ئەم ڕۆحی سەرکردایەتیەی لە ناخیدا دروست بووە بەشێکی پەیوەستە بەو پەروەردەکردنەی لە منداڵی وەریگرتوە واتە باوانی فێریان کردووە لەسەر پێی خۆی بوەستێت و خاوەن بڕیار بێت و متمانەی بەخۆی هەبێت، بەڕای (ب) دەڵێت بۆی سەرکەوتوبیت زۆر گرنگە گوێڕایەڵی خێزان بیت و دژایەتیان نەکەیت ،چونکە لەم کۆمەلگەیە دەرچون لە فەرمانەکانی خێزان قورسەو ڕوبەڕووی کێشەت دەکات و ڕەنگە توانات بۆ کار لەدەست بدەیت جا هەتا خێزان پشتگیریت بکات کارت ئاسان دەبێ و ئاسودەتر و هەوڵ دەدەیت خۆشەویستیت بۆ ئیشەکەت زیاتر بێت .

وەک هەر خاوەن کارێکی دیکە سودی بینیوە لە سۆشیال میدیا، چونکە ئەگەر لە ڕێگای سۆشیال میدیاوە بە( ٢ ) ساڵ بەناوبانگ بوبێت ڕەنگە بەبێ ئەوە بە( ٥ ) ساڵ بەناوبانگ نەبوایە واتە ڕێگەکەی بۆ کورت کردۆتەوە سوودی زۆری پێگەیاندووە ، هەر لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە کارەکەی بەدەرەوەی کوردستان ناسێنرا و لەسەر داوای ئەوان سەردانی

دەرەوەی کردوە زۆرتر دەرکەوتوە، جگە لەوەی پێشتر بۆ کڕینی کەل و پەل دەبوایە سەردانی ولاتانی بکردایە و پارەیەکی زۆری خەرج بکردایە ئێستا هەر بەیەک کلیک هەرچیەکی بوێت دەیکڕێت و مەسرەفیشی کەمتر دەبێ و بەناوبانگیش بوە لە کارەکەی .

سەبارەت بە ئاستەنگەکان ، (ب) پێیوایە تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ ژنی خاوەن کار لە ئێستادا بە دوو جۆرە، ژمارەیەکی زۆریان وا تەماشای ژنی خاوەن کار دەکەن ئەمە پیاوێکی لە پشتەو ئەو کارەی دەیکات ناشەرعیەو سپی کردنەوەی پارەیە و بۆیە زۆر ناشرین تەماشای ژنی خاوەن کار دەکەن، بەشەکەی تریش وادەبینی ژنانێک لەسەر پێی خۆیان وەستاون و بەرەنجی شانی خۆیان پارە پەیدا دەکەن و ئەمانەش بەڕێزەوە تەماشای دەکەن.

(ب) دەڵێت هەموو سەرکەوتنێک باجی خۆی هەیە سەرقاڵبونی بە کارەوە و مانەوەی زۆری لە شوێنی کار وای کردووە لەڕووی کۆمەلایەتیەوە کێشەی بۆ دروست کردوە پەیوەندی بە خزم و کەس و کار و هاوڕێ کەم بۆتەوە ، چونکە کات نیە بۆی سەردانیان بکات ، جگە لەوەی هاوسەرگیری نەکردووە کارەکەی ڕێگری لێکردووە.

تێبینی توێژەر بۆ وتەکانی (ب ) ، بەکارهێنانی تەکنەلۆجیاو سۆشیال میدیا و کاری ژمێریاری و تەنانەت ئیدارەکردنیش ئەمانە هەموی پێویستی بە ڕادەیەک زیرەکی هەیە بە پلەی یەکەم و پێویستی بە زانست و زانیاری هەیە و بە پلەی دووەم ، (ب) دەڵێت لە ڕاستیدا لەم ڕۆژەدا سۆشیال میدیا تەواوی ژیانی تاکی داگیر کردووە چونکە تاکێکی زۆر بێ ئیشە لە کۆمەلگەی ئێمە بەلام هەموو کاتە بەتاڵەکان سەرقاڵی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیاو بە تایبەتی سۆشیال میدیا ئەگەر بۆ ئەوان خراپ بێ بۆ ژنانی خاوەن کار زۆر باشەو سودی باشی پێ وەردەگرن لە ناوبانگ دەرکردن و ناساندنی بەرهەمەکانیان بە بازار پەیداکردن و ڕیکلامکردن بۆ کەل و پەلەکانیان. .

## کەیسی ژمارە (٣٠)

(س. ت .ک) تەمەنی (٤٢) ساڵەو خێزاندارە و خاوەنی (٣) منداڵە بڕوانامەی بنەڕەتی هەیە ، لە ئێستادا خاوەنی خواردنگەیە بۆ ماوەی پێنج ساڵە ئەم کارە دەکات وبە تەنها کاری خۆیەتی .

هۆکاری سەرەکی کارکردنی بۆ بەدەستهێنانی داهات و دابین کردنی بژێوی ژیانی دەگەڕێنێتەوە بۆ خودی خۆی ،چونکە (س) لەو کارەدا ڕۆڵی خۆی دەبینێتەوە ئەگەر چی درێژکراوەی ڕۆڵە تەقلیدیەکەی بوو لە نێو ماڵ و منداڵ و چێشت لێنانیش کارێکی ژنانەیە و ئەرکی خۆیەتی لەنێو ماڵدا وحەزێکی زۆری بۆی هەیە ، سەرەڕای ئەوەی هێزو توانایەکی زۆری هەبوو و خاوەن کەسیەتیەکە بە جۆرێک بڕیاری کارێک بدات لێی پاشگەز نابێتەوە بە تایبەت ئەگەر ببینێت ئەو کارەی بە سود زیاتر زیانی نیە ، لەخێزانەکەیدا خوشکەکانی زۆر

هاندەری بوون بۆی کاری خۆی بکات لەبەرئەوەی دەیانزانی باری ئابوری باش نیە و بە هاندانی ئەوان توانی بەردەوام بێت داهاتێکی باش بەدەست بهێنێت و هەموو پێداویستی خێزان و منداڵەکانی پڕکردۆتەوە .

سەبارەت بە ئاستەنگەکان ، هاوسەرەکەی و خێزان و ماڵە خەزورانی زۆر ڕێگریان لی کردووە زۆر کێشەو ناخۆشی توش بووە لەگەڵیان ، زۆر جار کەناڵی ڕاگەیاندن هاتونەتە لای تا چاوپێکەوتنی لەگەڵ بکەن بەڵام هاوسەرەکەی ڕێگەی پێنەداون و دەریکردون کار گەیشتۆتە ئەوەی بە ساڵ قسەیان لەگەڵ یەک نەکردووە .

(س) دەڵێت هەر کەسێک کارێک بکات و سەرکەوتو بێت بێگومان ئیرەیی پێ دەبرێت و زۆر کێبرکێی دەکرێت بە تایبەت لەلایەن هاوپیشەکانی ، ئەمەش لە ژیانیدا بەرجەستە بوو سەرەتا لەگەڵ پیاوێک هاوبەش بوو پێکەوە چیشتخانەیەکیان دامەزراند بەڵام کە بینی کارەکەی باشە (س) ی دەرکرد و خۆی بووە خاوەنی چیشتخانەکە.

تێبینی توێژەر بۆ وتەکانی (س) ، هاوسەرەکەی وەک هەموو پیاوێکی ڕۆژهەلاتی وای دەبینی شوێنی ژن کاری ماڵ و منداڵ بەخێوکردنە ناڕازیبونی وایکرد بەردەوام شەڕو ئاژاوە دروست بوو لە نێوانیان کار گەیشتە ئەوەی خەریک بوو لەیەکتر جیا ببینەوە ، (س) دەڵێت کارکردن بۆ ژن ئاسان نیە سەرەڕای تواناو لێهاتویی دەبێت خێزان و کۆمەڵگە پشتگیریت بکەن ئەمەش بۆ کەسێکی وەک (س) ئەستەم بووە ئەگەر توانای هەبوبێت تێیپەڕێنێت بەڵام دواجار کاریگەری کردۆتە سەر دەروونی و ماندووی کردووە.

## کەیسی ژمارە(٣١)

(س. م. ا ) تەمەنی (٤٢) ساڵەو جیابۆتەوەلە هاوسەرەکەی خاوەنی کوڕێکەو بڕوانامەی ماستەری هەیە ، لە ئیستادا خاوەنی چەند کۆمپانیایەکە لە بوارەکانی دابینکردن و بەلێندەرایەتی گشتی تەکنەلۆجیاو زانیاری لە ساڵی (٢٠٠٦) وە ئەم کارانە دەکات و تەنها کاری خۆیەتی .

ئەزمونەکانی ژیانی و شارەزایی و لێهاتوویی لە کارەکانی ڕابردووی کە لە زۆرترین شوێن و کۆمپانیا کاری کردووە ئەمانە هۆکار بوون بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن کار ، (س) دەڵێت ببوە مایەی بەدەستهێنانی داهاتێکی زۆر بۆ کەس و کۆمپانیای تر کەچی لەبەرامبەر ئەو هەموو ماندوبونەدا داهاتێکی کەمی وەردەگرت لێرەوە بیری کردەوە بۆ خۆی ئەم کارە نەکات ئەمە هۆکاری سەرەکی دەست پێکردنی بوو بۆ ئەم ئیشە . ڕاستە باوانی زۆر هاندەریبون بەڵام (س) کەسێتی خۆی و بیرکردنەوەی خۆی بە هۆکاری سەرەکی دەزانێت بۆ بونی بە خاوەن کار ئەگەر چی لەگەڵ خوشکەکانی بەیەک شێواز پەروەردەکراون بەڵام وەک ئەم بیر ناکەنەوە پێیان باشە لە دامەزراوەیەکی حکومی کاربکەن و ببنە موچەخۆری حکومەت مانگانە داهاتێک وەربگرن و خۆیان ماندونەکەن .

سەبارەت بە ئاستەنگەکان ، ئەگەر بتەوێت ببیت بە ژنی خاوەن کار لە کۆمەڵگەیەکی کلتوری نێر سالاری قورسە، چونکە تێڕوانینی بۆ تۆ وەک ژنێک بەگشتی بەو جۆرەیە تۆ کەسێکی لاواز و بێ هێزبیت و هەمیشە پێویستت بە پیاو بێت و پشتت بێت ، بەڵام بیرکردنەوەی (س) بەپێچەوانەوە بوو دەڵێت ڕەنگە ئەگەر پیاو لە رووی جەستە بەهێزتر بێت بەڵام کاری ئەمرۆ پێویستی بەهێزی عەقلە نەک جەستە و لەم ڕووەوە خۆی زۆر بەهێزتر لە زۆرێک لە پیاوان و تەنانەت لە بیرکردنەوەشدا دادەنێت ،چونکە لە کۆتایدا خۆی بە تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە دادەنێت و لەم کۆمەڵگەیە کاریگەری لەسەری دەبێت ، چونکە بۆچونی کۆمەڵگە لەبارەی ژنی خاوەن کار دوو جۆرە ، زۆرترینیان نەرینەو تۆ قبوڵ ناکات کارت هەبێت . (س) پێیوایە ئەگەر گوێ بۆ قسەی خەڵکی بگرین ئەوا دەبێ لە ماڵەوە دابنیشین و یەک هەنگاو نەچینە پێشەوە ئەوەی لە جیهاندا دەیبینین سەرکەوتو دەبێ مرۆڤە ئیتر بۆ ئێمە ناتوانین، بەڵام تەنها گرنگ ئەوەیە بزانی چ کارێک دەکەیت و چۆن دەیکەیت ، چونکە یەکێک لەو کێشانەی ڕووبەڕوی بۆتەوە پێیان دەوت بۆ ناچی بزنسی خواردەمەنی یان جوانکاری بکەیت ئەمە کەی ئیشی تۆیە ئەم جۆرە بزنسە کێشەی گەورتری هەیە ، چونکە لەگەڵ پیاوانێک کاری دەکرد پارەیەکی زۆریان پێیەو بەهەر هۆکارێک بێت تێڕوانینێکی زۆر نەرێنیان بۆ ژن هەیە وا دەزانن ژن بەپارە دەتوانیت هەموو ئیشێکی لەگەڵ بکەیت بۆیە زۆر جار گێچەڵیان پێکردوە، چونکە پێیان وتوە کە بە تەنها دانیشتنی لەگەڵدا بکەن.

تێبینی توێژەر بۆ وتەکانی (س) ، کەسێکە متمانەی بە خۆی و تواناکانی هەیەو کەسایەتی بەهێزەو کارێک کە بڕیاری بەسەردا بدات جێبە جێی دەکات ، (س) دەڵێت ڕاستە سەرەتا کاری بۆ کەسانی تر دەکرد واتە خۆی خاوەن کار نەبوو دواتر بینیی زۆرباش لەم کارە شارەزایەو و سەرکەوتوە خۆی دەستیپێکردو و بووە مایەی دەستەبەرکردنی داهاتێکی زۆر بۆ خۆی و خێزانەکەی .

## کەیسی ژمارە (٣٢ )

( ن. ع. ا) تەمەنی (٦٢) ساڵەو خێزاندارە و خاوەنی (٣) کوڕە کۆلێژی ئەندازیاری کیمیای تەواوکردووە ، لە ئێستادا خاوەن کۆمپانیاو بەڕێوەبەری جێبەجێکارە بۆ ماوەی (١٥) ساڵە ئەم کارە دەکات و هاوبەشی هەیە.

لەگەڵ ئەزمونەکانی کارکردنی لە ژیان لە چەندین شوێنی جیاواز کاری ئەنجامداوە بەڕێوەبەرایەتی کردووە هەموو ئەمانە وانەیەکی ژیانیان فێرکردوەلەسەر پێی خۆی بوەستێت کەسایەتیشی بە جۆرێک بووە سەرکێشی نەکردووە تەنها حەزی کردووە هەنگاو بە هەنگاو کاربکات یان ئەو کارەی نەیزانیبێ بە کەسی شارەزاو پسپۆڕ پرسیاری کردووە ، کەواتەخوێندن چەند گرنگە ئەوا دەبێت کاریشی لەگەڵ بکەیت واتە ئەوەی بە تیۆری فێری دەبیت هیچ نیە ئەگەر جێبەجێی نەکەیت ، ئەم قۆناغانەی ژیانی کە بڕیویەتی دەیگەڕێنێتەوە بۆ

پەروەردەی خێزانەکەی یان ژینگە کۆمەڵایەتیەکەی ،چونکە لەخێزانێکی ڕۆشنبیر لە بەغداد گەورەبوە ژیاوە شێوازی ژیانی ژنانی بەغداد زۆر جیاواز بوو لە ژنانی کۆمەڵگەکەی کە ژنانی ئێمە زۆر بە چەوساوە وەسف دەکات ئەمەش هاوکاری بوو بۆ ئەوەی بێ ترس هەنگاوەکانی ژیانی تێپەڕێنێت بێ کۆت و بەندکردن ، ڕاستە (ن) بە مافی خۆی دەزانێت ئیدارەی گەورەترین کۆمپانیا بکات چونکە لە خۆی ڕادەبینێت، بەڵام دواجار هاوکاری هاوسەرەکەی لە یادناکات ئەگەر ئەو نەبوایە نەیدەتوانی بگاتە ئەم ئاستەی ئێستای ،هەموو ئەم کارانەشی بۆ بە ناووناوبانگی نەکردووە بەڵکو حەزی کردووە ببێتە پێشەنگ بۆ ژنانی دیکە هاندەری ژنێکی تر بکات و بێتە مەیدان ، چونکە لەمڕۆدا ژنانێکی زۆر داوای مافی خۆیان دەکەن بۆیە دەبێت کاربکەن تا بتوانن خودی خۆیان بسەلمێنن و مافەکانیان بەدەست بهێنن ودەبێت ئاگاداری شێوازی ڕەفتارو جل و بەرگیان بن تا بتوانن قبوڵ بکرێن و کێشەیان بۆ دروست نەبێت بتوانن هەموو هۆش و زەینیان لەسەر کارەکەیان بێت و بەردەوام کاری داهێنەرانە بکەن . بەمەش دەبنە پاڵپشت بۆ یەکتر چونکە بە بڕوای (ن ) ژنان لە هەر شوێن و جێگەیەک سەرکەوتوو بون و شوێنی خۆیان گرت پێویستە پشتیوانی یەکتر بکەن ئەمە قازانجی دەبێ بۆ ژنێکی تر ، ئەگەر ژنێک نەگاتە پۆستێکی باڵا ئەوا ئێمەش سەرناکەوین و ئەبێت ئێمە بەمە بزانین بۆ داهاتوی منداڵەکانمان باش دەبێت.

تێبینی توێژەر بۆ وتەکانی (ن) ، پاڵپشتی خێزانی هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنی مرۆڤە لە ئیش و کار دا جا هەر ئیشێک بێت جگە لەوەی ژیان دەرفەتە زۆر جار ئەو دەرفەتەی دێتە بەردەمت هەرگیز جارێکی تر نایەتەوە بۆیە ئەبێت بزانی چۆن هەموو هەلەکان بقۆزیتەوە و لەدەستی خۆتی نەدەیت ، واتە ئەزمونەکانی ژیان وانەیەکت فێر دەکەن جۆرێک لە نەهامەتی و ئاستەنگ لەسەر شانت کەم دەکەنەوە ، بۆ (ن) دەڵێت خێزانەکەی نەبوونەتە ڕێگر بگرە هاوسەرەکەی زۆر پاڵپشتی بووە ژنێکە مافی وەرگرتووە بە ئازادانە کۆمپانیایەکی گەورە دەبات بەڕێوە ، بەڵام بەهاوکاری خێزانەکەی و هاوسەرەکەی ئەم تێگەیشتنەی نێوانیان خاڵی بەردەوامیان بوو نەک دروستکردنی کێشە هەموو پلان و بەرنامەو ئامانجیان بە هاوبەشی بووە کەمترین کێشەیان هەبووە.

## کەیسی ژمارە (٣٣)

( ت .ا . م ) تەمەنی (٤٧) ساڵەو خێزاندارە و خاوەنی( ٧ ) منداڵە و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەیە ، لەئێستادا خاوەنی باخچەی ساوایانە ، بۆ ماوەی ٣ ئەم کارە دەکات و بە تەنها کاری خۆیەتی .

بیرۆکەو هۆکاری سەرەکی کارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زۆر خولیای ئەوە بووە باخچەیەک تایبەت بە منداڵان بکاتەوە، بۆیە ئەم بیرۆکەیە هەر لە مێشکیدا بوو ڕۆژێک خۆی ئەم کارەبکات و بتوانێت بە پەروەردەیەکی تەندروست و سەردەمیانە و بەخۆشەویستی ئەنجامی

بدات ، بەڵام خودی خۆی و کەسایتیەکەی لەوە بەهێزتر بوو کە تەماحی هەبێت و کارێکی سەربەخۆی هەبێت ،(ت) لەگەڵ ئەوەشدا لەو ژنانە بووە خێزانەکەی و منداڵەکانی خستۆتە پێش کارەکەیەوە، کەسێکە بەردەوام حەز بە کارکردن دەکات بۆیە تەنانەت لە پێش ئەم کارەیدا چەندین کاری دیکەی ئەنجام داوە هەمووی بوون بە ئەزمون بۆی بەڵام ئەو کارانەی پێشتر لای کەسانێک بووە خاوەن کار و بڕیاردەر نەبووە بۆیە قورسایی کەمتر بوو لەسەری بەڵام ئەمەی ئێستا جیاوازە. بەڕای (ت) چونە دەرەوەی ژن لە ماڵ بۆ مەیدانی کارکردن مانای ئەوەیە کە تۆ چیتر ناتوانی وەک ژنێک لە نێو ماڵ بمێنیتەوە و ئەرکەکانی ناوماڵ و ڕۆڵە تەقلیدیەکانت ببینیت بۆیە ماڵ پاک بکەیتەوە چێشت لێبنێیت منداڵ بەخێوبکەیت ئەمە وایکردووە شان بە شانی یەک لەگەڵ هاوسەرەکەی کارەکانیان ئەنجام داوەو زۆر هاوکاری بووە، ئەوەی زۆر گرنگە بۆ ژن و هاوکاری دەکات تاسەرکەوتو بێت ئامانج و بەرنامەو پلانی هەبێت و بتوانێ کۆنترۆڵی بکات و ئەرکەکانی بە باشی بکات ئەمە زیاتر یارمەتی دەدات لە ڕووی دەروونی و زیاتر ئاسودە دەبێت ، چونکە هەموو ئیشەکانی بەباشی و بەرنامە دەڕۆن بەڕێوە هەم لە ئیشەکەشی پێشدەکەوێت . بەتەنها بێدەنگ بونی پیاو لە کارکردنت لە دەرەوە خۆی لە خۆیدا گەورەترین هاوکاریە

سەبارەت بە ئاستەنگەکان ، ڕاستە (ت) بالاپۆشەو و زۆرجاریش جلی کوردی لەبەردەکات و لەم ڕووەوە بەدەرە لە گێچەڵپیکردنی سێکسی ، بەڵام پێیوایە جل و بەرگ بەتەنها لەو ڕووەوە کێشەت بۆ دروست ناکات کە گێچەڵت پێبکریت بەڵکو پێچەوانەکەشی ڕاستە ، چونکە دەرکەوتنی بەبالاپۆشی زۆرجار بۆتە ڕێگر لە پێش ئەوەی کارەکەی بەئاسانی بڕوات بەڕیوە زۆر لە شوێن و جێگە کارەکانی بەباشی بەڕێوە نەچون لەبەر جلەکانی ئەمەش هەر کێشەیەو ئاستەنگت بۆ دروست دەکات . (ن) پێیوایە مەرج نیە تەنها خێزان و کۆمەڵگە ئاستەنگت بۆ دروست بکەن تەنانەت حکومەت و دام و دەزگاکانیش پاڵپشتی مەعنەویان ناکەن بەڵکو تەنانەت پاڵپشتی داراییشیان ناکەن بگرە ئەوەندەی کاریان لێ قورس دەکەن ئاسانکاریان بۆ ناکەن بۆ هەر ئیشێک مامەڵەی زۆری بێنەو بەرەی پێدەکەن جگە لەو باجەی ساڵانە لێتی دەستێنن .

تێبینی توێژەر بۆ وتەکانی (ت) ، دەرکەوت بە کارکردنی لە دەرەوە ئەرک و بەرپرسیارێتیەکی گەورەی خستۆتە سەرشانی هاوسەرەکەی و بەڕای توێژەر زیاتر توانیویەتی هاوسەنگی ڕابگرێت لە نێوان کاری ماڵەوەو کاری دەرەوە واتە بونی تێگەیشتن لەنێوان ژن ومێرد زۆر زیاتر یارمەتیدەرە بۆی مرۆڤ بتوانێ بەباشتر خۆی بۆ کارو پیشەکەی تەرخان بکات ئەمە باشترە وەک لەوەی بەبێ ڕەزامەندی مێرد و بەزۆر کاربکەیت لەدەرەوە چونکە ئەمە وادەکات بەردەوام سەرقاڵی شەڕو ئاژاوە بیت و ئەوکات ناپەرژێیتە سەر کارەکەت ، هەروەک (ت) دەڵێت دوای هەموو کارێک توانای ئەوەت هەبێت شوێن دەستێک لەدوای خۆت بە جێ بهێڵیت واتە گرنگ ئەوەیە وەک کەسێکی ئاسایی نەبیت بەڵکو کاری باش بکەو کۆمەلایەتی بە تابتوانی هەم لە ئیش سەرکەوتوبیت و هەم دڵی خەڵکی بەدەست بهێنیت .

## کەیسی ژمارە (٣٤)

(ن .ئ .ر) تەمەنی (٤٣)ساڵەو خێزاندارم و خاوەنی کچێک و سێ کوڕە و پەیمانەگەی تەکنیکی بەشی تەندروستی و کۆمەلگەی تەواو کردووە، لە ئێستادا خاوەنی هۆڵی وەرزشی تایبەت بە ئافرەتانە تەنها کاری خۆیەتی و بۆ ماوەی (٤) ساڵە ئەم کارە دەکات.

سەرەتای کارکردنی (ن) دەگەڕێتەوە بۆحەزو خولیای منداڵی هەر لە منداڵیەوە ئارەزویەکی زۆری بۆ وەرزشکردن هەبووە ، بەڵام لەبەرئەوەی لە خێزانێکی پارێزراو گەورە کرابوو باڵاپۆش بوو خێزانەکەی ڕێگریان لێدەکرد تەنانەت نەیان دەهێشت جلی وەرزشیش بپۆشێت وبەشداری چالاکیە وەرزشیەکانی قوتابخانە بکات، هەربەوەشەوە نەوەستان ڕێگریان لێکرد بەوەی لە بەشی وەرزشی بخوێنێت ، بەڵام هەر سوربوو لەسەر هێنانەدی خەونەکەی و کۆڵی نەدا ، هەتا هاوسەرگیری کرد و بۆ ماوەیەک زۆر سەرقاڵی ماڵ و منداڵ بەخێوکردن بوو، لە ئێستا هۆڵێکی لەش جوانی ئافرەتانی هەیە و لەگەڵیدا گروپێکی گەورەی پیادەڕەوی خانمانی دروست کردووە زۆر حەزی بەکارکردن هەیەو متمانەی بەخۆی هەیە ئەمەش هەر لە منداڵیەوە لە سروشتی کەسایەتەکەیدا هەبووە بەردەوام خۆی بە گەورەتر وەک سەرکردە بینیوە لە چاو منداڵەکانی تردا هەربۆیە لە ئیستاشدا لە ژیانی و لە کارەکەیدا ڕەنگیداوەتەوە ، لە ڕووی عەقڵ و ژیریەوە هەمیشە وەک سەرکردەیەک مامەڵەی کردووە ئەمە وایکردوە زیاتر متمانەی بە خۆی بۆ دروست بێت جگە لەوەی تەماحی زیادی کرد و حەزی کرد کارەکەی گەورەتر بکات بۆیە گروپێکی پیادەڕوی خانمانی دروست کرد ، (ن) کاتێک دەبینێت بۆتە هۆکار بۆ دڵخۆش کردنی خانمێک و گرنگی بەتەندروستی کۆمەڵە خانمێک دەدات ئەمە وایکردوە زیاتر خۆشحاڵ ببێت واتە ئێستا قازانجە مەعنەویەکان زیاتر ئاسودەی دەکات وەک لە قازانجی مادی ، هەروەها پێویستیە زۆرەکانی خێزانەکەشی پاڵنەرێکی دیکەی کارکردنی بوو چونکە پێویستی بە داهاتێکی زیادە هەبوو بتوانێت ژیان و گوزەرانێکی شایستە بۆ ماڵ و منداڵی دابین بکات کەواتە هەم خەونەکەی بەدیهێناو هەم بارودۆخی ژیان و گوزەرانی باشتر کرد.

سەبارەت بە ئاستەنگەکان ، (ن) دەڵێت بەشێکی زۆری خەڵکی ڕەخنە دەگرن و لای ئاساییە پێیوایە مەرج نیە هەموو کەس لێی ڕازی بێت و ناشتوانیت ئەوە بکات هەموو خەڵک ئەوەی بەدڵ بێت ، بەڵام لەمانە گرنگتر ئەوەیە تۆ چۆن خۆت دەبینی کە هەمیشە هەستی کردووە جیاوازە لە ژنانی تر نەیانتوانیوە ئەم کارەی (ن) ئەنجام بدەن ئەمەش وایلێدەکات شانازی بەخۆی بکات کاتێک هەست دەکات تواناو لێهاتویەکی هەیە لەکەسی تردا نەبووە ئەمە بە خاڵی گرنگی سەرکەوتن دەزانێت.

تێبینی توێژەر بۆ وتەکانی (ن) ، مرۆڤ ئەگەر توانایەکی خۆرسکی نەبێت هەموو جیهان هاوکاری بن ناتوانێت هیچ کارێک ئەنجام بدات بەڵام کە خۆت توانات هەبوو ئەو کات خۆت

دەرفەتەکان و چانسەکان دروست دەکەیت و بەسەر هەموو ڕێگریەک زاڵ دەبێت و ئەوەی دەتەوێت و بەرنامەی بۆ دادەنێیت سەرئەنجام بەدی دەهێنی.

## کەیسی ژمارە (٣٥)

( ئ. ر ) تەمەنی (٦٦) ساڵەو خێزاندارە و خاوەنی (٤) کچ و (٣) کوڕە بڕوانامەی بنەڕەتی هەیە و ، خاوەنی (٣) نوسینگەی فێربونی شۆفێری تایبەت بە خۆیەتی لە ساڵی ١٩٩٥ دەستی بەم کارە کردووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٨ وە لەگەل بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ بەفەرمی ئەم کارە دەکات و بەتەنها کاری خۆیەتی.

(ئ) پێیوایە کە خۆی لە ڕەگەزی مێینەیەو فێرکردنی شۆفێری لەکۆمەلگەکەی و سەردەمی خۆی زۆر کەم بوو تاک و تەرا ژنێک دەیوست فێری شۆفێری ببێت بەهۆی کلتوری کۆمەلگەکەی ونەریتی پیاو سالاری کە ڕێگری دەکرد ژن شۆفێری بکات ئەمەش بە هۆکاری سەرەکی کارەکەی دەزانێت حەزی کرد لە نزیکەوە لە ئازارەکانی ژنی کۆمەلگەکەی کەم بکاتەوە بە هاوکاری کردنیان وەک یەکەم ژن لە کوردستاندا ئەو توانای پێببەخشرا کە فێری شۆفیری ببێت ، پێیوایە کارێکی پیرۆزەو بە پێویستیەکی گرنگی دەزانێت بۆ ژنان لەم سەردەمەدا . لە کاتێکدا لە منداڵیەوە حەزی بۆ ئەم کارە هەبووە لەگەڵ باوکی شۆفێری کردووە تەنانەت ئوتۆمبیلی گەورەی لێخوڕیوە هاندەری سەرەکیی باوکی بووە بەردەوام جلی کوڕانەی لەبەر کردووەو لەگەڵ باوکی ئوتومبیلی لێخوڕیوە، یان سوور بون و ئیرادەی بەهێزی خۆی توانیویەتی بەردەوام بێت و ئەم کارە بکاتە واقعێک بۆ ژنانی کۆمەلگەکەی ئەمەش زیاتر وایکردووە بتوانێت بە شێوازێک خۆی دەربخات لە ڕووی جل و بەرگ و ڕەفتار کردنەوە بە دڵی کلتورەکەی بێت و بەردەوام جلی کوردی لەبەردایەو بۆ کارەکەشی هەر جلی کوردی لەبەر دەکات زۆر ئاسودەترەو کێشەی کەمترە و پێی خۆشترە کە جلی ڕەسەنی نەتەوەکەی دەپۆشێت .

لە ئێستاشدا منداڵەکانی لەگەڵ خۆیدا کاردەکەن و ڕاهێنەری شۆفێرین وەک خێزانێک ستافێکی جوانیان دروستکردووە لە هەردوو ڕەگەزەکە هەر بۆیە لە ئێستادا بە یەکێک لە خاوەنی نوسینگە گەورەکانی شاری سلێمانی ناوبانگی دەرکردوەو ژمارەیەکی زۆر لە گەنجان لەسەر دەستی فێری شۆفێری بوون .

تێبینی توێژەر بۆ وتەکانی (ئ) ،دەرکەوت زۆر پاڵپشتی ژنانی کۆمەڵگەکەی کردووە و بە حکومی کارەکەی هاوکاری ژنانی کردووە ژێردەستەیی قبول نەکەن و بە ئیرادەیەکی پۆلاینەوە شۆفیری بکەن و چاویان لە دەستی باوک و برا نەبێت و بوێرانە بچێتە سەر شەقام و بۆ بەڕێکردنی کارەکانیان .

# کەیسی ژمارە (٣٦)

(ش. س. س ) تەمەنی (٣٢) ساڵەو خێزاندارە و خاوەنی( ٢) منداڵە ، کۆلیژی زانستی تەواو کردووەو لە ئێستادا خاوەنی کارگەی دروستکردنی شیرینیە ، بۆ ماوەی( ٤) ساڵە ئەم کارەدەکات ، سەرەتا لە ماڵەوە دەستی پێکرد و دواتر گەورەی کردو بۆتە خاوەن کارگەی تایبەت بە خۆی .

کارەکەی حەزێک بوو تەنها پەیوەندی بە خوێندنەوە نەبوو چونکە ئەگەر ئیشەکەی لەسەر بنەمای پسپۆریەکەی دابمەزراندایە زیاتر دەچووە ئەو بوارەوە ، بەڵام خوێندن و سۆشیال میدیا کارئاسانی بۆ کردووە ، چونکە کارەکەی لە ڕێگەی سۆشیال میدیا بەدەستهێناوە ، (ش) ئەم کارەی هەڵبژاردو وەک حەزو پێداویستیەکی مادییش بوو دەڵێت کاتێک کار دەکەیت دەبێت سەرەتا حەزت هەبێت بۆ کارەکەت بۆ ئەوەی سەرکەوتو بیت و پاشان ئەمە ڕێگەیەکە بۆ ئەوەی پارەی باشت دەست بکەوێت واتە دەبێت هاوسەنگی ڕابگریت لە نێوان حەزو پارە ئەگینا ناتوانی سەرکەوتو بیت . لەلایەکی دیکە خێزان و کەسێتی خۆت گەورەترین پاڵنەرە ، (ش) پێیوایە کەسێتیەکی هەیە حەزی لە جوڵەو کارکردنە و دەیەوێت ئابوری سەربەخۆی هەبێت نەک لە شوێنێکی حکومی کاربکات و پابەند بێت بە موچەیەکی کەم و دیاریکراوەوە ئەمە خەونی بوو لە داهاتودا کارێکی خۆی هەبێت و ناوێکی هەبێت هەموو کەسێک بیناسێت.

، چونکە سروشتی وایە زۆر جدیە لە کارکردن دەستی لێ هەڵناگرێت هەتا تەواوی دەکات تەنانەت هەواڵی منداڵەکانیشی ناپرسێت، چونکە دەڵێت بتەوێت ئیش بکەیت نابێت بیانوت هەبێت خۆت سەرقاڵ بکەیت بە کاری ترەوە ڕاستە خێزان و منداڵ گرنگە بەڵام بەڕێوەبردنی کارێکیش ئاسان نیە بە تایبەت شیرینی دروست کردن کارێکی وردوکاریەو هونەرە.

سەبارەت بە ئاستەنگەکان ، (ش) پێیوایە لە کۆمەڵگەیەک پەروەردەکراوین ئەوەندەی بڕوامان بە بڕوانامەی بەرز هەیە بۆ ئەوەی کارێکی پێبکەین ئەوەندە بڕوامان بە لێهاتوویی و شارەزایی نیە باوەڕیان بە بڕوانامەی نزم و خاون کارێکی لێهاتوو نیە ، چونکە دەبێت کارەکە بە دڵی خەڵکی بێت تەنانەت خویندنەکەشت ئیتر لە بواری پەروەردە و خزمەتکردن یان تەندروستی بێت ، ئەوەندەی تەماشای دکتۆرێک دەکرێت بە چاویکی ڕێزو پیرۆزەوە ئەوەندە تەماشای ژنێکی تر ناکریت کە کاریکی تر دەکات هەر دکتۆرەکەش پارەی باشتری دەست دەکەوێت و کۆمەڵگەش زۆر متمانەی پێی هەیە ، لەبەر ئەوەیە ژنان ناتوانن کارێک بە ئاسانی هەڵبژێرن ڕێگری زۆریان بۆ دروست دەبێت لەلایەن خێزان و کۆمەڵگەوە ، بۆ (ش) ئاسان نەبووە چونکە پەروەردەی دەستی ئەم کلتورەیەو بۆیە گەڕاوە بە دوای کارێکدا بگونجێت لەگەڵ کۆمەڵگەکەی بەدڵیان بێت .تەنانەت لە کارەکەیدا بەرنامەو پلانی نەبووە دەڵێت لە کۆمەڵگەی ئێمە وافێردەکرێین ئەو ئیشەی دەیکەین لە ڕێگەی سیستەمێکەوە نابرێت بەڕێوە حکومەت پالپشتیت ناکات هەڕەمەکی هەر کەسەو بۆخۆی دەتوانێ کارێک هەلبژێرێت و ئەنجامی بدات چونکە

ئەگەر بە پلان برۆیت ئەوا پەلت دەگرن بۆ دواوەو ناهێڵن یەک هەنگاو برۆیتە پێشەوە ، بەڵام توانیویەتی ڕێکیبخات و ئیدارەیەکی باشی ستافەکەی بکات بێ کێشە ئەمەش لەسەر ماندووبونی جەستەو دەروونی خۆی واتە بەڕێوەبردنی کارێک ئاسان نیە تەنها ئەو ژنانە لەو ئازارە تێدەگەن بە هەمان فیلتەری ئەودا تێپەڕیون یان هاوشێوەی ئەون .

تێبینی توێژەر بۆ وتەکانی (ش) ، هاتنە دەرەوەی ژن لە ماڵ واتە دروستبونی گۆرانگاریە لە هزرو بیرکرنەوەیدا دەبێتە بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری ژنان و پێدانی هۆشیاری ، بۆ (ش) زۆر کاریگەری هەبوو توانی بڕوای بەخۆی هەبێت کارێکی باشتر بکات و لە ماوەیەکی کەمدا توانیی کڕیارێک و ناوبانگێکی زۆری هەبێت خەلکی زۆر دەیناسن ئەمەش بە هەوڵ و ماندوبونی خۆی پێی گەیشتووە بێ ئەوەی یەک کەس لە کارەکەی هاوکاری بکات .

## کەیسی ژمارە (٣٧)

(لەسەر داوای خۆی ناوەکەی لابرا ) تەمەنی (٤٧) ساڵەو خێزاندارەو خاوەنی (٢) کوڕە کۆلیژی کشتوکاڵی تەواو کردووە لە ئێستادا خاوەنی کۆمپانیاو کاری (لاند سکەیپ ) دەکات واتە کاری ڕازاندنەوەو باخداری ، بۆ ماوەی نۆ ساڵە ئەم کارە دەکات ، سەرەتا لە(* ڕێکخراوی فاو) کاری دەکرد ئەمەش دەرفەتێکی گەورەی ژیانی بوو لە ڕێگەیەوە دەستی بە کارەکەی کردو جوانترین ئەزمون بوو لە ژیانیدا تواناو هێزێکی پێبەخشی هەتا ئێستاش بەردەوامە و یەکێکە لە بەناوبانگترین ئەو ژنانەی کاری باخداری دەکات تاکە ژنە و هیچ ڕکابەرێکی نیە بۆیە خوێندنەکەی بە هۆکاری سەرەکی ئیشەکەی دادەنێت ، هەروەها خراپی باری دارایی خێزانەکەی هۆکارێکی تر بوو . هەرچەندە لە خێزانێک پەروەردە کرابوو باوکێکی ڕۆشنبیری هەبوو بەردەوام پاڵپشتی دەکرد بۆ ئەوەی کار بکات و متمانەی بەخۆی هەبێت جیاوازی لە نێوان نێرو مێ نەدەکرد زۆر مافی پێدابوو ، بۆیە بەپێچەوانەوە کە هاوسەرگیری کرد ئاستەنگی زۆری بینی تەنانەت کارکردن لای خێزانی مێردەکەی زۆر بە شتێکی نەشیاو دەبینرا بۆیە ئیشکردنی لەسەر ماندووبونی جەستەو خودی خۆی بوو .لە کاتی کارکردن وەک پیاوێک ڕەفتاری دەکرد جلەکانی زۆر پیاوانە بوون زۆر جار ئەمە وایلێکردبوو گلەیی لە خۆی بکات لەوی کارەکەی وایلێکردووە ژنێتی خۆی لەدەست بدات ، چونکە بەردەوام لەگەڵ پیاودا کاری دەکرد ئەمە زیاتر گونجاوتربوو بۆی بۆیە بەو شێوازە دەردەکەوت.

سەبارەت بە ئاستەنگەکان ، کاتێک دەستی بە کارەکەی کرد کۆمەڵگە داخراو بوو هیچ بڕوای بەوە نەبوو ژنێک کاربکات بە تایبەت لە ڕێکخراوێک یان کاری خۆی هەبێت ، ئەمەش بۆی زۆر ئەستەم بوو بەڵام چاری نەبوو دەبوایە کاری بکردایەو بەزۆرەملێ ئیشی باخداری کردو ئەمەش ڕووبەڕووی ئاستەنگێکی زۆری کردەوە لەلایەن خێزانی هاوسەرەکەی زۆر ڕێگر بوون هەتا ئەو ڕادەیەی گەیشتە ئەوەی کە مێردەکەی دەبێت وازی لێبێنێت و کەس قسەی لەگەڵ نەدەکرد، بەڵام هاوسەرەکەی کەسێکی ڕۆشنبیر بوو قەناعەتی بە قسەی ئەوان نەبوو پشتگیری

کرد ئەمە سەرەتای دەستپێکردنی کارەکەی بوو .پێیوایە  لە ئێستادا بیرکردنەوەی خەڵکی بۆ ژنان گۆڕاوە بەرەو باشتر هەنگاوی ناوە چونکە بە بەراورد لە ساڵانی نەوەدەکان زۆر ڕێگری هەبوو بە گشتی لەسەر کارکردنی ژنان ، دەڵێت لە ئێستاشدا گەیشتووەتە ئەم قۆناغەو دوای بڕینی چەند هەنگاوێکی قورس و گران شەوان دەمێنێتەوە کەس و کار و خەڵکی  زۆر پێیان ئەستەمە کە هاوسەرەکەی ڕێگەی پێدەدات.

تێبینی توێژەر بۆ وتەکانیئەم کەیسە  ، دەرکەوت دەبێت لە کاتی کارکردندا مرۆڤ خۆڕاگر بێت وچونکە ڕێگریەکان کاتیەو تەواو دەبێت بەڵام خێزانیکی پتەو بەختەوەر دوبارە دروست نابێتەوە دەبێت قەدری ماڵ و منداڵ بزانرێت ، چونکە خەڵکی کۆمەڵگەی ئێمە زۆر بەناڕەحمانە و بێبەزەیانە  قسە دەکەن تواناکات لە ناودەبەن ژن دەبێتە قوربانی دەستی کلتوو، خاوەنی ئەم کەیسەش کەسێکی زۆڕاگر بووەو توانیویەتی بە ئارامی و زۆڕاگری خۆی هەموو بەربەستەکان بشکێنێت .

## کەیسی ژمارە (٣٨)

(ب. ع) تەمەنی (٤٦) ساڵەو خێزاندارە  خاوەنی (٣ ) کچە  بڕوانامەی بکالوریوسی هەیە ، لە ئێستادا خاوەنی پەیمانگای پیشەییە بۆ کۆرسی زمان و زانستەکانی کۆمپیوتەر هەروەها خاوەنی باخچەو ساوایانە ، لە (٢٠٠٧) وە کار دەکات و هاوبەشی هەیە لە کارەکەیدا.

(ب) کاری کرد بۆ ئەوەی خۆی بسەلمێنێت پێویستی بە نێرێک نەبێت بتوانێت دەستەبەری هەموو پێداویستیەکانی بکات ، چونکە خاوەنی (٣) کچە ویستی نمونەی دایکێک بێت کچەکانیشی بەو جۆرەی دایکیان ژیان بەڕێبکەن بێهێز نەبن ئاستەنگەکان کەم بێت کەسیەتیەکیان هەبێت هینانەدی ئامانجەکانیان قورس نەبێت .ڕاستە هەستی بە بونی خۆی کردووە بەڵام مرۆڤ هەر هەوڵدەدات و بەردەوام کاری تازەتر تاقی بکاتەوە ئەمە سروشتی ژنانە لەبەرئەوە هێشتا کاری زۆر و باشتری ماوە ئەنجامی بدات دواتر ئەو جیاوازیانەی لە نێوان نێرو مێ هاندەرە بۆ گەیشتن بەو قەناعەتەی وەک پیاو دەتوانێت گۆڕانکاری ئەنجام بدات و بەڕێوەبەرێتی کارێک بکات . زۆترین لە کارمەندەکانی ڕەگەزی مێن وا گونجاوە لە کەرتی پەروەردەیی و پیشەی مامۆستایی بۆ ژنان بێت و کێشەی کەمترە.

سەبارەت بە ئاستەنگەکان ، پێویستی ژیان و جیاوازی جێندەری (ب) گەیاندۆتە ئەم ئاستەی ئێستای ، چونکە ڕێگری زۆر بوو بەڵام هەر پێداگری کردووە ، تەنانەت کارەکەی کێشەی خێزانی بۆ دروست کردووە بەڵام تێکینەداوە، چونکە وەک دایکێک قوربانی زۆری داوە بۆ ماڵ منداڵ و خێزانەکەی ڕاستە کەمتەرخەم بووە بەرامبەر  خزم وکەس بەڵام لە کۆتایشدا مرۆڤەو توانای  دیاریکراوە ، دەڵێت پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە بۆ کارەکەی و کارئاسانی بۆ کردووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سۆشیال میدیا کارێکی وایکردووە بەهەموو شێوەیەک ئاستەنگی دروست کردووە بۆی نەتوانێ بەجۆرێک هەڵسوکەوت بکات و دەرکەوێت

ترسێکی بۆ دروست کردوه وەک ژن کاریگەری کردۆتە سەر کارەکانی ، (ب) پێیوایە دەبێت مرۆڤ ئاگای لە خۆی بێت چونکە سۆشیال میدیا ئازادی تاکەکەسی لێتێکداوین هەر لەبەر ئەوەیە حەزی لە دەرکەوتن نیە.

تێبینی توێژەر بۆ وتەکانی (ب) ، بەردەوام هەوڵیداوە لە دامەزراوەکانی خۆیدا باڵانسێک ڕابگرێت لە نێوان نێرو مێدا زۆرتر هەلی کارەکانی بۆ مێیە چونکە ئەو بوارانەی کاری تێدا دەکەن زیاتر پیشەی مامۆستایە ئەوا بۆ ڕەگەزی مێ ئاسودەترەو کێشەی کەمترە هەروەها بۆ خێزانەکانیان و بۆ منداڵەکانیان دەتوانن بە ئاسانی ڕێکەوتن بکەن لە نێوان ماڵەوەو کارەکەیان چونکە ژنان کائینێکی سۆزدارن ناتوانن وەک دایکێک خۆیان بکەنە قوربانی کارو ناوبانگی و خۆدەرخستن لەبەر منداڵ و خێزان بۆیە ئەو کارە هەڵدەبژێرن تەنانەت پیاوانیش حەز دەکەن ژنەکانیان بواری پەروەردەیی هەلبژێرن چونکە لەلایەن کۆمەڵگەوە قبولکراوەو کێشەی کەمترە.

## کەیسی ژمارە (٣٩)

( ل ،ف ، ص) تەمەنی (٣١) ساڵەو خێزاندارە و خاوەنی کوڕێکە بڕوانامەی بکالوریوسی هەیەو لە ئێستادا کاری دیزاینی جل و بەرگی کوردی دەکات وخاوەن شۆورومی خۆیەتی بەتەنها کاری خۆیەتی.

نهێنی سەرکەوتنی (ل) لە ڕوونی ئامانج و نەرمونیانی لە جێبەجێکردندایە ،بەڕای (ل) ناکرێت خەون و ئامانجێک بەدەست بێت و پێی بگەیت ئەگەر پێشتر لە خەیاڵتدا بوونی نەبووبێ و مێشکتی سەرقاڵ نەکردبێت نموونە (ل) هەر لە منداڵیەوە خولیاو ئارەزووی دیزاین کردنی جل بووە بەردەوام جلەکانی خۆی دروست دەکردو دیزاینی دەکردن ، پێیوایە هەموو کەسێک تایبەتمەندیەک لە سروشتیدا هەیە لەوانی تری جیا دەکاتەوە ،لەبەرئەوە مرۆڤ دەبێت بیدۆزیتەوەو بیقۆزیتەوە ، (ل) ئەم کارەی لەسروشتی خۆیدا بینیەوە واتە کارەکەی پێچەوانەی پسپۆڕیەکەی بوو چونکە ئەمە حەزو خەونێکی منداڵی بوو .

بەڕای (ل) مرۆڤ ئەگەر بیەوێ هەمیشە بە پلانیکی دیاریکراوەوە بەرەو ئاینده هەنگاو بنێیت ئەوا سەرکەوتو دەبیت ، زۆرینەی خەڵکی پلانێکی دیاریکراویان بۆ ئەو شتانە نیە دەیانەوێ لە داهاتودا پێی بگەن هەر بۆیە شتیکی سروشتیە ژنان نەگەن بەو کارەی دەیانەوێت ئەگەر کارێکیش بێت و بەرەو بەرزبونەوەیان بەرێت ئەوا هێزێکی گەورەو کاتێکی زۆر بە فیڕۆ دەدات دواتریش لە هەمان خاڵ دەکەوێتە خوارەوە، بۆیە بە ڕای (ل) تا چەند پلانی کارەکەت باش و ورد بێت ئەوا ڕێژەی سەرکەوتنت لە کارەکەت بەرزتر دەبێت.

سروشتی کارکردن هەر وابووە تەنها بوونی ئامانجێکی ڕوون و پلانی کار بەس نین بۆ گەیشتن بە خاڵی ویستنت ، بەڵکو پێویستە لەگەڵ ئەوانەشدا بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکان

ئازایەتی بوێری و ئارامگریش بونیان هەبێت ئەگەر تێبینی ژیانی کەسە سەرکەوتوەکان دەبینین کە خۆیان بەدەست و بازووی خۆیان بوارو دەرفەتیان بۆ خۆیان دروست کردووە لە دامەزراندنی پرۆژەکانیان بۆیە چەندەها ئاستەنگ دێتە سەر ڕێگایان بەڵام بە هێزو توانیان ئاستەنگەکان بە بچوک سەیر دەکەن چونکە ئەوان ئامانجەکانیان زۆر بە گەورەتر دەزانن لەو بەربەستانە.

(ل) پێیوایە دەبێت ئەو وێنەیە بین بۆ کەسایەتی خۆمان کێشاومانە چ کارێک دەکەین ، واتە پەیوەست نیە بەوەی چەندمان دەست دەکەوێت لە ڕووی مادیەوە ئەوەندەی پەیوەستە بە بەردەوامی بونمان لە کارەکەمان.

سەبارەت بە ئاستەنگەکان ، ڕاستە (ل) بەهۆی ئەوەی چەند ڕۆڵێکی هەیەو زۆر کات کێشەی بۆ دروست کردووە وەک دایک چونکە لەوانیە حەزی کردبێت کارەکەی گەورەتر بکات و بیکاتە براندێکی جیهانی بۆ ئەمەش پێویستی بەدەرەوەیە بۆ ئەوەی کۆرسێکی زانستی فێر ببێت یان سەردانی ئەو ولاتانە بکات کە ئاسانکاری زیاتری بۆ دەکەن لە کارەکەی ، بەڵام بەهۆی ئەو ڕۆلەی هەیەتی یان بیرکردنەوە و کلتوری خێزانەکەی ڕێگری بۆ دروست کردبێت واتە لە کۆمەڵگەی کوردی ڕاستە ژنان هەوڵیانداوە کاری خۆیان بکەن بەڵام توانای ئەوەیان نیە هێشتا کارەکانیان گەورە بکەن ، پێیوایە پێویستە ژنان واز لەو بیرکردنەوە تەقلیدیە بهێنین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان زیاتر هەوڵبدەن بە لێک تیگەیشتن و هاوکاری لە ناو خێزان چارەسەری کێشەکانیان بکەن.

تێبینی توێژەر بۆ وتەکانی (ل) ، ئەگەر چی تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ ژنی خاوەن کار دەکەوێتە سەر ئەو بنەمایەی تۆ دەتوانی وێنەکەو بە و جۆرە بکێشی کە خۆت دەتەوێ ئەوا خەلکیش بەوجۆرە تەماشات دەکەن دەبێت کارێک ئەنجام بدەیت پەیامی بەرامبەرەکەت ڕوخێنەرو نەرێنی نەبێت، چونکە دوبارەکردنەوەی لە ناخی خۆتدا کاریگەری هەبێت لەسەر دەروونت و داهاتوت ناتوانیت بەردەوام بیت و ئاستەنگ و بەربەست دێتە ڕێگەت ، بەڵام ئەگەر بەردەوام خەڵکی هاندەرت بێت و پەیامی ئەرێنیت پێببەخشێت ئەوا دەتوانی بەسەر خودی خۆتدا زاڵ بیت و کارەکەت بەرەو ڕێگاو شێوازێکی دروست ئاراستە بکەیت .

## کەیسی ژمارە (٤٠)

(م.ن.ئ ) تەمەنی (٣٤) ساڵەو خاوەنی (٢) کوڕە خێزاندارە بڕوانامەی دبلومی هەیە، لە ئێستادا خاوەنی دایەنگەو باخچەی ساوایانە بۆ ماوەی سێ ساڵە لەم کارە بەردەوامەو و کاری خۆیەتی.

لە خێزانێکدا گەورە بووە هەر لە منداڵیەوە باوکی خۆی نەبینیوە و دایکیشی ژنێکی نەخوێدەوار بوو بەڵام ڕێگری نەکرد تا بتوانێت نەخشەی ژیانی دابڕێژێت و بتوانێت کارێک

بکات و سەرکەوتوو بێت، ئەوەی هاوکاری بوو لە سەرکەوتنی لە کارەکەی سروشتی کەسێتی خۆی بوو چونکە هەست دەکات ڕۆحی سەرکردایەتی لە ناخیدا بونی هەبوو متمانەیەکی بۆ دروست کردوە کە سڵ لە هەموو ناڕەحتیەکانی ژیان بکاتەوە بە سنگێکی فراوانەوە پێشوازی لە کارەکەی بکات و گەورەی بکات ،(م) دەڵێت سەرەتا بە کردنەوی دایەنگە دەستی پێکرد واتە لەکارێکی بچوکەوە دەست پێبکرد بوو بە ئەزمون و شارەزایی پەیداکردو زەرەرو قازانجی خۆی زانی دواتر کە گەورەتر بوو ئەو کات کێشەکانی کەمتر بوو .

سەبارەت بە ئاستەنگەکان ، پێیوایە  گەورەترین ئاستەنگ ڕووبەڕوی ژنانی خاوەن کار دەبێتەوە ئیدارەدانیەتی لە کارەکەی و نەبونی دارایی پێویست ئەگەر بتوانێت  کۆنتڕۆڵی بکات هیچ کێشەی بۆ دروست نابێت و خێزانیش زیاتر هاوکاری بێت ، چونکە لە ئێستادا ئەوەی زیاتر ترس لە کاری سەربەخۆی ژن دەکرێت وا سەیر دەکرێت توانای بەڕێوەبردنی نیە ئەگینا کلتورو کۆمەڵگە گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە بڕواناکرێت بەو جۆرە ڕێگری بۆ ژنان دروست بکەن ، سۆشیال میدیا ئاسانکاری بۆ زۆر لە ژنان کردووە هەر لە ماڵەوە کاری خۆیان بکەن و کێشەکانیشیان کەمترو بۆ خۆشی زۆر هاوکار بووە توانیویەتی لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە زانیاری وەربگرێت و بەردەوام نوێکاری لە کارەکەیدا بکات و تەماشای ئەو کارانە یان ئەو شوێنانە بکات کە هاوشێوەی خۆیەتی یان پەیوەندی بەو کەسانەوە بکات کە هاوپیشەی ئەون و هاوکارین . تەنانەت حکومەت پاڵپشتی دارایی نەکردوە  بەڵکو زیاتر ئاستەنگی بۆ دروست کردوە کارەکانی  بەئاسانی بۆ نابات بەڕێوە لە هەموو مامەڵە ئیداریەکاندا برە پارەیەکیشی  لێدەستێنێت.

تێبینی توێژەر بۆ وتەکانی (م) ،  بەگشتی تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ ژنانی خاوەن کار گۆڕاوەو ئێستا ژن ئاسانتر دەچێتە دەرەوەو سەرقاڵی کارو بزنسی خۆیەتی و ڕێگری کەمترە ،  تەنانەت سروشتی کەسایەتی خۆی کە هێزو برەوی پێداوە بە هاندەرێکی باشی دەزانێت بۆ سەرکەوتنەکانی.

## باسی سێهەم :  ئەنجاماکانی توێژینەوەکە

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لەم توێژینەوەیە پێیان گەیشتوین لە خوارەوە بە دوو تەوەرە دەیانخەینە ڕوو :

## یەکەم / دەرئەنجامی تایبەت بە تەوەرەی پاڵنەرەکانی بوون بە ژنی خاوەن کار :

بەشێک لە ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن حەزو خولیاو ئارەزوویان بە پاڵنەری سەرەکیان بۆ بون بە ژنی خاوەن کار دادەنێن  هەروەک لە کەیسی ژمارە(٩-١١-١٥-١٨-٢٧-٣٣-٣٨) جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی بە سروشتی خۆیان کەسانێکن زۆر بڕوایان بەخۆیان هەیەو کەسی سەرکێشن و و تموحیان زۆرەو بە ژیانی سادە

ڕازی نین و خۆیان بە جیاواز دەبینن لە کەسانی دەوروبەریان توانیویانە بە ئیرادەی بەهێزەوە سەرکەوتو بن لە کارەکەیان ئەمەش زۆر هاوکاری کردون تا ببنە خاوەن کەسایەتی بەهێز ، تەنانەت کەیسی ژمارە (٣٩ ) جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی ناکرێت خەون و ئامانجێک بەدەست بێت و پێی بگەیت ئەگەر لە پێشتردا لە خەیاڵتدا بوونی نەبوبێ و مێشکتی سەرقاڵ نەکردبێت کە هەر لە مندالیەوە ئارەزوی دیزانکردنی جل و بەرگ بووە حەزو خەونێکی منداڵی بووە ئەمەش تایبەتمەندیەک بووەو لە سروشتی کەسێتی خۆیدا هەبووەو جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی پێویستە هەموو کەس هەوڵ بدات ئەو هەلە بقۆزێتەوە و سەربکەوێت بەسەریدا.

جگە لەوەی یەکێکی دیکە لە پاڵنەرەکانی کارکردنی ژنان بەڕای بەشێک لە ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە لە هەریکە لە کەیسەکانی ژمارە(١-٥-١٠-٢٠-٢٢-٢٥-٢٧-٢٨) جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی پەیوەندی هەیە بە شێوازی پەروەردەو و ئەو پێگەیاندنە کۆمەلایەتیەی لە باوانیان وەریان گرتووە وەک کەیسی ژمارە (٦) جەخت دەکاتەوە لەوەی لە کۆمەڵگەیەکی وەک کۆمەڵگەی کوردی خاوەن کلتورێکی نێر سالاری و خێڵەکیە خێزانەکان ڕۆڵی بالا دەگێڕن لەوەی بناغەیەکی باشی کەسێتی بۆ منداڵە کچەکانیان دروست بکەن بە جۆرێک بتوانن ئازاد و سەربەخۆبن و بتوانن ڕووبەڕوی هەموو ئەو ئاستەنگانە ببن کلتور دەیهێنێتە پێشیان واتە لە کلتورێکی وەها ئەگەر کچێک لە منداڵیەوە بەشێوازێکی جیاواز فێرنەکرێ قورسە بتوانێ لەو ڕێچکەیە دەربچێ لە زەینی تاکەکان دروست کراوە بۆ ڕەگەزی مێ چۆن ژنێک بتوانێ لە وێنەی خۆی وەک بەندکراوێکی ناو خێزان و خزمەتکارێکی ئەندامەکانی دەربچێ چۆن بتوانێ لە کەسیەتیەکی مشەخۆری ڕووکەشی لاوازی بێ دەسەلات بگۆڕێت بۆ کەسێک خۆی خاوەن کارو پرۆژەیەک بێت و لە لوتکەی هێزو دەسەلات بێ و خاوەن ڕاو خاوەن بڕیاری کۆتایی و یەکلاکەرەوە بێ و هەموو ئەوانی دیکە چاویان لە دەم و دەستی ئەو بێ لەبری ئەوەی ئەم (ژنەکە) پشت بە پیاوێک ببەستێ کۆمەڵە پیاوێک لە بن دەستی کاربکەن و ئیدارەیان بدات.

ئەگەر تێبینی کەیسەکان بکەین هەر لە کاری دیزاین و چێشتخانەو پەروەردە تا کاری ڕازاندنەوەی ماڵ و جوانکاری و مارکێتین هەموو ئەو کارانەیە ژن لە چوارچێوەی ڕۆڵە سەپێنراوەکانی لەلایەن کۆمەڵگە بۆی دابینکراوە و تەنانەت ئەوانەی کاریان بۆ دەکەن لە ڕەگەزی مێن بە هۆکاری ئەوەی دوربکەونەوە لە قسەو باسی کۆمەڵگە وەک کەیسی ژمارە (٥) کە ئارایشتگای هەیە و هۆکاری سەرەکی ئەوەی ڕووبەڕوی کێشە نەبێتەوە ڕەخنەی کەمتر ئاراستە دەکرێت وا باشتربووە ئەو ستافەی کاری بۆ دەکەن لە ڕەگەزی مێ بێت ، بەلام کەیسی ژمارە (١٢) جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە خاوەنی هۆڵی لەش جوانی و ڕاهێنەرە بۆ ئەوەی موشتەریەکان بە ئارەزوی خۆیان جل لەبەر بکەن و تەنها شوێنەکە تایبەتە بە ژنان بۆ ئەوەی ڕووبەڕوی ئاستەنگ و کێشەنەبن.

کەواتە دەتوانین بڵێین مێشک و زەینی خێزانی کوردی بەو جۆرەیە ئەو وێنەیەی بۆ مێینەی کۆمەڵگەکەی دەستنیشانکراوە کۆمەڵگە بۆی دیاریکردووە و بۆی نیە کارێک بکات لەدەرەوەی ڕاو بۆچونی خێزانەکەی بێت. تەنانەت لە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکانی پێشوو کە ئاماژەمان پێدا وەک هەریەکە لە توێژینەوەکانی (عبدالله و حتاوی -2014) و (غیات- 2015) هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا کە زۆرینەی ئەندامانی توێژینەوەکەیان جەختیان کردۆتە سەر ئەوەی سەرەڕای باڵا دەستی کلتورو نەریت کە ڕەفتارو هەلسوکەوت و تەنانەت کارو وەزیفەی ژنی دیاریکردووە خۆی دەبینێتەوە لە بەڕێوەبردنی ماڵ و منداڵ یان ئەگەر کارێکیشی بکردایە درێژکراوەی کارە تەقلیدیەکانی دەبێت وەک کاری بەخێوکردنی منداڵ لە دایەنگەو باخچەی ساوایان یان کاری پەرستاری و مامۆستایی . چیتر ئەستەم بوو بۆ ژنێک بتوانێت کارێکی تایبەت بە خۆی هەبێت چالاکیەکی بازرگانی ئەنجام بدات

لەلایەکی دیکەوە بەڕای بەشێک لە ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە هەریەکە لە کەیسی ژمارە (٤-٨-١٣-١٥-٢٦) پاڵنەری سەرەکیان بریتیە لە سەربەخۆیی ئابووری واتە لەگەڵ زۆربونی پێداویستیەکان و جۆراوجۆربونی ڕاستە وەک ئاماژەمان پێ کرد ئێستا داهاتی تەنها کەسێک بۆ نموونە باوک لە خێزان بەشی پڕکردنەوەی پێداویستیەکان ناکات بەڵام لەگەڵ ئەوە زۆرێک لە ژنان هەن ئارەزوی ژیانێکی خۆشگوزەران دەکەن ، یان ئەگەر چی داهاتی پیاوەکەش بەشی پڕکردنەوەی پێداویستیەکان بکات بەڵام ئەمان (ژنان) ئارەزوو دەکەن ئەو سنورە تێپەڕێنن و ژیانی خۆیان و خێزانیان خۆشتر و باشتر بکەن و ئەو داهاتەش بەدەست دەهێنن ئازادانەو بێ سانسۆر بەکاری بهێنن، جگە لەوەی وایان لێدەکات متمانەیان بە خۆیان و زیاتر هەست بە بونی خۆیان بکەن و جۆرێک لە هێزو دەسەلات بەدەست بهێنن و بتوانن ڕای خۆیان دەربڕن و گوێیان بۆ بگیرێ و جگە لەوەی دەسەڵات لە نێو خێزان بگرنە ئەستۆ ، هەروەک کەیسی ژمارە (٢٤) جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی بەدەستهێنانی داهات هۆکاری سەرەکی بوو بۆ کارەکەی چونکە هاوسەرەکەی ئامادەنەبووە تەنانەت پێداویستیە سەرەکیەکانیشی بۆ پڕبکاتەوە .

لای بەشێک لە ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە کە هەریەکە لە کەیسی ژمارە (٣-٦-٩-٢٠-٢٣-٢٨-٣٧) جەختیان کردۆتە سەر ئەوەی خوێندن و پسپۆڕیەکەیان کار ئاسانی بۆ کردون و بە پاڵنەری سەرەکی دەبینن بۆ کارەکەیان ، هەروەک کەیسی ژمارە (٢) ئاماژەی داوە بەوەی خوێندن بە چەکی دەستی کچان دادەنێت و وایان لێدەکات متمانەیان بەخۆیان و بەتواناکانیان هەبێت ، تا زیاتر بخوێنن و هەوڵ بدەن ئەوا داهاتویان گەشتر دەبێت و پسپۆڕیەکەیان دەبێتە ئازادی و سەربەستی و ڕزگاربونیان لە کۆت و بەندو چەوساندنەوەی خێزان و کۆمەڵگە. بەڵام توێژینەوەی (Elizabeth – 2015) بە پێچەوانەی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا ئاماژەی پێداوە کە خوێندن کار ئاسانی بۆ نەکردون و تا ئێستاش بە کێشەیەکی سەرەکی دادەنرێت لە باشوری ئەفەریقا بۆ ژنانی خاوەن کار ، هەروەها جیاکاری دەکرێت لە نێوان ئەو کۆلێژانەی بۆ کوڕان و کچان دانراوە واتە کەم و کورتی لە خوێندن و ڕاهێنان ڕێگرە لەبەردەم سەرکەوتنی ژنان .

## دووەم / دەرئەنجامەکانی تایبەت بە ئاستەنگەکانی پێش ژنی خاوەن کار :

لە گرنگترین ئەو ئاستەنگانەی دێنە پێش ژنی خاوەن کار بە ڕای بەشێک لە ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە بەشێکی پەیوەندی بە کلتوری کۆمەڵگەو ئەو وێنەیە هەیە کە بۆ ژن کێشراوە کە هەریەکە لە کەیسەکانی (٣-٦-١٠-١٤-١٥-٢١-٢٤-٣١-٣٨) جەخت دەکەنەوە بەوەی ژن لە کارێکدا کە بەکاری پیاوان ناسراوە بە ئاسانی قبوڵ ناکرێت و لێرەوە زۆرێک لە کێشەو گرفتەکان دەست بەسەرهەڵدان دەکات وەک کەیسی ژمارە (٢٣) جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی ئەگەر چی لەگەڵ هاوپیشە کوڕەکانی لەهەموو ڕوویەکی وەک (توانا، بڕوانامە ، لێهاتویی) وەک یەک بون ، بەڵام زیاتر گوێ بۆ ئەوان (کوڕەکان ) دەگیراو زیاتر گرنگی بە تواناکانی کوڕان دەدرا وەک ژنێک فەرامۆش کرابوو. هاوشێوەی توێژینەوەی (nsengimana – 2017) سەبارەت بە ڕێگریە کلتوریەکان زۆربەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکەی پێیان وایە هەرچەندە ژنان لە ڕواندا نموونەی جوانی و چالاکین و خاوەن کاری سەرکەوتون ، بەڵام ڕەگەزی بەرامبەر ڕێگری لە ژنان دەکەن بۆ ئەوەی بەشداری لە چالاکیە ئابووریەکاندا بکەن ، چونکە وا سەیری ژنان دەکەن  لاوازن و ناتوانن کارە بازرگانیەکان بەڕێوەببەن لەگەڵ ئەوەی کە ژنان بەشدارن لە نیوەی کارە بازرگانیەکان و هاوشانی پیاوانن لە هەموو بوارە خزمەتگوزاریەکاندا .

تەنانەت بەشێکی تر لە ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە وەک کەیسەکانی( ١٢-١٧-٢٧-٣٠-٣٧-٣٩) جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی سەرئەنجامی ئەم ئاستەنگانە  کێشەی ململانێی ناوەکی دەروونی دروست دەکات کاتێک هاوسەرو هەموو ئەندامانی خێزان و خزم و کەس و کار و هاوڕێی چاوەڕێی ئەوە لە ژنێک دەکەن ماڵ پاک بکاتەوە چێشت لێبنێت و خزمەتی منداڵ و مێرد و ئەوانی تر بکات قورسە ببینیێ لە ماڵ نیەو لە دەرەوەیە لە جیاتی ئیدارەی ماڵ بدات ئیدارەی کارو پرۆژەیەکی گەورە بدات قورسە ژنێک کە لە نێو ماڵ بۆی نیە قسە بکات لە کاتێکدا فەرمان بەسەر کۆمەڵە کەسێک بکات و پێیان بڵێ چی بکەن و چی نەکەن ،ژنێک ئەگەر قسە لەگەڵ پیاوێکی نامەحرەم بکات و گەشت بکات بۆ دەرەوەی وڵات بەهۆی کار یان کاتێکی درەنگ لە دەرەوە بمێنێتەوە و لەگەڵ کۆمەڵێک نامەحرەم هەستێ  و دانیشێت و فەرمان بکات بەسەریاندا لە کاتێکدا ئەو ڕۆڵەکەی بریتییە لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی پیاو ژنێک چاوەڕێی لێ دەکرێت بە حوکمی دایکایەتی و ژن بونی بەسۆز و میهرەبان بێت کەچی لە کاردا دڵڕەق و توند و زبربێت ، ژنێک کە بونەوەرێکی عاتیفییە ئێستا لە کاردا دەبێ لە لوتکەی عەقڵانیەت بێ تا بتوانێ بەباشی ئیدارەی کارەکەی بدات ئەمانە وادەکات جۆرێک لە ململانێ ناوەکی و دەروونی بۆ ئەو ژنە دروست بکات بەهۆی زۆری ڕۆڵەکانی وای لێدێت جۆرێک لە دژ بەیەکی لە ناخیدا دروست دەبێ وەک ئاماژەمان پێکرد ئەمەش شوێنەواری نەرێنی لەسەر هەست و دەروونی بەجێدەهێڵێ و فشارەکانی سەری زیاد دەکات ، بەڵام لەگەڵ ئەوەی لەم جۆرە کلتورە ژنانێک هەن فێرکراوە بەوەی ئازاو بە جەرگ و چاونەترس بن و دژە باو بن واتە ئەگەر

پاڵپشتی خێزان و بە تایبەت هاوسەری نەبێ وەک زۆرینەی ئەندامانی نموونەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن ناتوانن بەردەوام بن و سەرکەوتن بەدەست بهێنن لە کارەکەیاندا چونکە نەبونی پشتیوانی خێزان و کۆمەڵگە هەر خۆی دەبێتە یەکێک لە ئاستەنگە کۆمەڵایەتیەکان کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە مەیدانی کارو بازرگانی ، هەروەک کەیسی ژمارە (٢٩) جەختی کردۆتەوە کە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی کۆمەڵگەکەی بەو چاوەوە تەماشای دەکەن کە ئەمە(ژنە) پیاوێکی لە پشتەو ئەو کارەی دەیکات ناشەرعیەو سپیکردنەوەی پارەیەو بۆیە زۆر ناشرین تەماشای ژنانی خاوەن کار دەکەن بە ڕەوای نازانن کە ئەمە هەوڵ و ڕەنج و ماندوبونی خۆیەتی.

ئەمە جگە لەوەی وەک ئاماژەمان پێکرد لە خستنە ڕووی کەیسەکان بەشێکیان وەک کەیسی (٩-١٨-١٩) ئەو کێشەیەیان هەیە کە خێزانەکەیان لێیان تێناگەن و چاوەڕێی ئەوەی لێدەکەن ڕۆڵەکانی ببینێ لە نێو ماڵ بەڵام ژنێک کە بتوانێ ئیدارەی کارێکی گەورە بدات قورسە بتوانێ هەندێک کاری بچوکی نێو ماڵ ئەنجام بدات.

ئاستەنگێکی دیکە پەیوەستە بە سروشتی کۆمەڵگە و وێناکردنی ژن وەک جەستە چونکە زۆرێک لە ئەندامانی نموونەکە سەلماندویانە ئەگەر چی لە پۆستی باڵای کارگێڕیدان و خاوەن کارن هێشتا هەر لە لایەن پیاوان وەک بوکەڵەیەکی سێکسی تەماشا دەکرێن و هێشتا ڕووبەڕوی گێچەڵی سێکسی دەبنەوە هەر بۆیە زۆریان ناچاربون ستایلی خۆیان لە شێوەو جل و بەرگ و خۆڕازاندنەوە بگۆڕن تەنانەت تۆنی دەنگیشیان نێرانە بێت تا بتوانێ قبوڵ بکرێت لە کۆمەڵگە و سەرقاڵی کێشە نەبێ لەبری ئەوە زیاتر هۆشیان بخەنە سەر کارو بەرەو ئیشی بەرن ، کە ئەمەش هاوشێوەی توێژینەوەکەی (غیات - 2015) بەپێی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەی دەرکەوتووە سەرەڕای ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر کۆمەڵگەی جەزائیریدا هاتووە بەڵام تا ئێستا زۆرینەی پیاوان قبوڵی ناکەن لە ژێر دەستی ژنێک کاربکەن تێڕوانینی نەرێنی پیاوان بەرامبەر بە ژنانی خاوەن کارو گێچەڵپێکردنی سێکسی لەلایەن پیاوانەوە یەکێکی ترە لە کێشەکان کاریگەری لەسەر کارو سەرکەوتنیان دروست کردووە . هەربۆیە کەیسی ژمارە (٢٠) جەختی کردۆتە سەر ئەوەی گێچەڵی سێکسی پێکراوە چونکە کارەکەی دیزاین کردنی شوێنانە واتە بۆ کارێک بانگکراوە کاتێک چۆتە شوێنەکە هەستی کردووە بۆ کار نیە و گەڕاوەتەوە کە ئەمەش ئاستەنگێکی گەورەیەو زۆرجار کارەکەت دوادەخات یان ڕووبەڕوی زیانێکی مادی و دەروونیت دەکاتەوەیان دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی وازبهێنێت .

یەکێکی دیکە لە ئاستەنگەکان پەیوەندی بەوە هەیە زۆرینەی ئەندامانی نموونەکە جەختیان لەسەر ئەوە کردووە نەبونی پاڵپشتی دارایی یە لەلایەن حکومەت کە زۆر گرنگە بۆیان تا بتوانن برەو بە کاریان بدەن ڕێگری بۆ دروست کردون ، کەیسی ژمارە (٥) جەخت دەکاتەوە سەر ئەوەی ڕەنگە بەشێکی هۆکارە کە پەیوەست بێ بەوەی کە دەوڵەت هێشتا متمانەی بە تواناکانی

ژن نیە ئیدارەی کارێک بکات یان دەیەوێ لەو قاڵبە بمێنێتەوە کە بۆیان دەست نیشان کراوە .ئەمەش هاوشێوەی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکانی پێشوە کە زۆرینەی ئاندامانی توێژینەوەکان پێیان وابووە پاڵپشتی دارایی بەربەستێکی گەوریە لە پێش ژناندا بۆ ئەوەی بەشداربن لە چالاکیە ئابوریەکاندا جا لە ناوخۆی خێزاندا بێت یان لە دەرەوە لە ڕێگەی وەرگرتنی قەرز لە بانقەکان کە متمانە بە ژن ناکەن و قەرزیان نادەنێ .

## باسی چوارەم: دەرئانجاماکانی توێژینەوەکە

لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە پاڵنەری سەرەکی بۆ بون بە ژنی خاوەن کار بەپەیوەندی هەیەحەزو خولیاو ئارەزویان بۆ کارەکەیان، دواتر بە سروشتی خۆیان کەسانێکن زۆر بڕوایان بە خۆیان هەیەو تموحیان زۆرە بۆیە بە ژیانێکی سادە ڕازی نین وخۆیان بە جیاواز دەبینن و توانیویانە بە ئیرادەی بەهێزەوە سەرکەوتوبن لە کارەکەیاندا، تەنانەت شێوازی پەروەردەی خێزانەکەیان بە پاڵنەرێکی دیکە دەزانن بۆ بونیان بە کەسێکی سەرکەوتوو لە کارەکەیاندا، چونکە هەرپەروەردەی خێزانە دەتوانێت منداڵە کچەکان وا گۆش بکات هەر لە منداڵیەوە ئازادی پێببەخشێت و بۆ ئەوەی بتوانێت لە داهاتودا سەربەخۆ بێت و ڕووبەڕوی ئەو ئاستەنگانە بێتەوە کلتور دەیهێنێتە پێشی ، پاشان لە گرنگترین پاڵنەرەکان بریتیە لە سەربەخۆیی ئابووری و بەدەستهێنانی داهاتێک بۆ پرکردنەوی پێداویستیەکانی خێزان چونکە لە ئێستادا چیتر داهاتی تەنها کەسێک لە خێزاندا بەشی پڕکردنەوەی پێداویستیەکان ناکات بۆیە ژنان ئارەزوو دەکەن زیاتر ژیانی خۆیان و خێزانیان باشتر بکەن و بە ئازادانە بە کاری بهێنن، پاشان خوێندن و پسپۆریەکەیان بە بە پاڵنەرێکی دیکە دەبینین و بە چەکی دەستی کچانی دادەنێن و دەبێتە ئازادی و ڕزگاربونیان لە کۆت و بەند و چەوساندنەوەی خێزان و کۆمەڵگە.

بەڵام لە گرنگترین ئاستەنگەکان بریتیە لەو وێنە کلتوریەی بۆ ژن کێشراوە بەوەی لە کارێکدا کە بە کاری پیاوان ناسراوە بە ئاسانی قبوڵ ناکرێت و هەر بۆیە ئەگەر کارێکیش بکەن دەبێت لەو چوارچێوەیە دەرنەچێت کلتور بۆی دەست نیشان کردوە، ئەگەر تێبینی بکرێت ژنانی خاون کارزۆرینەی کارەکانیان لە کاری دیزاین و چێشتخانەو پەروەدەوە تا کاری جوانکاری و مارکێتین بووە واتە هەمو ئەو کارانەبووە ژن لە چوارچێوەی ڕوڵە سەپێنراوەکانی لە لایەن خێزان وکۆمەڵگەوە بۆی دابینکراوە ، یەکێک لە گەورەترین ئاستەنگەکانی تر بریتییە لە نەبونی پاڵپشتی دارایی لە لایان حکومەتەوە ئیتر لە ڕێگەی وەرگرتنی قەرز لە بانقەکانەوە بێت یان لە لایەن خێزانەوە بێت کە متمانە بە ژن ناکەن بۆ ئەوەی برەو بە کارەکانیان بدەن کە زۆر جار ئەم ئاستەنگە هۆکار بووە بۆ ئەوەی واز لا کارەکەیان بهێنن .

## ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

لە کۆتایی توێژینەوەکە ڕاسپاردەی توێژەرانی دیکە دەکرێت بەوەی کە پێویستە بایەخی زیاتر بدرێت بەم بابەتە واتە ژنانی خاوەن کار هەوڵبدرێت توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی ئەنجام بدرێت لەسەر :

١. دەست نیشانکردنی ئەو هۆکارانەی وادەکات زیاتر ژنان ڕووبکەنە بازاڕی کارو بازرگانی واتە چی وادەکات ژنان حەز بکەن ببنە خاوەن کاری تایبەت بە خۆیان
٢. شوێنەوارەکانی بون بە خاوەن کار لەسەر کەسێتی ژنان
٣. گرنگی بون بە ژنی خاوەن کار بۆ کۆمەڵگە
٤. بەتواناکردنی ژنان .

## پێشنیازەکانی توێژینەوەکە

چەند پێشنیارێک دەخەنە ڕوو تا بتوانرێت لەسەر ئاستی دامەزراوەکانی کۆمەڵگە سودی هەبێ لەوانە:

١. پێویستە لەسەر خێزانەکان هەر لە منداڵیەوە بە جۆرێک پەروەردەی کچەکانیان بکەن هاوشێوەی کوڕان ببنە کەسێک باوەڕیان بەخۆیان هەبێت و وکار لەسەر گەشەکردنی توانا جەستەیی و عەقڵیەکانی بکەن و هانیان بدەن ئامانجیان هەبێ لە داهاتوو خەون و خولیایان هەبێ و هەوڵی بۆ بدەن واتە کچانیش فێربکەن کە لەسەر پێیەکانی خۆیان بوەستن و بە ڕەنج و ماندوبونی خۆیان داهاتی خۆیان پەیدابکەن.
٢. پێویستە لە خوێندنگاوە هانی منداڵان بدرێت بە کوڕو کچ بەوەی لە پشوی هاویندا کاربکەن بە تایبەت لە قۆناغی ئامادەیی تەنانەت پرۆگرامەکانی خوێندن بە جۆرێک دابرێژرێت کە خوێندکار فێربکرێت هەر لە تەمەنێکی زووەوە حەزەکانی بزانێ و گەشەی پێبدات واتە فێری ئەوە بکرێت کە چاوەڕێی حکومەت نەبێ وەک فەرمانبەر دابمەزرێ بەڵکو خۆی پرۆژەی تایبەت بە خۆی هەبێ و ئیشی لەسەر بکات بە تایبەت مێیەکان.
٣. تاکەکانی ڕاگەیاندن زیاتر بایەخ بەم ژنانە بدەن وەک نمونەی باڵا نیشانیان بدەن واتە فۆکەسی زیاتر بخرێتە سەر ژیان و ئەزمونی کاریان تا ببنە نمونەی باڵا بۆ ژنان و کچانی دیکە وە تەنانەت هانبدرێن بۆی سۆشیال میدیا بەکاربهێنێت لەم ڕووەوە.
٤. حکومەت پێویستە پاڵپشتی دارایی ژنان بکات تا بتوانێ پرۆژە و کاری بچوکی تایبەت بە خۆیان بونیاد بنێن  لە ڕێگەی وەرگرتنی قەرز لە بانکەکانەوە .
٥. هەوڵ بدرێت لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری وێنەی تەقلیدی ژن لە پێش چاوی کۆمەڵگە بگۆڕدرێت .

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان

## یەکەم : سەرچاوە کوردیەکان


١. حریم، حسین و محمد، چیا(٢٠١٦)، بنەما نوێکانی کارگێری و تیۆرەکان و پرۆسە کارگێرییەکان و ئەرک و کارەکانی رێکخراوە، چاپی دووەم، کتێبخانەی یادگار .

٢. شاملۆ ، سەعید(٢٠١٩) ، قوتابخانەو تیۆرەکانی دەروونزانی کەسایەتی ، وەرگێرانی ، فرمێسک رزگار و داود، سیدۆ، چاپی یەکەم، سلێمانی، خانەی چاپ و پەخشی رێنما .

٣. کۆمەڵێک نوسەر(٢٠١٠) ، ژنی سەرکردە لە نێوان تیۆرو پراکتیکدا، زانکۆی دیپۆل، شیکاگۆ، پەیمانگای نێو دەوڵەتی بۆ یاسای مافەکانی مرۆڤ.

٤. صادق ، زانا مجید(٢٠١٧)، بنەماکانی کارگێری کار ، هەولێر، نوسینگەی تەفسیر.

٥. قادر ، ژیا عباس و ابتسام قادر(٢٠٢١)، کاریگەریەکانی کۆڤید ١٩ لەسەر ژنانی خاوەن کار .

٦. قەرەداغی ، مهاباد(٢٠٠٢) ، ئازادکردنی مێژوو ، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم .

٧. قەرەچەتانی، کەریم شەریف(٢٠٠٦)، سایکۆلۆژیای گشتی، چاپی یەکەم، هەولێر .

٨. لی گەیت،مارلین(٢٠١٥)، ژنانی سەردەمی خۆیان (مێژووی فێمینزم لە رۆژئاوادا)، وەرگێرانی، فەرشید شەریفی، چ ١، سلێمانی،کوردستان، چاپخانەی سەردەم.

٩. مەزهەر ، ئیسماعیل(٢٠٠٦)، ژن لەسەردەمی دیموکراسیدا، وەرگێرانی، سۆزان جەمال، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی تەوار.

١٠. موسا، سلامة(٢٠١٨)، ئافرەت بوکەڵەی مبەردەستی پیاو نیە، وەرگێران، عبدالمجید پەزکەندی، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ .

١١. مەجید ، ڤیان ، ژن. تاک. سیاسەت ، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧.

١٢. نورەیی، کاروان ئەحمەد(٢٠٢١)، میتۆدەکانی توێژینەوەی چەندێتی و چۆنێتی (لەکاری کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسیدا) .

١٣. هەدییە، عبدالله و جاسم مەحمود(٢٠٠٧)، رۆڵی سیاسی ژن، چاپی یەکەم، سلێمانی، سەنتەری نیشتمانی بۆ لێکۆڵینەوەی جێندەر.


## دووەم : سەرچاوە عەرەبیەکان


١٤. الابراشی، فاروق عطیه(١٩٩٣)، روح التربیة و التعلیم، القاهرة، دار الفكر العربي.

١٥. انجلز، فردریك(١٩٧٥)، أصل العائلة والملكية الخاصة والدولة، ترجمة، العرب، احمد عز ، موسكو، دار التقدم.

١٦. اوكين، سوزان(٢٠٠٢)، النساء في الفكر السياسي الغربي، ترجمة : امام، عبدالفتاح امام ط١، القاهرة ، المجلس الأعلي للثقافة.

١٧. الكسندر، كولونتاى(١٩٧٨)، تحرر المرأة العاملة، ترجمة، فواز طرابشى و طلال الحسينى ، بيروت، دار الطليعة للنشر.

١٨. البار، محمد على(١٩٩٨)، عمل المرأة في الميزان، الدار السعودية للنشر والتوزيع ،.

١٩. بربر، كامل(٢٠٠٨)، ادارة الموارد البشرية (اتجاهات و ممارسات ) ، ط١، بيروت، دار المنهل اللبناني.

٢٠. بوتفنوتشـ ، مصطفى(١٩٨٠) ، العائلة الجزائرية (التطور والخصائص الحديثة)، ترجمة، احمد، دمرى، الجزائر، ديوان المطبوعات الجامعية .

٢١. بيدج، ماكيفر(١٩٩٥)، المجتمع ، ترجمة، الغراوي، السيد محمد، القاهرة، مكتبة النهضة المصرية.

٢٢. بيترجيك، لوري رودمان(٢٠١٧)، علم النفس الأجتماعى للجندر (كيف تشكل الهيمنة والحميمة للعلاقات بين النوعين )، ترجمة، الدويك، راقية، القاهرة، المركز القومى للترجمة.

٢٣. الجبورى، عبدلقادر يوسف(١٩٨٠)، تأريخ الاقتصاد، بغداد، مؤسسة دار الكتب للطباعة والنشر.

٢٤. الجوادي، زينب (٢٠٠٥)، الملامح الاقتصادية والاجتماعية للنظم الاقتصادية المعاصرة، دار الخيال .

٢٥. الجوير، ابراهيم(١٩٩٥)، عمل المراة في المنزل و خارجه، الرياض، مكتبة العبيكان.

٢٦. حرب، بيان هانى(٢٠٠٠)، مدخل الى الادارة الاعمال، عمان، الدار العلمية الدولية.

٢٧. الحسن، احسان محمد(١٩٩١)، رواد الفكر الاجتماعي، ط١،بغداد، دار الحكمة.

٢٨. حسن، عبدالباسط محمد(١٩٧٦)، اصول البحث الاجتماعي، طبعة الخامس، القاهرة دار غريب للطباعة .

٢٩. حسن، عبدالباسط محمد(١٩٧١)، اصول البحث الاجتماعي، طبعة الثالث، القاهرة، جامعة الازهر.

٣٠. حسون، زهرى تماضر(١٩٩٦)، تاثير عمل المراة على تماسك الاسرة في المجتمع العربي ، الرياض، المركز العربي للدراسات الامنية والتدريب.

٣١. الخولى، سناء(١٩٨٤)، الزواج والعلاقات الاسرية، دار النهظة العربية .

٣٢. دعبس، محمد يسرى ابراهيم(١٩٩٧)، الثقافة و الشخصية (دراسات في الأنثروبولوجيا السيكولوجية ) .

٣٣. دمنهورى، رشاد صالح(١٩٩٥)، التنشئة الأجتماعية و التأخير الدراسي، دراسة في علم النفس الأجتماعي التربوي ، الأسكندرية، دار المعرفة الجامعية.

٣٤. الرشدان، عبدالله(١٩٩٩)، علم الاجتماع التربية، الاردن، دار الشروق .

٣٥. زعفرانتشي، ليلى سادات(٢٠١٣)، عمل المرأة (مقاربات دينية والأجتماعية )، ترجمة، سبكار، محمود ، طبعة الاول، بيروت، مركز الحضارة لتنمية الفكر الأسلامى.

٣٦. السباعي، بدرالدين(١٩٨٥)، مشكلة المراة العاملة التاريخي، بيروت، دار الفارابي.

٣٧. الساعاتي، سامية حسن(١٩٨٣)، الثقافة والشخصية، طبعة الثانى، ، دار النهضة العربية.

٣٨. سعداوي، نوال(١٩٧٤)، المرأة والجنس، طبعةالثامن، بيروت، المؤسسةالعربية للدراسات و النشر.

٣٩. سلاطنية، بلقاسم و حسن الجيلانى(٢٠١٥)، منهجية العلوم الاجتماعية (المعرفة والمناهج البحث الجتماعي )، ك١، لبنان، الدار النموذجية للطباعة والنشر.

٤٠. السوديدي،جمال السند(٢٠١٩)، المرأة والتنمية، طبعة الثاني، ابو ظبي، الأمارات العربية المتحدة .

٤١. السيد، الحسينى(١٩٨٣)، النظرية الاجتماعية و دراسة التنظيم، ط٤، مصر، دار المعارف.

٤٢. الطماوي، محمد ملك(١٩٨٩)، خروج المرأة واثاره على رعاية الطفل، بيروت، دار النشر.

٤٣. عاشور، سعيد عبدالفتاح(١٩٧٦)، اوروبا العصور الوسطى، القاهرة، مكتبة الانجلو المصرية.

٤٤. عبدالله، مهدى احمد(٢٠٠٤)، علم النفس الاجتماعى بين النظرية والتطبيق ، دار المعرفة الجامعية الاسكندرية .

٤٥. عبدالحميد، عبدالمطلب (٢٠٠٩)، اقتصاديات تمويل المشروعات الصغيرة ، الاسكندرية، الدار الجامعية .

٤٦. عبدالفتاح، كاميليا(١٩٨٤) ، سيكولوجية المرأة العاملة ، دار النهضة العربية للطباعة والنشر ،.

٤٧. عبدالفتاح، كاميليا(١٩٧٢) ، سيكولوجية المرأة العاملة، طبعة الاول، بيروت، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، القاهرة.

٤٨. عدس، عبدالرحمن وقوف المحى الدين(١٩٩٨)، مدخل الى علم النفس ، ط٥، عمان، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع.

٤٩. عقل ، عبداللطيف ، علم النفس الاجتماعي ، دار البيرق ، عمان ، ط٢ ، ١٩٨٨ .

٥٠. القنديلجي، عامر و ايمان السامرائى(٢٠١٩) ، البحث العلمى (الكيفي والنوعي)، عمان، الاردن، دار اليازورى العلمية للنشر والتوزيع .

٥١. كاظم، فرحان أسيا(١٩٨٠)، دور المرأة العراقية في النشاط الأقتصادي، بغداد.

٥٢. الكلادة، طاهر محمود(٢٠٠٨)، تنمية وادارة لموارد البشرية، طبعة الاول، عمان، الأردن دار عالم الثقافة للنشر والتوزيع.

٥٣. لطفى، طلعت ابراهيم(٢٠٠٩)، النظرية المعاصرة فى علم الاجتماع، دار الغريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة.

٥٤. محمد، سيد فهمى(٢٠٠٤) ، المشاركة الجتماعية والسياسية للمرأة من العالم الثالث، الاسكندرية، المكتبة الجامعية الحديثة .

٥٥. مساعديه، زهر(٢٠١٣)، نظرية الانتماء، الجزائر، دار الخلدونية للنشر و التوزيع .

٥٦. مصطفى، خاطر احمد(٢٠٠٥)، تنميات المجتمعات المحلية ، المكتب الجامعي الحديث ، الاسكندرية.
٥٧. نعامة، سليم(١٩٨١) ، اجتماعيات التربية ، طبعة الثالث بيروت، دار النهضة العربية للطباعة والنشر.

## سێیەم : سەرچاوە ئینگلیزیەکان

58. Oxford,Dictionary . p oo
59. Duflo,E(2012),women empowerment and economic, vol, 50,NO 41,.
60. GIVEN,Lisa,M(2008) THE SAGE Enclopedia of Qualitative Research Methods. V1&2, London
61. Inkeles,Alex&DavidSmith(1994),BecomingModeren,Massachusetts ,Harvard University .
62. Schmidt,Steffen,W(1976), politica participation and Development , The Role of Woman in Latin America , Journal of International Affaairs.
63. Staton , Elizabeth Cady(1971), Eighty years and more, Reminiscences (1815-1897), newyourk , schocken, .
64. Smock , Audrey chapman(1981), womens education in developing countries (opportunities and outcomes ),Newyork.
65. Wood, Julia,T. (1994), Gendered lives: Communication , Gender and Culture , U.S.A: wads worth , Inc.

## سەرچاوە فارسیەکان

٦٦. اندرسون، جيسيكا (٢٠١٤)، افتخار مدن بودن، مجلة سياحت غرب ، العدد ، ٣٣ .
٦٧. دكاري، فرانسيس(١٩٨٧)، كريستين كوربي ، ساختارهاي جديد خانوادة ،رسالة اليونسكو ، العدد، ٢٣٠ .

## نامەی ماستەرو تێزی دکتۆرا

### یەکەم : سەچاوە کوردییەکان

٦٨. حسین ، سارینا ابراهیم(٢٠٢١) ، ڕەنگدانەوەی کلتوری ئێرانی لای پەنابەرە گەڕاوەکان لە ئێران ، نامەی ماستەری بڵاوکراونەکراوە ، کۆلێژی ئاداب ، بەشی کۆمەڵناسی ، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر .

٦٩. عبداله ، اکرم عبدالجبار(٢٠٢١) ، گرفتە کۆمالآیەتی و دەرونیەکانی قوتابیانی پۆلی دوازدە ، نامەی ماستەری بڵاوکراونەکراوە ، کۆلێژی ئاداب ، بەشی کۆمەڵناسی ، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر.

٧٠. کریم ، کانیاو ابراهیم(٢٠٢٠) ، ڕەنگدانەوەی کارکردنی ژنان لەسەر پەروەردەکردنی منداڵ ، نامەی ماستەری بڵاوکراونەکراوە ، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان ، بەشی کۆمەڵناسی ، زانکۆی سلێمانی ، سلێمانی .

٧١. مەحمود ، باخان احمد محمد(٢٠١٧) ، پەیوەندی ڕەفتاری گەنجان بە بێکاریەوە ، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە ، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان ، بەشی کۆمەڵناسی ، زانکۆی سلێمانی.

٧٢. مصطفی ، تەلار ئەحمەد(٢٠٠٩) ، دەسەلآتی بڕیاردان لە خێزانی کوردیدا ، نامەی ماستەری بڵاونەکراوەیە ، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان ، بەشی کۆمەڵناسی ، زانکۆی سلێمانی .

### دووەم : سەرچاوە عەرەبییەکان

٧٣. اسماء ، ابراهيمي(٢٠١٥) ، الضغوط المهنية و علاقتها بالتوافق الزواجي لدى المرأة العاملة ، اطروحة مقدمة لنيل الشهادة دكتوراه ، كلية العلوم الانسانية ، قسم علم الاجتماع ، جامعة محمد خيضر .

٧٤. بومدين ، عاجب(٢٠١٦) ، الأثار الأسرية والأجتماعية المترتبة عن عمل المرأة خارج البيت ، أطروحة دكتوراه غير منشورة ، كلية علوم الاجتماعية ، قسم علم النفس ، جامعة وهران ، الأغواط .

٧٥. زهير ، بغول (٢٠٠٧)، محددات النجاح في العمل الاداري بالمؤسسات الوطنية ، اطروحة لنيل دكتوراه في العلم النفس العمل و التنظيم ، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية ،جامعة الاخوة منتوري ، قستنطينة.

٧٦. غيات ، بوفلجة (٢٠١٥)، المعوقات الثقافية لسيدات الاعمال العربيات ، الجزائر دراسة الحالة حول المشاريع المتناهية الصغيرة في البلدان العربية ، الكويت ، ٢٨-٢٩ اكتوبر .

٧٧. عبدالله ، سمير و حتاوى محمد(٢٠١٤) ، سياسات تطوير مشاركة المرأة في ريادة الاعمال في دولة فلسطين ، معهد ابحاث السياسات الاقتصادية الفلسطيني.
٧٨. فرحات ، نادية(٢٠١٢) ، عمل المرأة وأثره على العلاقات الاسرية الأكاديمية ، الدراسات الاجتماعية والاقتصادية ، العدد ٨ ، جامعة الشلف .
٧٩. كازوز ، فاطمة عمر(٢٠١٦) ، معوقات تمكين المرأة الاقتصادي والحلول المقترحة بمدينة ليبيا ، دراسة الحالة ، رسالة ماجستر غير منشورة ، جامعة مولانا ابراهيم الاسلامية الحكومية مالانج.
٨٠. مليكه ، بن زيان(٢٠٠٤) ، عمل الزوجة و انعكاساته على العلاقات الأسرية ، رسالة ماجستر غير منشورة ، كلية علوم التربية ، قسم علم النفس الاجتماعية الاتصال ، جامعة منتورى ، قستنطنية.

## سێیەم : سەرچاوە ئینگلیزیەکان

81. Ahmed , Mariam Said(2016) , Challenges Facing Women Entrpreneurship Among the Swahill Community In Mvita Constituncy In Mombasa County, Costal , Kenya, A research Project Submitted to the Institute of Anthropology gender, and African studies, in partial fulfillment of the requirement for the ward of masrer of art in gender and development studies of the university of Nairobi .
82. GUAR,SHewesta &Kulshreshta,Vijay(2018), Challenges and Opportunites For women Enterpreneurs In Indea , Research Scholar , Faculty of Media and Mass Communication , Pacific Academy Of Higher Education and Research University .
83. Nsengimana , Simon(2017) , Challenges to Wmen Enterpreneurship In Kigali , Rawanda ,Thesis submitted in fulfillment of the requirements for the degree: master of technology , business Administration in Enterprenuershi in the faculty of business and Management Sciences .
84. Tefera, Gemechis(2007), Attitude of college students to wards Enterpreneurship , a case study of Addis Ababa, University and RIFT Valley university college , Addis Ababa , Ethiopia .
85. CHinomona,Elizabeth(2015), Women In Action : Challenges Facing Women Enterpreuners In The Gauteng province of south

Africa, Vaal University Of Technology , South Afarica eugine tafadzwa mazirini , vaal university of technology , south Africa , international business &Economics research ,vol 14,N.6.

## فەرهەنگەكان

٨٦. بدوى، احمد ذكى(١٩٩٣)، معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية ، مكتبة لبنان .
٨٧. عاطف، غيث محمد(٢٠٠٥)، قاموس علم الاجتماع، دار المعرفة الجامعية الاسكندرية.

## گۆڤارو كۆنفرانس

٨٨. جمعية المحامين والقضاة الامريكين في العراق(٢٠٠٦)، وضع المراة في العراق، مشروع تطوير القانون في العراق ، كانون الاول .
٨٩. الصندوق الاردني الهاشمي(٢٠١٣) ، مشاركة المرأة الأردنية في المشاريع الصغيرة ، عمان ، الأردن.
٩٠. مهدى ، سيد محمد صادق(٢٠٠٨) ، قراءة النقدية لعمل النساء ، حوراء النشرة داخلية لمكتب دراسات وابحاث المراة ، العدد ٨ .
٩١. مجموعة من المؤلفين(١٩٩٩)، المرأة العربية بين ثقل الواقع وتطلعات المستقبل، ط١، مجلة مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت .
٩٢. منظمة العمل الدولية(٢٠٠٩) ، الضعف الرائدات الاعمال الشابات ، دراسة حالة عن الاقتصاد غير الرسمي الاثيوبي، جنيف.
٩٣. الوليدات ، عريب عبدالرحمن(٢٠١٩) ، دور المشاريع الصغيرة في تمكيم المراة الريفية في محافظة مأدبا (٢٠١٠-٢٠١٤) ، دراسات العلوم الامسانية و الاجتماعية ، المجلد ٤٦ ، .

# پاشکۆکان

# پاشكۆی (١)

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانكۆی سلێمانی / كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەكان

بەشی كۆمەڵناسی / قۆناغی ماستەر

## پرسیارنامەكە لە شێوەی كۆتایی

بەڕێز............

ئەم فۆرمەی لەبەر دەستتدایە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەكی زانستیە بە مەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە بواری كۆمەڵناسی ، لە ژێر ناونیشانی (ئاستەنگە كۆمەلایەتیەكانی پێش ژنی خاوەن كار ) ، بەڕێزتان وەك یەكێك لە ئەندامانی نموونەی توێژینەوەكە هەڵبژێردراون ،لە ڕێگای وەلامدانەوەی بەڕێزتان بۆ سەرجەم پرسیارەكانی توێژینەوەكە بەشێوەیەكی ڕاستگۆیانەو سەربەخۆیانە بەشداردەبن لە سەرخستن و دەوڵەمەندكردنی ئەم توێژینەوەیە , دڵنیا لەوەی وەرگرتنی زانیاریەكان تەنها بۆ مەبەستی توێژینەوەی زانستی بەكاردێت و نهێنیتان پارێزراوە .

هاوكاریتان مایەی ڕێزو سوپاسە .....

خوێندكاری ماستەر

ئاڤان فواد فقی صالح

سەرپەرشتیار

پ.ی.د ژیا عباس قادر

**یەکەم : زانیاریە گشتیەکان:**

١. .تەمەن : (            ) ساڵ

٢. .باری خێزانی : ڕەبەن (            ) خێزاندار (            ) جیابوەوە (            ) تاکمردوو (            )

٣. .ژمارەی منداڵ ئەگەر هەیە (            )

٤. .ئاستی خوێندەواری : نەخوێندەوار (            ) دەخوێنێت و دەنوسێت (            ) بنەڕەتی (            ) ئامادەیی (            ) پەیمانگا (            ) زانکۆ (            ) خوێندنی باڵا (            )

٥. .جۆری کار (            )

٦. سەرەتای دەست بەکاربونت لەم کارە کەی بوو ؟

٧. بەتەنها کاردەکەیت: (            ) یان هاوبەشیت له کارەکە (            )

**زانیاری تایبەت بە بابەتی توێژینەوەکە:**

**یەکەم : تەوەرەی تایبەت بە پاڵنەرەکانی بون بە ژنی خاوەن کار**

٨. کام لەم سیفاتانەی خوارەوە لە کەسێتی خۆت بوونی هەیە و هۆکارە بۆ ئەوەی ببیتە خاوەن کار ؟ چۆن ؟ ڕوونی بکەرەوە ؟

ا. متمانە بەخۆبونم (        )

ب. رۆحی سەرکردایتیکردنم تێدایە (        )

ج. هەست بە بونی خۆم دەکەم (        )

د. سیفاتی تر (        )

٩. ئایا خێزان و پەروەردەی خێزانی بە هۆکار دادەنێیت بۆ بونت بە خاوەن کار ؟

بەڵێ (        ) نەخێر (        )

چۆن ؟ ڕوونی بکەرەوە ؟

١٠.ئایا دابین کردنی ژیانێکی ئارام و خۆش گوزەران بۆ خۆت یان ئەندامانی خێزانەکەت هۆکارە بۆ بونت بە ژنی خاوەن کار ؟

بەڵێ (        ) نەخێر (        )

چۆن ؟ ڕوونی بکەرەوە ؟

١١. ئايا خوێندن و پسپۆڕی بەهۆکار دەبینیت بۆ بونت بە  ژنی خاوەن کار ؟

بەڵێ (        ) نەخێر (        )

چۆن ؟  ڕوونی بکەرەوە ؟

١٢.ئایا کەسێک لە ئەندامانی خێزانەکەت هاندەر بووە بۆ بونت بە ژنی خاوەن کار؟

بەڵێ (        ) نەخێر (        )

چۆن  ؟ ڕوونی بکەرەوە ؟

١٣ . ئایا پێشتر کارت کردووە ؟

بەڵێ (      )  نەخێر (        )

ئەگەر وەلامەکەت بەڵێ بوو ئایا ئەو کارەت کاریگەری هەبووە بۆ ئەوەی ببیت بە ژنی خاوەن کار ؟ چۆن ؟ ڕوونی بکەرەوە ؟

١٤ . ئایا کرانەوەی کۆمەلگەو پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا بەرەو ڕووی جیهاندا هۆکارە بۆ بونت بە ژنی خاوەن کار ؟

بەڵێ (        ) نەخێر (        )

چۆن ؟  ڕوونی بکەرەوە ؟

بەڵێ (        ) نەخێر (        )

١٥ . ئایا ئەزموونەکانی ژیانت هاندەر بووە بۆ بونت بە ژنی خاوەن کار ؟

بەڵێ (        ) نەخێر (        )

چۆن ؟  ڕوونی بکەرەوە ؟

**دووەم : تەوەرەی تایبەت بە ئاستەنگەکانی پێش ژنی خاوەن کار**

. ١٦ ڕێگریت هاتۆتە پێش لەلایەن ئەندامانی خێزانەکەتەوە وەک ژنێکی خاوەن کار ؟

بەڵێ (        ) نەخێر (        )

چۆن ؟ ڕوونی بکەرەوە ؟

١٧ . ئایا مانەوەت لەشوێنی کارەکەت ئاستەنگی بۆ دروست کردویت ؟

بەڵێ (        ) نەخێر (        )

چۆن ؟ ڕوونی بکەرەوە ؟

١٨ . ئایا بەڕێوەبردنی کارمەندەکان ئاستەنگی بۆ دروست کردویت ؟

بەڵێ (        ) نەخێر (        )

چۆن ؟ ڕوونی بکەرەوە ؟

١٩. سەردانی دەرەوەی وڵات دەکەیت بەهۆی ئەم کارەوە ؟ هیچ ئاستەنگێکت بۆ دروست بووە لەم ڕووەوە ؟

بەڵێ (        ) نەخێر (        )

چۆن ؟ ڕوونی بکەرەوە ؟

٢٠. ئایا شێوازی پۆشینی جل و بەرگ لە کارەکەتدا ئاستەنگی بۆ دروست کردویت ؟

بەڵێ (        ) نەخێر (        )

چۆن ؟ ڕوونی بکەرەوە ؟

٢١ . ئایا لە کارەکەت گێچەڵی سێکسیت پێکراوە لە کارەکەتدا ؟

بەڵێ (        ) نەخێر(        )

ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێیە هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێنیتەوە ؟ وە ئەم بابەتە بۆتە ئاستەنگ بۆت ؟

٢٢ . تێڕوانینی کۆمەڵگە وەک ژنی خاوەن کار ئاستەنگی بۆ دروست کردویت ؟

بەڵێ (        ) نەخێر (        )

چۆن ؟ ڕوونی بکەرەوە ؟

٢٣ . ئایا ئەندامانی کۆمەڵگە وەک ژنێکی خاوەن کار متمانەی بە تواناکانت هەیە ؟
بەڵێ ( ) نەخێر ( )

ئەگەر وەڵامەکەت نەخێرە ؟ بۆچی ؟ دەتوانی ڕوونی بکەیتەوە ؟

٢٤ .کێبڕکێی هاوپیشەکانت ئاستەنگیان بۆ دروست کردویت ؟

بەڵێ ( ) نەخێر ( )

چۆن ؟ ڕوونی بکەرەوە ؟

٢٥ . ئایا وەک ژنێکی خاوەن کار حکومەت پاڵپشتی دارایتان دەکات ؟

بەڵێ ( ) نەخێر( )

ئەگەر وەڵامەکەت نەخێرە ئەم بابەتە ئاستەنگی بۆ دروست کردویت لە کارەکەتدا ؟

چۆن ؟ روونی بکەرەوە ؟

٢٦ . ئایا ئەو کەسانەی کە بەڕێوەبەرایەتیان دەکەیت لە چ رەگەزێکن ؟ کار ئاسانیان بۆ کردویت ؟

چۆن ؟ روونی بکەرەوە ؟

زۆر سوپاس بۆ ماندوبونت

# پاشکۆی (2)

Kurdistan Federation of Chamber of
Commerce and Industry - Iraq
Sulaimany Chamber
of Commerce & Industry

یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی
هەرێمی کوردستان / عێراق
ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی
غرفة تجارة و صناعة السليمانية

ژمارە: ١٤١٦٦٧
بەروار: ٢٠٢١/٠٤/٢٨

0 010701 416673

بۆ/سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
بابەت / زانیاری

پاش سڵاو :

ئاماژە بەنوسراوتان ژمارە(٧/ ٢٩/ ١٢٢٨)لەرێکەوتی (٥/ ٤/ ٢٠٢١)..

ئاگاداری بەرێزتان دەکەین لەئێستادا (٤٤١)خانم وەك خاوەنکار و بازرگان ناویان تۆما رکراوە لەژوورەکەماندا وەك ئەندام.

لەگەڵ رێزدا ...

د. سلام عبدالله احمد
بەرێوەبەری گشتی ژوور

وێنەیەك بۆ..
دۆسیەی نوسراوە دەرچووەکان

تاڤگە

Kurdistan Regional Government - Iraq - Sulaymania - Salim St
info@sulcci.com sulaimanychamber@yahoo.com
relation@sulcci.com www.sulcci.com
+964 (0) 53 320 3293
+964 (0) 53 320 6845
+964 (0) 53 320 6985
+964 (0) 53 321 0491

# پاشکۆی (3)

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT
Council Of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research
University of Sulaimani Presidency

حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی

زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان
(خوێندنی باڵا)

No.:
Date:

ژمارە: ١٥٤٧/٣٤٩/٢
ڕێکەوت: ٥ / ٤ / ٢٠٢١

بۆ/ یەکێتی ژنانی خاوەنکار

بابەت/ هاوکاری زانستی

سڵاوی زانست...

داواکارین لە بەڕێزتان ڕەزامەندی بفەرموون بە هاوکاریکردنی خوێندکار(ئاڤان فواد فقی صالح)، کە خوێندکاری خوێندنی باڵا(ماستەر)ە لە بەشی (کۆمەڵناسی)ی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠ )، ناونیشانی توێژینەوەکەی (ئاستەنگە کۆمەڵایەتییەکانی بەردەم ژنی خاوەنکار لە کۆمەڵگای کوردیدا) بە سەرپەرشتی (پ.ی.د.ژیا عباس قادر)، ئێستا لەقۆناغی نوسینی توێژینەوەکەیدایە، پێویستی بەهاوکاری بەڕێزتانە ،هاوکاریتان جێگای ڕێزوسوپاسە

لەگەڵ ڕێزدا...

پ.ی.د. ابتسام اسماعیل قادر
راگری کۆلیجی
زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەوەکالەت

وێنەیەک بۆ:

- نوسینگەی ڕاگری کۆلێج ..لەگەڵ ڕێزدا.
- دۆسیەی دەرکردە.

University of Sulaimani - new Campus | Raparin Way | Kurdistan | Iraq

www.univsul.edu.iq e-mail: humanity@univsul.edu.iq

## پوختەی توێژینەوە

ئەگەر ئاورێک لە مێژووی مرۆڤایەتی بدەینەوە دەبینین هەمیشە ژن لە نێو چوارچێوەی ماڵ توانیویەتی ئەو ڕۆڵانەی بۆی دەست نیشان کراوە وەک دایک – هاوژین - کەیبانوی ماڵ، بەباشترین شێوە ئەنجامی بدات سەرکەوتنی بەرچاوی تێدا بینیوە بە تایبەت ئەوەی پەیوەست بووە بە ڕۆڵی دایکایەتی لە بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵ ، بەڵام لەم ساڵانەی دوایی لەگەڵ کرانەوەی کۆمەڵگاکان بە گشتی و کۆمەڵگەی کوردی بە تایبەتی بە ڕووی جیهاندا ژنان توانیان سەرکەوتنی بەرچاو بەدی بهێنن لە ڕۆڵێکی نوێی جیاواز لەوەی پێشوو پیادەیان کردووە ئەویش ڕۆڵیەتی لە بواری گشتی و لەو کارو چالاکیانەی کە بە پیاوانە ناسێنرابون بۆ ماوەیەکی دوور،بەڵام ژنان توانیان شوێن دەستی خۆیان بکەنەوە لە بازاڕی کارو بازرگانیدا ئەگەر چی هێشتا لە زۆر جێگاو ناوچە قبوڵکراو نیە و لە زۆرێک لە کلتورەکان ڕێگریان بۆ دروست دەکرێ لەوەی نەتوانن بە ئازادانە و سەربەخۆیانە کارەکانیان ئەنجام بدەن بەڵام بە ئازایەتی و سوربونیان بە گەیشتن بە ئامانجەکانیان توانیان سەرکەوتنی باش بەدەست بهێنن ، ئەم توێژینەوەیەش هەوڵدانێکە بۆ گەشتن بەو ئاستەنگانەی دێتە پێش ژنانی کۆمەڵگەکەمان لەوەی نەتوانن وەک خاوەن کارو پرۆژە ڕۆڵ بگێڕن بەمەبەستی دەست نیشانکردن و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەی گونجاو بۆ ڕووبەڕوبونەوەی و هاندانی ژنان و کچان بۆ زیاتر ڕووکردنە ئەم بوارەی کارو بازرگانی کە بێگومان سودی گەورەی دەبێت بۆ خودی خۆیان و کەسێتان لەلایەک و بۆ خێزان و کۆمەڵگەش لەلایەکی دیکە ، هەربۆیە کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە دۆزینەوەی وەڵامێکی زانستی بۆ ئەم پرسیارە سەرەکیانە ، کە بریتیین لەوەی ئەو پاڵنەرانە چین وا دەکات ژنێک ببێتە خاوەن کار ؟ ئاستەنگە کلتوری و خێزانیەکان چین لە پێش ژنی خاوەن کار ؟ شوێنەوارەکانی بون بە خاوەن کار لەسەر خودی ژنەکە خۆی و کۆمەڵگە چییە ؟

گرنگترین ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە زانینی پەیوەندی نێوان ژنانی خاوەن کارو ئەو ئاستەنگە کۆمەڵایەتیانەی دێتە ڕێگەیان بە پێی زۆرێک لە گۆڕاوە کۆمەڵایەتیەکانی وەک (تەمەن –باری کۆمەڵایەتی- بڕوانامە- سروشتی کار-بازرگانی-پیشەسازی-خزمەتگوزاری)،ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی چۆنێتیە پشتی بە میتۆدی لێکۆڵینەوەی بار بەستووە و ئامرازی چاوپێکەوتنی بەکارهێناوە ، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە ژنانی خاوەن کار لە شاری سلێمانی و (٤٠) ژنی خاوەن کاری وەک نموونەی توێژینەوەکە وەرگرتووە بەشێوەیەکی مەبەستدار و لە جۆری تۆپەڵە بەفرینە .لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتییە لەوەی زۆربەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە تەمەنیان لە نێوان (٢٥-63) ساڵیدایەو خێزاندارن و لە کارەکانی وەک ( خواردن ئامادەکردن - دیزاینی ماڵ –باخچەو دایەنگا- بەڕێوەبردن – کافتریا) کاردەکەن زۆریان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن پاڵنەری سەرەکی بونیان

به ژنی خاوەن کار پەیوەستە بە شێوازی پەروەردەکردنی خێزانیان و پاڵپشتی خێزان بە تایبەت هاوسەر جگە لە هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی شایستە و خۆشگوزەران بۆ خۆیان و منداڵیان هەروەها بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ئابووری پاڵنەرێکی دیکەیەو خوێندن و بڕوانامەو پسپۆڕی کارئاسانی بۆ کردون .

حكومة اقليم كوردستان
وزارة التعليم العالى و البحث العلمى
رئاسة جامعة السليمانية
كلية العلوم الانسانية
قسم علم الاجتماع

# المعوقات الاجتماعية لسيدات الاعمال

## (دراسة ميدانية في مدينة السليمانية)

من قبل

ئاڤان فواد فقى صالح

رسالة ماجستر مقدمة الى كلية العلوم الانسانية فى جامعة السليمانية كجزء من متطلبات نيل شهادة الماجستر في علم الأجتماع

باشراف

أ.م.د ژيا عباس قادر

٢٧٢٢ ک     ١٤٤٣ ه     ٢٠٢٢ ز

# ملخص البحث

لو ألقينا نظرة على تاريخ الانسانية ، نرى أن المرأة استطاعت أداء الواجبات الموكلة اليها في إطار بيتها، كأم، زوجة، وربة بيت، على أكمل وجه، وقد حققت فيها نجاحات ملحوظة، ولاسيما فيما يتعلق بدورها كأم في تنشئة وتربية أطفالها، إلا أنه في السنوات الأخيرة ومع الانفتاح الكبير الحاصل في حياة المجتمعات عامة وانفتاح المجتمع الكوردي خاصة على العالم الخارجي، فقد استطاعت المرأة أن تحقق نحاجا باهرا في مهمة جديدة ومختلفة عما كانت في السابق، ألا وهي ممارسة دورها في الشؤون العامة والنشاطات التي كانت محسوبة حصرا على الرجال لزمن طويل، حيث استطاعت النساء أن يتركن بصماتهن في سوق العمل والنشاط التجاري. ورغم أنه مازالت هناك عقبات تعترض طريق النساء في الكثير من المناطق والثقافات المختلفة، بحيث لا يتمكن من أداء أعمالهن بحرية واستقلال، إلا أنه بشجاعتهن وإصرارهن على تحقيق أهدافهن، فقد حققن نجاحات كبيرة.

هذا البحث يعد محاولة لتشخيص معوقات التي تقف أمام المرأة في مجتمعنا، لأداء دورها المنشود كصاحبة أعمال ومشاريع خاصة بها، ومن ثم إيجاد الحلول المناسبة لمواجهة هذه العوائق وتشجيع النساء والبنات على الانخراط أكثر في هذا المجال، والذي بلاشك يعود بالنفع عليها من جهة وعلى الأسرة والمجتمع عامة من جهة أخرى .مشكلة هذا البحث تتمثل في إيجاد جواب علمي مناسب للأسئلة الأساسية الآتية : ما هي الدوافع التي تجعل من المرأة صاحبة عمل؟ ماهي المعوقات الاجتماعية والأسرية التي تعترض طريق المرأة بهذا الصدد؟ ما هي الآثار التي يتركها هذا المجال على المرأة صاحبة العمل نفسها وعلى المجتمع ككل؟

أما أهم أهداف البحث فتتمثل في معرفة العلاقة بين النساء صاحبات العمل والمعوقات التي تعترض طريقهن، وفق المتغيرات الاجتماعية مثل (العمر، الحالة الاجتماعية، الشهادة، طبيعة العمل: تجاري- صناعي- خدمي) . هذا البحث هو بحث نوعي يعتمد بالأساس على منهج دراسة الحالة ويستخدم أداة المقابلة، ومجتمع البحث عبارة عن النساء صاحبات العمل في مدينة السليمانية، حيث تم اختيار ٤٠ امرأة صاحبة عمل بصورة مقصودة وبشكل كرات الثلج.

ومن أبرز الاستنتاجات التي خرج بها البحث، هو أن غالبية أفراد عينة البحث تتراوح أعمارهن بين (٢٥-٦٣) سنة، وهن متزوجات ويعملن في مجالات (إعداد الطعام، تصاميم البيوت، دور الحضانة ورياض الأطفال، الإدارة، المقاهي... الخ، كما إن معظمهن يشددن على أن الدافع الرئيس لهن للانخراط في سوق العمل هو طريقة تربية الأسرة والدعم المقدم لهن من أسرهن ولاسيما أزواجهن، فضلا عن التطلع الى ضمان حياة جديرة ورغيدة لهن ولأطفالهن، وكذلك تحقيق الاستقلالية الاقتصادية، كما إن التحصيل الدراسي والشهادات العلمية والتخصص قد ساهمت في تسهيل الأمور عليهن

## Abstract

If we look into human history, we will see that women have always achieved levels of success at roles such as mother, partner, and homemaker set for them within the boundaries of their homes. This success is most prominent within the role of mother as they shoulder most of the responsibilities regarding the raising and the taking care of their child. However in recent years as societies become more open minded in the world and in Kurdistan especially, women have been able to achieve success in the roles they have newly adopted in the workplace and in the broader areas of society that have been open to men for a long time now. Women were very quickly able to leave their mark in plenty of trades and professions even though in many places and societies it is unacceptable for women to partake in such areas and hence face many barriers that limit their freedom to work. Despite such difficulties women have been able to make a lot of progress toward their goals through bravery and determination. The aim of this research is to determine the obstacles that women face in our society that limits their abilities to become job and business owners in order to find the appropriate methods to counteract them. Also this research aims to encourage women to undertake ventures in different trades and professions as it is a benefit not only for them and their families but for the professions and the society as a whole as well. Hence the aim of this research is to find scientific answers to a number of basic questions. Questions such as: what are the factors that push women to become job owners? What are the social and family related obstacles that women face as job owners? What are the effects of women becoming job owners on the society and on the women themselves?

The most important aim of this research is understanding the relation between women job owners and the social obstacles that they

encounter in accordance to social variables such as (age – class – education – work environment – trade – occupation – services). This is a qualitative research that uses the method of analyzing case studies. The interaction with the subjects were made through interviews. The target group of this research are women job owners living in the city of Sulaymaniyah. Forty such women were purposely chosen to be the subjects of the research through a snowball as one subject would introduce me to the next. Among the most important findings of this research is that most of the subjects were aged between 25 – 63 years old and most were married. The kinds of profession that they were in were (Food industry – internal design – kindergartens and daycares – management – cafeteria staff – etc.). The majority of them emphasized that the reasons behind their encouragement to become job owners were related to their upbringings and the support of their families especially that of their husbands along with the want for living a worthy life, certainty of thriving for themselves and their children, and attaining financial independence. They added that education, certifications, and expertise eased their way forward

Kurd Regional Government
Ministry of Higher Education and Scientific Research
University of Sulaimani
College of Humanities
Sociology Department

# Social Obstacles for Business women

## (A field Study in Sulaimani )

BY

**Avan fuad faqi salih**

Submitted to the Council of College of Humanitarian science in Sulaimani University in Partial fulfillment of the Requirements for the degree of Master in Sociology

Supervised by

Assistant professor

Dr. zhiya Abas Qadir

D 2022 H 1443 k 2722